# وائیل کەفوری و یارا حەز دەکەن بێنە کوردستان

**ڕووداو– بەیروت**

هەردوو هونەرمەندی لوبنانی، وائیل کەفوری و یارای خانمە ئەستێرەی تازەهەڵکەوتوو، بە (ڕووداو)یان ڕاگەیاند کە حەزدەکەن بۆ ئاهەنگگێڕان بێنە کوردستان.

یارا کە هاوشانی کەفوری ئامادەی فێستیڤاڵێکی کۆمپانیای LGی کۆری بوو لەشاری بەیروت، خۆشەویستی خۆی بۆ هۆگرانی دەنگی لە کوردستان دەربڕی و گوتی "خەڵکێکی زۆر لە کوردستانەوە پەیوەندییان پێوە کردووم و خۆشەویستی و سەرسامی خۆیان دەربڕیوە"، لەبەر ئەوە هیوای خواست لەنزیکەوە ئەو جەماوەرەی ببینێ و گوتی "ئەگەر بانگ بکرێم حەز دەکەم بێمە کوردستان".




هەروەها وائیل کەفوری تۆپستاری گۆرانی لوبنانیش لەڕێگەی (ڕووداو)ەوە ئامادەیی خۆی نیشاندا، کە بێتە هەولێر بۆ گێڕانی ئاهەنگ.

8

# مانگانە 15 کچ ڕادەکەنە سەنتەرێکی هەولێر

**ڕووداو –هەولێر**

نیگار بەکر، بەڕێوەبەری سەنتەری نەوا لە هەولێر ڕایگەیاند کە مانگانە 15 کچی هەڵاتوو ڕوو لەسەنتەرەکەیان دەکەن و گوتیشی "ئەوانەی هەڵدێن هەموویان هەرزەکارن"، ناوبراو ئاشکراشیکرد کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا 7 کچ دوای ئەوەی کەسوکاریان بەڵێننامەیان پڕکردووەتەوە کە ژیانیان پارێزراو بێت، لە سەنتەرەکەیان براونەتە دەرەوەو دواتر لەلایەن کەسوکارییانەوە کوژراون. نیگار بەکر گوتیشی "زۆربەی ئەو کچانەی لەماڵ هەڵدێن بەدزی ماڵەوە مۆبایلیان هەڵگرتووەو دواتر لێیان ئاشکرا بووە". لە چوار مانگی سەرەتای ئەمساڵدا، 63 ژن لە هەولێر، 34 ژن لە سلێمانی و 33 ژن لە دهۆک، پەنایان بردووەتە بەر سەنتەرەکانی داڵدەدانی ژنان.



10

# دوێنێ بەعسییەکان و ئەمڕۆش داخ لە دڵەکان پەلامارم دەدەن

**ڕووداو– سلێمانی**

د.ڕەفیق سابیر کە یەکێکە لە پاڵێوراوانی لیستی کوردستانی بۆ پەرلەمان، لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ڕایگەیاند کە لیستەکەیان دەتوانێ 60 تا 65 کورسی بەدەستبێنێ. ئەو لەگەڵ ئەوەی ڕایگەیاند کە هیچ لایەنێک بە ڕکابەری مەترسیداری لیستی کوردستانی نازانێ، بەڵام گوتی "ڕەنگە لە سلێمانی لیستی گۆڕان و لە دهۆک لیستی ئیسلامی ڕکابەری جیدی لیستی کوردستانی بن". ڕەفیق سابیر کە بەهۆی بەشداریی لەلیستی کوردستانی، زیاتری پاڵێوراوەکانی دیکە بەرەوڕووی ڕەخنەو هێرش بووەوە، گوتی "ڕەنگە ئەمە بەشێک بێت لە چارەنووسی من، ڕۆژگارێک بەر پەلاماری بەعس دەکەوتم و ئەمڕۆش بەر پەلاماری هەندێک کەسی داخ لەدڵ".



4


ژمارە (66)
پێنجشەممە 2009/7/9
18ی پووشپەڕ 2709
(750) دینار
Rûdaw
ڕووداو
خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت
www.rudaw.net


## ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی:

# لیستی گۆڕان بە هاوشانی خۆمان نازانین چونکە چالاکی و ناوچەو خەڵکیان سنووردارە

## یانەی شەوان و مەی خواردنەوە لە یانە و ماڵ بەلامانەوە ئاساییە هەبێت



**تایبەت بە ڕووداو**

سەرۆکی لیستی چوار حیزبەکە و ئەمینداری یەکگرتوو ڕایگەیاند ئەوان 25تاوەکو 40 کورسی پەرلەمان دێنن ئەگەر هەڵبژاردنەکە بە پاکی بەڕێوە بچێت، گوتیشی لیستی گۆڕان بەهیچ شێوەیەک هاوشانی ئەوان نییە. ئەمینداری یەکگرتوو پەسنی حکومەتی ئێستای تورکیای داو، گوتیشی ئەگەر ئەوانیش بێنە سەر دەسەڵات ڕێ لە بوونی یانەی شەوان و مەی خواردنەوە ناگرن لە نێو ماڵ و یانەکان دا.

ڕۆژنامەنووسی هۆڵەندی ڤلادیمێر ڤان ویلخنبروخ، کە هاوکاری (ڕووداو)ە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ سەلاحەدین محەممەد بەهائەدین، ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، کە بۆ ماڵپەڕی هۆڵەندی rudaw.nl و بەشی ئینگلیزی ڕووداونێت و ڕۆژنامەی (ڕووداو) ئەنجامیداوە، ئەمینداری یەکگرتوو باسی هەڵبژاردنەکانی کوردستان و بیرکردنەوەو پەیوەندییەکانی یەکگرتوو دەکات.

ئەمینداری یەکگرتوو، سەبارەت بە پێشبینییەکانی بۆ ئەنجامەکانیان لەو هەڵبژاردنەدا دەڵێ، لەبەر ئەوەی خەڵک زیاتر وشیاربووەو پارتی و یەکێتیش زۆرتر تێگەیشتوون کە ئەو پێشێلکاری و تەزویرە خزمەت ناکات، ئومێدمان وایە پرۆسەکە بە پاکی و سەلامەتی بگوزەرێت"، دەڵێ ئەگەر بەو شێوەیە بێت پێشبینی دەکەن لە 25 تاوەکو 40 کورسی بێنن. سەبارەت بە پاش هەڵبژاردنیش دەڵێ لەوانەیە ببنە هاوپەیمانی لیستی گۆڕان یان پارتی و یەکێتی چونکە وەک ئەو دەڵێ " لەوانەیە پارتی و یەکێتی لێک جیاببنەوە بڕواناکەم تا سەر کۆک بن "، یان لەگەڵ لیستی گۆڕان ببنە هاوپەیمان، چونکە وەک ئەو دەڵێ ئامادەنین بۆ جوانکاری بەشداری حکومەت بکەن، تەنیا وەک شەریک ئامادەن بەشداربن. هەروەها بە بڕوا بەخۆبوونێکی زۆرەوە وای بۆدەچێ لەوانەیە پارتی و یەکێتی نەتوانن ئەو زۆرینەیە بێنن کە هەردووکیان بەتەنیا بتوانن حکومەت دروستبکەن " لەوانەیە پارتی و یەکێتی نەتوانن بەبێ ئێمە حکومەت دروست بکەن". هەروەها دەڵێ پانتایی بوونی جوگرافی و قەوارەی جەماوەری لیستی گۆڕان زۆر لەوان بچووکترە کە بەهیچ شێوەیەک هاوشانی یەکتر نین " ئێمە لە واقیعدا کێبڕکێ لەگەڵ لیستی کوردستانی دەکەین نەک گۆڕان، ئەوان بەڕەفیقی خۆمان نازانین، چونکە چالاکی و ناوچەو خەڵکیان سنووردارە". ئەو دەڵێ بەپێی ڕای هەندێ لە چاودێران بە جیا لیست دروستکردنی نەوشیروان مستەفا و د.هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد سیناریۆیەکی یەکێتییە و، پارتیش لەوە دەترسێ کە بەوشێوەیە هاوکێشەکان بگۆڕدرێن، بەڵام" من بەو شێوەیەی نابینم" کە سیناریۆ بێت بۆ کەمکردنەوەی دەنگی ئیسلامییەکان.

ڤلادیمێر لە ئەمینداری یەکگرتوو دەپرسێ ئەوکاتەی لە تورکیابووم بەیانیان زوو لەبەرامبەرم مزگەوتێک هەبوو بە بانگی مزگەوتەکە لە خەو هەڵدەستام لەو بەریشمەوە یانەیەکی شەوان هەبوو خەڵکێکی زۆر شەو دەچوونە ئەوێ. ئێستاش لەتورکیا کە حیزبی داد و گەشەپێدان دەسەڵاتدارە، یانە هەیەو خەڵک مەشروب دەخواتەوە، ئەگەر ئێوە هاتنە سەر حوکم کراوە دەبن بەرامبەر یانەی شەوان و خواردنەوە، ئەویش دەڵێ ئەوان بڕوایان بە ئازادی مرۆڤ هەیە " ئەگەر کۆمەڵێک خەڵک داوای ئەو یانەیە بکەن بەو مەرجەی کاریگەی سلبی لەسەر ئازادی گشتی نەکات ئاساییە، هەرکەس موشتەری خۆی بەو مەرجەی ئازادی خەڵک پێشێل نەکات و ئادابی گشتی ڕەچاو بکرێت. کابرا لەماڵی خۆی یان لە یانەیەک دەخواتەوە ئەوە دەکرێت، بەڵام بێت لەسەر شەقامەکان شەڕ فرۆشی بکات ئەوە ناکرێت. ئێمە لێرە وا بەنێوبانگین لەگەڵ حیزبی داد و گەشەپێدان پەیوەندیمان خۆشە. ئێمە وەک ئەزموونێکی سەرکەوتوو تەماشای دەکەین".

7

## محەممەد تۆفیق ڕەحیم، لە لیستی گۆڕان:

# نەوشیروان مستەفا مونازەرە ناکات

**تایبەت بە ڕووداو**

محەممەد تۆفیق ڕەحیم، ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمپانیای وشە و پاڵێوراوی لیستی گۆڕان، ڕایگەیاند نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی لیستەکەیان بەشداری هیچ مونازەرەیەک ناکات. ڕێکخراوێکی ئەمریکیش دوێنێ مونازەرەیەکی بۆ لیستی کوردستانی و گۆڕان و چوار حیزبەکە کرد.

محەممەد تۆفیق ڕەحیم،لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) گوتی ئەوان وتەبێژیان هەیە، کە د.شاهۆ سەعیدە، داوای هەر مونازەرەیەکیشیان لێبکرێ وتەبێژی لیستەکە یان یەکێک لە کاندیدەکانی لیستەکەیان بەشداری مونازەرەکە دەکات "بەڵام کاک نەوشیروان مونازەرە ناکات".

دوێنێ پەیمانگەی کۆماری نێودەوڵەتی IRI مونازەرەیەکی بۆ هەر سێ لیستی کوردستانی، گۆڕان و خزمەتگوزاری و چاکسازی ڕێکخست. فازڵ عومەر وتەبێژی لیستی کوردستانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "من، وەکو وتەبێژی لیستی کوردستانی و د.جەعفەر، بەناوی لیستی گۆڕان و ڕزگار ناوێکیش بەناوی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی بەشداری مونازەرەکەمان کرد"، ناوبراو گوتیشی "مێزگردەکە یەک کاژێری خایاند و زۆر سەرکەوتوو بوو و هیچ گرفتێک ڕوونەدا".

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، ڕێکخراوی IRI هەوڵیداوە مونازەرەکە بۆ سەرۆکی هەر سێ لیستەکە، نەوشیروان مستەفا و د.بەرهەم ساڵح و عومەر عەبدولعەزیز ڕێکبخات. بەڵام وەک سۆزان شەهاب، وتەبێژی لیستی کوردستانی بۆ (ڕووداو) گوتی "لیستی گۆڕان گوتیان ئێمە سەرۆکی لیست نانێرین تەنیا وتەبێژ ڕەوانە دەکەین". سۆزان گوتیشی ئەگەر سەرۆک لیستەکان ئامادەی مونازەرەکان بن، ئەوا د.بەرهەم ساڵح ئامادەیە بۆ مونازەرە کردن.

3




## مێردمنداڵێک لەنێو زیندان دا سووتا

# کەسووکاری دەڵێن لە خەودا سووتێنراوە

**ڕووداو–کۆیە**

گەنجێکی تەمەن 15 ساڵان لە نێو زیندانی پۆلیس لە کۆیە سووتاو، کەسوکاری گومان دەکەن کە سووتێندرابێت نەک بە خۆی خۆی سووتاندبێ. هەروەها دەڵێن بەهۆی بەبێ تاوانی هێشتنەوەی لە زیندان سکاڵا لەسەر دادوەر و پۆلیس تۆمار دەکەن.

هیوا نادر ساڵح، تەمەن15 ساڵ، دانیشتووی شارۆچکەی تەقتەق، 39 ڕۆژ بەر لە سووتانی، بە تۆمەتی کوشتنی کەسێک لەگەڵ سێ کەسی دیکە ئەوکاتەی گاوان دەبێ لە دەشت دەستگیردەکرێ. دواتر یەکێک لەدەستگیرکراوەکان دان بە ئەنجامدانی تاوانی کوشتنەکە دادەنێ، بەوشێوەیە دوو گیراوەکەی دیکە ئازاد دەکرێن، بەڵام هیوا لە زیندان دەهێڵدرێتەوە. هەروەک کەسوکاری دەڵێن دادوەر پێیگوتوون بەهۆی ئەوەی ئیفادەی بە دوو جۆر داوە، لەگەڵ ئەنجامدەری سەرەکی تاوانەکە لە زیندان هێڵدراوەتەوە.

هیوا کاژێر 2ی شەوی 2009/7/6 لەنێو گرتووخانەی پۆلیس لە شارۆچکەی کۆیە سووتاو گیانی لەدەستدا.

هەرچەندە پۆلیس بە کەسوکارەکەی ڕاگەیاندووە، کە هیوا بەخۆی خۆی سووتاندووە، بەڵام قاسم کە برا گەورەی هیوایە گومانی لە ڕووداوەکە هەیە و لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "ئەوان گوتیان لە حەمام سووتاوە، بەڵام تەنیا دەرگەی حەمامەکە ڕەش بووە، شتەکانی سەر قەرەوێڵەکەی سووتاوە، بۆیە گومان لە سووتانی دەکەین، چونکە ئەو شەوە بکوژەکەش لەو ژوورە بووە کە هیوای تێدابووە". قاسم گوتیشی "براکەمیان لە خەودا سوتاندووە، ئەگەر وا نییە بۆچی نەیانکوژاندووەتەوە، چۆن ئەو نەوتە گەیشتووەتە ئەوێ".

نازم کە کوڕە خاڵی هیوایە دەڵێت "هیوا دوای خۆی نامەیەکی جێهێشتووە ئێستا نامەکە لەلای دادوەرە و لە نامەدا دەڵێت: لەبەر ئەوەی بە ناعەدالەتی گیراوم بۆیە خۆم دەسووتێنم". پۆلیسی کۆیە ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک لەوبارەوە بدات، بەپاساوی ئەوەی لیژنەی بەدواداچوونی ڕووداوەکەیان پێکهێناوەو لێکۆلینەوەی تەواو نەبووە.



11

## بەڕێوەبەری گشتیی کەشناسی کوردستان:

# ئەمساڵ تەنیا لە سلێمانی وشکەساڵییە

**ڕووداو–هەولێر**

بەڕێوەبەری گشتیی کەشناسی کوردستان ڕایگەیاند کە ئەمساڵ بە تێکرایی لەپارێزگای هەولێر و دهۆک وشکەساڵی نییە، بەڵام لە سلێمانی وشکەساڵییە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی بەڕێوەبەرایەتی کەشناسیی کوردستان کە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران نێردراوە، دەرکەوتووە لە پارێزگای سلێمانی وشکەساڵییە، چونکە ئەمساڵ بە بەراورد بە شەش ساڵی ڕابردوو ڕێژەی باران بارین لە 65% زیاتر نەبووە کەواتە وشکە ساڵییە. بەپێی ڕاپۆرتەکە ڕێژەی باران بارین لەپارێزگای هەولێر 67% و لەپارێزگای دهۆک 69%یە، بەڵام لەپارێزگای سلێمانی 54%بووە. بەڵام لە پارێزگای هەولێریش لەهەندێ ناحیە وشکەساڵی هەیە وەک شارۆچکەی پیرمام و خەبات.

حەسەن وەهاب، بەڕێوەبەری گشتیی کەشناسی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەگەر تێکڕای پارێزگای هەولێر و دهۆک وەربگرین وشکەساڵی نییە، بەڵام لەسلێمانی وشکەساڵییە، چونکە تێکڕای باران بارین لەو پارێزگایە 63%یە، بەپێی پێوەری زانستی ئەگەر ڕێژەی باران بارین لە 65% زیاتر بێ وشکە ساڵی نییە".

وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاویش دەڵێ ئەمساڵیش وشکە ساڵییە. عەلی ڕەشید، بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لە وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو، ئاماژەی بەوەداکە لە ئێستاوە پارە تەرخان دەکرێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی وشکەساڵی "زۆر لەکانیاوەکان وشک بوون، بۆ ناوچەی کۆیە ڕەزامەندی خەرجکردنی 600 ملیۆن دینار دراوە، بۆ وشکە ساڵی"، عەلی ڕەشید گوتیشی "ئەمساڵ وشکە ساڵییە، بەڵام تاوەکو ئێستا بەفەرمی ڕانەگەیێنراوەو دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران ئەوە ڕابگەیێنێ".

2

# ڕاپۆرتە هەواڵ

## 7 زیندانی ماوەی 8 ساڵە بەبێ دادگایی لەزیندانەکانی کوردستاندان



ڕووداو- هەولێر
شوان محەممەد عەزیز، وەزیری مافی مرۆڤ، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا لە هەولێر، ڕایگەیاند کە 7 بەندکراو لەزیندانەکانی کوردستاندا هەن، ماوەی 8 ساڵ بەسەر ڕاگرتنیاندا تێپەڕیوە و تائێستا دادگایی نەکراون. ڕاشیگەیاند کە هەر 7 گیراوەکە خەڵکی هەرێمی کوردستانن و لەسەر ئەو مەسەلانە گیراون کە پەیوەندییان بە تیرۆرەوە هەیە، بەڵام دادگا ناتوانێ بەیاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دادگاییان بکات، چونکە ئەوانە پێش دەرچوونی یاساکە گیراون.



### کۆمپانیایەکە دەڵێ بەغدا کێشەکەی دروستکردووە

# 200 کوردی ئەوروپا لە هەولێرو سلێمانی بەهۆی کۆمپانیایەکەوە گیرۆدەبوون



فڕۆکەخانەی سلێمانی

**ڕووداو–سلێمانی**

ماوەی دوو هەفتەیە زیاتر لە 200 هاووڵاتی کوردی دانیشتووی ئەوروپا لە فڕۆکەخانەی هەولێرو سلێمانی گیریان خواردووە، کە بلیتی کۆمپانیای (ڕیس نو)یان بڕیوە لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ کوردستان بۆ هاتن و چوونەوە. بەشێک لەو هاووڵاتیانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لەسوێد پێیانگوتراوە "کۆمپانیاکە ئیفلاسی کردووە"و، دەترسن لەوەی پارەکانیان بفەوتێت، بەرپرسی نووسینگەی سلێمانی (ڕیس نو)یش ئەوە ڕەتدەکاتەوە ئیفلاسیان کردبێ و کێشەکە دەخاتە ئەستۆی بەغدا.

مستەفا ڕەحیم، دانیشتووی ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد، ماوەیەکە بە بلیتی (ڕیس نو) بەسەردان گەڕاوەتەوە هەرێمی کوردستان و ئێستا دەیەوێ بگەڕێتەوە سوێد. مستەفا دەڵێ "ئێمە ڕۆژانە سەردانی نووسینگەکانی ئەو کۆمپانیایە دەکەین تابگەڕێینەوە، بەڵام هەر دەستی دەستیمان پێدەکرێت". گوتیشی "لەسوێدەوە پێیانڕاگەیاندم ئەو کۆمپانیایە ئیفلاسی کردووەو ماوەی هەفتەیەکە فڕۆکەی نەهاتووە".

زوار و زەهرا مەلەکی، خەڵکی خانەقینن، بەهەمانشێوە لەسوێدەوە بەڕێگەی ئەو کۆمپانیایە گەڕاونەتەوە، ئەو دوو هاووڵاتییە کە لە نووسینگەی سلێمانی کۆمپانیای ناوبراو دانیشتوون و چاوەڕوانی چارەنووسی بلیتەکانیان دەکەن دەڵێن بێزاربووین و ڕۆژانە لەخانەقینەوە هاتووچۆ دەکەین تا شتێک لە کاتی چوونەوەکەمان بزانین. زوار مەلەکی گوتی "وەڵامی کۆتاییمان نادەنەوەو نازانین لای کێ سکاڵا بکەین".

ئەو هاووڵاتییە کوردانە کە بە مۆڵەت وەرگرتنێکی دیاریکراو لە خاوەن کارەکانیان لە سوێد گەڕاونەتەوە، ئێستا بەهۆی دواکەوتنیان ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە کارەکەیان لە سوێد لەدەستبدەن. ئەوەش لەوکاتەدا کە هەموو جیهان بەهۆی تەنگژەی ئابووری، بێکاری بەرادەیەکی زۆر زیاتر لە جاران تێیدا پەرەی سەندووە، زیاتر خەمگینی کردوون.

عەبدولرەزاق فەتاح، بەرپرسی نووسینگەی سلێمانی ئەو کۆمپانیایە ڕەتیکردەوە کێشەکە لای ئەوان بێت و دەڵێ "ئێمە تەنها حەوت بلیتمان بڕیوەو ئەوانەی کێشەیان هەیە لەنووسینگەکانی ئەوروپا بلیتیان بڕیوەو پێویستە ئەوان پارەکەیان بۆ بگێڕنەوە". گوتیشی "ڕۆژانە پەیوەندی دەکەین و نازانین چی بڵێین، ئێمە ناتوانین بڵێین بەیانی یان دوو بەیانی سەفەر دەکەن". سەبارەت بە چارەسەری کێشەکەش عەبدولرەزاق فەتاح گوتی "یان دەبێ گەشتیار ئارام بگرێ، یان پارەکەی وەربگرێتەوەو لە ڕێگەی کۆمپانیای دیکەوە سەفەر بکات".

کۆمپانیای (ڕیس نو) کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانی مەدەنییەو خاوەنەکانی هەموویان کوردن. وەک عەبدولرەزاق فەتاح باسی دەکات کێشەکە ئەوەیە ماوەیەکە ئەو کۆمپانیایە فڕۆکەیەکیان کڕیوە، بەڵام بەغدا مۆڵەتی کاری پێنادات و کێشەی بۆ دروستکردووە، لەکاتێکدا نووسراوی پشتگیری هەریەک لەهێڵی فڕۆکەوانی مەدەنی سوریا و دانیمارکی هەیەو بۆ هەرسێ هێڵی هەولێرو بەغداو سلێمانی کاردەکات. گوتیشی "کێشەی ئێمە ئەوەیە کە خەڵکێکی زۆر لەسوێد و دانیمارکەوە هاتووەو پارەی داوە بەنووسینگەکانی سوێد و دانیمارک و ئەوانەش کێشەیان لەگەڵ ئەو نووسینگەیە هەیە کە بلیتەکەیان لێکڕیوە".

شۆڕش خۆشناو، بەڕێوەبەری نووسینگەی هەولێری کۆمپانیای ڕیس نو، لەبارەی کێشەکە گوتی "باحکومەت چارەسەری کێشەکە بکات، چونکە کێشەکە بەغدا دروستیکردووە". هەرچەندە یەکێک لەو هاووڵاتیانەی کێشەی هەیە گوتی"پێشتر شۆڕش خۆشناو بەناوی کۆمپانیایەکی دیکەوە پارەی خەڵکی خواردووە"، بەڵام خۆشناو ڕەتیکردەوەو گوتی "کێشەی لەم شێوەیە پێشتر لای ئێمە نەبووە"، گوتیشی "ئێمە بەبەردەوامی لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکەداین".

### بەڕێوەبەری گشتیی کەشناسی:

# ئەمساڵیش وشکە ساڵییە



**ڕووداو–هەولێر**

بەپێی ئامار و زانیاریی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کەشناسی کوردستان، ئەمساڵیش هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی وشکەساڵی بووەتەوە چونکە باران بەپێی ڕێژەی پێویست نەباریوە.

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کەشناسی و بوومەلەرزە لە کوردستان، لە 30 لاپەڕەدا ڕاپۆرتێکیان بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ئامادەکردووەو لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوە دەخەنەڕوو کە لە چەند ناوچەیەکی کوردستان وشکەساڵییە. لە ڕاپۆرتەکەدا تێکڕای ڕێژەی باران بارین لە شەش ساڵی ڕابردوودا لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان، جگە لە ساڵی ڕابردوو چونکە وشکە ساڵی بووە، وەرگیراوەو پاشان بەراورد کراوە بە ڕێژەی باران بارینی ئەمساڵ.

بەپێی ئەو پێوەرە زانستییەی کە دانراوە ئەگەر ڕێژەی باران بارینی ئەمساڵ (مانگی 2008/9تاوەکو 2009/5) بە بەراورد بە شەش ساڵی ڕابردوو 65% زیاتر بووایە، ئەوکات ئەمساڵ بە وشکە ساڵی دانەدەنرا، بەڵام چونکە بەگشتی کەمترە کەواتە وشکە ساڵییە.

حەسەن وەهاب، بەڕێوەبەری گشتیی کەشناسی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەمساڵ زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دووچاری وشکەساڵی بوون، تەنیا لە ڕوانگەی کشتوکاڵیشەوە وەریناگرین، دەبێت ڕێژەی باران بارینی ئەمساڵ لەگەڵ تێکڕای باران بارینی چەند ساڵی ڕابردوو بەراورد بکەین، ئەگەر زانیمان ڕێژەی باران بارینەکە لە 65% بۆ سەرەوە بوو بە وشکەساڵی دانانێین، ئەگەر 65% کەمتر بوو ئەوە مانای وایە ئەو ناوچەیە دووچاری وشکە ساڵی بووە".

ئەگەرچی تێکڕای باران بارین لە هەرێمی کوردستاندا بە بەراورد بەچەند ساڵی پێشووتر لە ڕێژەی 65% کەمترە، بەڵام لەچەند ناوچەیەکیش زیاترە، بەپێی ڕووپێوەکەی بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی، تێکڕای باران بارین لەپارێزگای هەولێر بە بەراورد بەساڵانی پێشووتر لە 67% بووەو ئەم ڕێژەیەش لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکەی ئەو پارێزگایە گۆڕانی بەسەرداهاتووە، لەناو هەولێر 70% بووە، لە پیرمام و خەبات و عەینکاوە 64%ە، لە بنەسلاوە 56%ە و لە شۆڕشیش 54%ە، بەڵام تێکڕای ڕێژەکە بە بەراود بەساڵانی پێشووتر گەیشتووەتە 67%. حەسەن وەهاب، دەڵێت "ئەگەر تێکڕای هەولێر وەرگرین وشکە ساڵی نییە، بەڵام ئەگەر وردی بکەینەوە بۆ نموونە لە خەبات و پیرمام و بنەسلاوە وشکە ساڵییە".

بەپێی ڕووپێوەکەی بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی، ڕێژەی باران بارین لە پارێزگای سلێمانی بە بەراورد بە چەند ساڵی پێشووتر جگە لە ساڵی ڕابردوو، 54% و لە پارێزگای دهۆکیش 69% بووە.

بەڕێوەبەری گشتیی کەشناسی، دەڵێت " لە پارێزگای سلێمانی بەگشتی وشکە ساڵییە و پارێزگای هەولێر و دهۆک وشکە ساڵی نییە، بەڵام لەنێو پارێزگای سلێمانیدا لە چەند ناوچەیەک وشکە ساڵی نییەو لە هەولێرو دهۆکیش لە چەند ناوچەیەک وشکە ساڵییە، بەڵام بۆ ئەوەی پێوەرێکی فەرمی هەبێت تێکڕایەک بۆ کوردستان هەمووی وەردەگرێت و ئەوجا بڕیار دەدرێت. بۆ تەواوی کوردستانیش ڕێژەی باران بارین بە بەراورد بە چەند ساڵی پێشوو 63.6%بووە، کەواتە ئەگەر بەتێکڕایی وەریبگرین ئەمساڵ وشکە ساڵییە".

ساڵی ڕابردوو حکومەتی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکە ساڵی زیاتر لە 80 ملیۆن دیناری تەرخانکرد، بەڵام تاوەکو ئێستا بەفەرمی بۆ ئەمساڵ وشکە ساڵی ڕانەگەیاندووەو هیچ بڕە پارەیەکیشی بۆ تەرخان نەکردووە.

حەسەن وەهاب، دەڵێت "ئەرکی ئێمە نییە بەفەرمی ڕایبگەیێنین کە وشکە ساڵییە، ئەوەی لەسەرمانە ئەو ڕاپۆرتانەی ئامادەی دەکەین ساڵانە دەینێرین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لێکۆڵینەوەی لە بارەوە دەکەن و ئەوان خاوەن بڕیارن بۆ ڕاگەیاندنی وشکە ساڵی".

عەلی ڕەشید، بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان، لە وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە بە نووسراوێکی فەرمی داوایان لەئەنجوومەنی وەزیران کرد کە لیژنەی وشکە ساڵی باڵا دروستبکرێتەوە، ئاگاداری گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە وەزارەتەکەی خۆیان کردووەتەوە کە خۆیان ئامادە بکەن بۆ وشکەساڵی.

عەلی ڕەشید، ئاماژەی بەوەدا کە لەئێستاوە پارە تەرخان دەکرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی "زۆر لەکانیاوەکان وشک بوون، بۆ ناوچەی کۆیە ڕەزامەندی خەرجکردنی 600 ملیۆن دیناری هاتووەتەوە، بۆ پارێزگای دهۆک نووسراو ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کراوەو بۆ ناوچەی گەرمیان و سلێمانیش نووسراو ئامادەکراوە". عەلی ڕەشید گوتیشی "ئەمساڵ وشکە ساڵییە، بەڵام تاوەکو ئێستا بەفەرمی ڕانەگەیێنراوە".

# پۆلیسی بەریتانی دەڵێ هێرۆیین لە کوردستانەوە بۆ بەریتانیا چووە

### فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانی تورکی هێرۆین دەگەیێنێتە فڕۆکەخانەیەکی لەندەن

**ڕووداو–بەریتانیا**

بەپێی هەواڵی ماڵپەڕێکی بەریتانی، پۆلیسی بەریتانی بۆی ئاشکرا بووە کە باندێکی بازرگانیکردن بە مادده بێهۆشکەرەکان ویستوویانە 10 کیلۆ هێرۆین ببەنە نێو بەریتانیاوە، کە بەشێکی لە هەرێمی کوردستانەوە چووە.

بەپێی ئەو هەواڵە، هێرۆیینەکە بەچەندین شێوە پێچرابووەوە بۆ نموونە هەندێکی خرابووە نێو بارە فەرشەوە، هەندێکی دیکە خرابووە نێو چاکەتەوە و هەندێکیش خرابووە نێو بۆدرەی منداڵانەوە.

هەربە پێی ماڵپەڕی thetelegraphandargu، ئەنسار مەحموود، کە یەکێکە لەو تۆمەتبارانەی دەستگیرکراوە، ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە کە لەمانگی 2008/1 تاوەکو2009/4/25 ماددەی قەدەخەکراوی بێهۆشکەری هێنابێتە نێو ئەو وڵاتەوە.

تۆم ستۆری، داواکاری گشتیی ئەو کەیسە ڕایگەیاند کە کەسێکی دیکە بەناوی حەمید خان، 30 ساڵ، دانی بەو تاوانەدا ناوەو ناوبراو ئەوەشی درکاند کە هەندێکی دیکەش بەشداریان لەو پیلانەدا کردووە، بەڵام هێشتا نەهاتوونەتە بەردەم دادگا.

پیلانەکەش بریتیی بووە لە بازرگانیکردن بەمادده بێهۆشکەرەکانەوە لە شارەکانی برادفۆرد و بۆرنلی لە بەریتانیا لە سەرەتای ساڵی ڕابردوو، هەروەها دادگاکە ئەوەشی بۆ ئاشکرا بووە کە ئەو بڕە مادده بێهۆشکەرە لە 2008/4/18ەوە گەیشتووەتە بەریتانیا و لە فڕۆکەخانەیەکی کوردستانەوە و لەنێو فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانی تورکی خراونەتە نێو فەرشی پێچراوەوە. تۆم ستۆری ئەوەشی درکاند کە ئەو بارە فەرشە بۆ ناونیشانی ماڵی حەمید خان ڕەوانە کراوە.

بەرپرسانی فڕۆکەخانەکەش، بۆ پشکنینی ئەو بارە، ئاسنێکی گەورەیان کردووە بەنێو فەرشە پێچراوەکاندا و پاشان بۆیان دەرکەوتووە کە هێرۆینی تێدایە. پاشان هێزەکانی پۆلیس خۆیان کردووەتە بارهەڵگر بۆ ئەوەی ئەو بارە فەرەشە بۆ ماڵی حەمید خان بگوازنەوە، بەوشێوەیە لەوێ توانیویانە حەمید خان و ئەنسار مەحموودیش دەستگیر بکەن.

بەڵام لەبەردەم دادگا، مەحموود ڕایگەیاند کە ئەو هیچ پەیوەندییەکی بەو کارەوە نییە و ئەو تەنیا وەکو هاوڕێ لای حەمید بووەو هیچ ئاگای لەو مەسەلەیە نییە. بەمشێوەیەش دادگاییەکە هەتا ئێستا بەردەوامە.

قادرحەمەجان، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی لە سلێمانی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەو هیچ ئاگاداری کاروباری ئاسایش نییە لە ساڵی ڕابردوودا، چونکە ئەمساڵ بووەتە بەڕێوەبەری ئاسایش.

هەروەها عیسمەت ئەرگۆشی، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی لە هەولێر، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی" ئەو هەواڵە هیچ بنەمایەکی نییە کە هەرێمی کوردستان یەکێک لە سەرچاوەکانی ئەو هێرۆینە بووبێ و ئێمەش هیچ ئاگادار نین، زۆرجار هەوڵی بردنی مادە بێهۆشکەرەکان دراوە لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە، بەڵام هەمووجارێک گیراوە، ئەگەر لەتورکیاشەوە چووبێت ئەوە شتێکی دیکەیە و ئێمە ئاگادار نین".



### کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان:

# بەغدا پارەی بۆ زیندانیانی سیاسی نەناردووە

**ڕووداو- هەولێر**

کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان ڕەتیدەکاتەوە هیچ بڕە پارەیەک لە وەزارەتی دارایی عێراقەوە بۆ زیندانیانی سیاسی کوردستان ڕەوانەکرابێت. ڕاشیگەیاند کە لەمەودوا زیندانیانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەسەر بودجەی 17%ی کوردستان یارمەتییەکی مانگانە وەردەگرن.

نەجمەدین حەمەسەعید کارگێڕی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان لەبارەی ئەو دەنگۆیەی کە گوایە وەزارەتی دارایی عێراق ماوەی سێ ساڵە بودجەی تایبەتی بۆ زیندانیانی سیاسی هەرێمی کوردستان دەنێرێ و تائێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو پارەیەی نەداوە، گوتی "ئەو پارەیەی بۆ زیندانیانی سیاسی لەعێراق سەرفکراوە لەسەر بودجەی وەزارەتی دارایی عێراق بووە نەک بودجەی سیادی"، هەروەها ڕوونیکردەوە کە بودجەی ساڵانی 2007 تا 2009ی عێراق هیچ بابێکی تێدانییە بۆ زیندانیانی سیاسی نە بۆ دامەزراوەی زیندانیانی سیاسی نە بۆ کوردستان، بەڵام وەزارەتی دارایی عێراق لەدابەشکردنی پارەی خۆیاندا ناویان لێناوە نەک لە بودجەی گشتیی عێراق.

کارگێڕی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان ئەوەی بە بەڵگە هێنایەوە کە لە بودجەی 2009ی دامەزراوەی زیندانییە سیاسییەکانی عێراق، لەبەر ئەوەی پارەکەیان لە 150 ملیار دینارەوە بۆ نزیکەی 92 ملیار کەمکردبووەو ئەوانیش پارەکەیان بە کەم زانیوە، لە نووسینگەی سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراقەوە 15 ملیار دینار بۆ هەردوو دامەزراوەی شەهیدان و زیندانییە سیاسییەکان ڕەوانە کراوە .گوتیشی "بودجەی سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان بودجەیەکی سیادییەو پارەکەیان ناردووە بۆ دامەزراوەی زیندانیانی سیاسی کە تائێستا بودجەکەی لەچوارچێوەی بودجەی سیادی نەبووە، لەبەرئەوەش کە بودجەکەی سیادی نییە، بەڕێز مالیکی نووسراوی بۆ وەزارەتی دارایی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان ناردووە تا ڕای خۆیان بدەن لەسەر ئەوەی بودجەی ئەو دامەزراوەیە بکرێتە سیادی، ئەمەش دەریدەخات کە بودجەی ئەو دامەزراوەیە تائێستا سیادی نییە".

هەر لەوبارەوە ئەحمەد مام ڕەسوڵ سەرۆکی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان ڕایگەیاند کە لە بودجەی 17%ی هەرێمی کوردستان هیچ پارەیەک بەناوی زیندانیانی سیاسی جیانەکراوەتەوە. لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) گوتی "حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەرنامەی نەبووە بۆ زیندانیانی سیاسی، بەهۆی ئەوەبووە کە یاسای ژمارە چوار یاسایەکی فیدراڵییە بۆ سەرانسەری عێراق، کاتێکیش بودجەکە بەپێی ئەم یاسایە دیاریکراوە، لەجیاتی ئەوەی وەکو خۆی جێبەجێبکرێ و لەبودجەی سیادی بودجەی دامەزراوەی زیندانیانی سیاسی عێراق دیاری بکرێ، ئەوان چوون لەسەر بودجەی 83%ی عێراق ئەو پارەیەیان سەرف کردووە".

ئەحمەد مام ڕەسوڵ هەروەها گوتی "دڵنیابن بەهیچ شێوەیەک پارە بەناوی زیندانیانی سیاسی هەرێمی کوردستان نەنێردراوە، بەڵگەمان لەبەردەستەو بەدواداچوونمان کردووەو بۆمان دەرکەوت کە ئەو پارەیەی دامەزراوەی زیندانییە سیاسییەکانی عێراق لە وەزارەتی داراییەوە دیاریکراوە نەک لەبودجەی سیادی، بەڵام لەبەرئەوەی لەعێراق یاسایەک هەیەو لەهەرێمی کوردستان تائێستا هیچ یاسایەک نییە ماف و ئیمتیازاتی زیندانی سیاسی مسۆگەر بکات، ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریداوە لە 2009/7/1وە بەنووسراوی ژمارە 7562 یارمەتییەکی مانگانە بۆ زیندانیانی سیاسی تەرخان بکات کە بڕەکەی 390 هەزار دینارە". گوتیشی "ئەمە لە بودجەی 17%ی هەرێمی کوردستان تەرخان کراوەو هیچ پەیوەندییەکی بە بەغداوە نییە".

سەرۆکی کۆمکار هەروەها ڕایگەیاند کە بڕیارە لەداهاتوودا پرۆژە یاسایەک ئامادە بکرێ بۆ پەرلەمان و مافی زیندانیانی سیاسی بەیاسا ڕێکبخرێ. گوتیشی "هەوڵماندااوە زیندانیانی سیاسی کوردستان وەک بەشەکانی دیکەی عێراق لەمانگی 2008/2ەوە ئەو یارمەتییەیان بۆ حساب بکرێ، لەدانیشتنمان لەگەڵ عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەڵێنیدا کە ئەگەر پەرلەمان بڕیاریدا لەو وادەیەوە یارمەتییەکە حساب بکرێ، ئەوە ئەوان ئامادەن و هیچ کێشەیەکیان نییە".

بەگوێرەی ئەو بڕیارە، هەر زیندانییەکی سیاسی بەمەرجێک مەحکوم بووبێ و دۆسیەکەی لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە یەکلابکرێتەوە، یارمەتییەکی مانگانە بەبڕی 390 هەزار دینار وەردەگرێت.

ئەحمەد مام ڕەسوڵ ڕاشیگەیاند کە ئەوان جگە لەو 756 فۆرمەی پێشتر ناردوویانە بۆ بەغدا، ئەمجارەش 3026 ناوی دیکەیان ناردووەو ئێستا لەبەغدا کار لەسەر دۆسیەکانیان دەکرێ بۆ یەکلاکردنەوەیان.

رووداو

## راپۆرت

### سەردانی بەکۆمەڵی گۆڕی سەدام قەدەخە دەکرێ



**رووداو- بەغدا**

**ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بەنووسراوی فەرمی، هەریەک لە وەزارەتی پەروەردە، پارێزگاری تکریت و ئەنجوومەنی ئەو پارێزگایەی ئاگادارکردەوە کە رێوشوێنی پێویست بۆ رێگەگرتن لە رێکخستنی سەردانی بەکۆمەڵی گۆڕی سەدام حوسێن بگرنەبەر، ئەو بڕیارە پاش ئەوە هات کە بەگوێرەی راپۆرتە ئەمنییەکان، گۆڕەکەی سەدام خەریکە دەبێتە مەزارگەو خەڵکی دەستە دەستە، بەتایبەتی لەجەژن و بۆنە نیشتمانییەکاندا یاخود رۆژانی پشوو سەردانی دەکەن.**

## 50 پرۆژە یاسا گفتوگۆی لەسەر نەکراوە

# پەرلەمانتارەکان بارگەیان دەپێچنەوە



عەلی حەمەسالح
ali@rudaw.net

**رووداو-هەولێر**

دوای پەسەندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، لەسەرەتای مانگی شەشەوە پەرلەمانی کوردستان هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکردووەو تاوەکو پێکهێنانی کابینەی نوێش هیچ کۆبوونەوەیەک ناکات، هەرچەندە 50 پرۆژە یاسا ماون کە سەرۆکایەتی پەرلەمان نەیخستوونەتە بەرنامەی کارەوەو بۆ خوولی داهاتووی پەرلەمان دانراون.

زۆربەی ژووری پەرلەمانتاران چۆڵبوون، ژمارەیەکی زۆر کەم لە پەرلەمانتاران لە ژوورەکانیان دەبینران، ئەوانەی کە هاتبوون، خەریکی کۆکردنەوەی کاغەزی سەرمێزەکانیان و کەلوپەلی نێو دۆڵابەکانیان بوون، دیمەنی ئەو رۆژەی پەرلەمان لەماڵێکی کرێچی دەچوو، کە کرێچییەک دەڕوات و یەکێکی دیکە چاوەڕێی چۆڵبوونی خانووەکە دەکات.

ئاریز عەبدوڵلا، سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکانی پەرلەمانی کوردستان، کە سەرقاڵی کۆ کردنەوەو رێکخستنی کاغەز و نووسراوەکانی لیژنەکەی بوو، بۆ (رووداو) گوتی "لەگەڵ ئەوە نەبووم یەک کاژێریش ماوەی کاری پەرلەمانی درێژبکرێتەوە، بەڵام کە گفتوگۆی لەبارەوە کراو خرایە دەنگدانەوە بە زۆرینەی دەنگ بڕیاردرا تاوەکو هەڵبژاردن ماوەکەی درێژ بکرێتەوە".

ماوەی یاسایی پەرلەمان لە 2009/5/19 کۆتایی هات، بەڵام دواتر بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران ماوەکە درێژکرایەوە بۆ پاش هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە 2009/7/25، لەو ماوەیەی کە درێژکرایەوە گفتوگۆ لەسەر پرۆژە یاسای بودجە و پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کرا.

ئاریز عەبدوڵلا دەڵێت "درێژکردنەوەکەی ماوەی پەرلەمان بۆ ئەوەبوو بۆشاییەکی یاسایی دروستنەبێت و پەرلەمان بەردەوام بێت باشترە، لەکاتی درێژکردنەوەشدا یاسای بوودجەو دەستوور پەسەندکران".

پەرلەمانی کوردستان، لە 2009/7/1ەوە لە پشووی رەسمی ساڵانەی خۆیدایە، لەپاش پەسەندکردنی دەستوور هیچ یاسایەکی پەسەند نەکردووە، ئێستاش لەکاتی پشوودا لەبەرنامەیدا نییە هیچ کۆبوونەوەیەک بکات. ئاریزدەڵێت "ئێستا دووجارکاتەکە نا ئاساییە، لەبەرئەوەی ماوەی پەرلەمان درێژکراوەتەوە لەهەمانکاتدا لە پشووی پەرلەماندایِن، بۆیە هیچ بڕیارێک نییە پەرلەمان کۆبوونەوە بکات و لەو باوەڕەشدا نیم کۆببێتەوە".

مریەم حەسەن، کە پەرلەمانتارێکی کوردی ئێزدییە، گوتی ماوەی مانگێکە پەرلەمان و پەرلەمانتاران هیچ کارێکیان نەکردووە "پەرلەمانتارەکانی دەرەوەی هەولێر هەموویان گەڕاونەتەوە ناوچەکانیان، پێویستە هەموو پەرلەمانتارەکان ئامادە بوونایە، بەڵام لێرە چ بکەن کە دانیشتن نەبێت و کارێک نەبێت بیکەن". مریەم، سەرۆکایەتی پەرلەمان بە بەرپرس دەزانێت و دەڵێت"سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بەرپرسە لەم کارەو لیژنەکانیش هیچ کارێکیان نەکردووەو لە درێژکردنەوەی ئەم ماوەدا جگە لە پەسەندکردنی یاسای بوودجەو دەستوور".

زیاتر لە 50 پرۆژە یاسا، ئێستا لەلای سەرۆکایەتی پەرلەمانن و، بەشێکی ئەو پرۆژانەش رەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران کراون، بۆ ئەوەی وەک رێسایەکی یاسایی بۆچوونی خۆیانی لەبارەوە دەربڕن، بەڵام لەبەر ئەوەی پەرلەمانتارانی خولی دووەم نەیانتوانی و ناتوانن گفتوگۆی لەبارەوە بکەن دەبێت تەواوی ئەو پرۆژانە هەڵگیرێن بۆ خوولی ئایندەو سەرلەنوێ لەلایەن 10 پەرلەمانتار یان حکومەتەوە پێشکەش بکرێنەوە.

تاریق جامباز، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو یاسایانەی خوێندنەوەی بۆ کراوەو دراونەتە لیژنە پەیوەندیدارەکان و راپۆرتی خۆیان ئامادەکردووەو داویانەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش کاتی کۆبوونەوەو پرۆژە یاساکە بۆ کۆبوونەوەکە دادەنێت، ئەو پرۆژە زۆرانەش کە ماون، بەشێکیان رەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران کراون".

ئەو کۆبوونەوەیەی پەرلەمان کە لە ناکاو بڕیاردرا رۆژی 2009/7/9 ببەستێت بۆ روونکردنەوەی هەڵوێستی خۆی لە بارەی ئەنجامنەدرانی راپرسی دەستوور لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەوانەیە دوایین کۆبوونەوەی خولی دووەم بێت.

ئەو ئەندامەی لیژنەی یاسایی، گوتیشی "ژمارەی پرۆژە یاساکان پتر لە 50 پرۆژە دەبن و ئەو پرۆژانەش سەرلەنوێ لەخولی سێیەمدا دەبێ لەلایەن 10 پەرلەمانتار یان لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش بەپەرلەمان بکرێنەوە".



هۆڵی پەرلەمانی کوردستان (فۆتۆ:رووداو)

## سەنتەرێکی یەکگرتووش دەیەوێ مونازەرەیان بۆ بکات

# لیستی کوردستانی، گۆڕان و خزمەتگوزاری و چاکسازی 60 دەقیقە رووبەڕووی یەکتر بوونەوە

**رووداو-سلێمانی**

پەیمانگای کۆماری نێودەوڵەتی IRI مێزگردێکی یەک کاژێری بۆ لیستی کوردستانی، گۆڕان و خزمەتگوزاری و چاکسازی رێکخست و لە چەند رۆژی داهاتوودا لە کەناڵەکانی راگەیاندن پەخش دەکرێ، رێکخراوێکی سەر بە یەکگرتووش لە هەوڵی رێکخستنی مونازەرەیەکدایە بۆ سێ لیستەکە.

رێکخراوی IRIی ئەمریکی، کە لەحیزبی کۆماری ئەمریکییەوە نزیکە، لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق هاتووەتە کوردستان و بەردەوام خول و راهێنان بۆ حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە بارەی پرسی دیموکراسی دەکاتەوە. کەوسەر جەمیل، بەرپرسی بەرنامەکانی عێراق لەرێکخراوی IRI، بە (رووداو)ی راگەیاند "لەهەرێمی کوردستان بێت یان بەغدا، لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا ئێمە چالاکیمان زۆرە، ئامانجیشمان لەو مێزگرد و گفتوگۆیانە روونکردنەوەی کارو بەرنامەی ئەو لیستانەیە".

دوێنێ 2009/7/8 رێکخراوی ناوبراو مونازەرەیەکی تەلەفزیۆنی بۆ سێ لیست کرد کە بەپێی پێشبینییەکان لەپێش هەموو لیستەکانی دیکەوە دەبن وکێبرکێی سەرەکی لەنێوان ئەواندایە. فازل عومەروتەبێژی لیستی کوردستانی بە (رووداو)ی راگەیاند "من وەکو وتەبێژی لیستی کوردستانی و د.جەعفەر، بەناوی لیستی گۆڕان و کەسێکیش بەناوی رزگار بەناوی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی بەشداری مێزگردەکەمان کرد". فازل عومەر گوتیشی "مێزگردەکە یەک کاژێری خایاند و دوای مۆنتاژکردنی لەلایەن رێکخراوەکەوە دەدرێتە تەلەفزیۆنەکان ئەگەر قبوڵیان بێت". فازڵ ئاماژەی بەوەشدا کە مونازەرەکە مونازەرەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە و "هیچ گرفتێک روویندا".

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (رووداو) کەوتوون، رێکخراوی IRI هەوڵیداوە مونازەرەکە بۆ سەرۆکی هەر سێ لیستەکە، نەوشیروان مستەفا و د.بەرهەم ساڵح و عومەر عەبدولعەزیز رێکبخات. بەڵام وەک سۆزان شەهاب، کە ئەویش وتەبێژی لیستی کوردستانییە بۆ (رووداو) گوتی "لیستی گۆڕان گوتیان ئێمە سەرۆکی لیست نانێرین تەنیا وتەبێژ رەوانە دەکەین"، بەڵام وادیارە دواتر د.جەعفەر لە جیاتی وتەبێژی لیستی گۆڕان ئامادەبووە.

محەممەد تۆفیق رەحیم، ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمپانیای وشە، قسەکانی سۆزانی پشت راستکردەوەو گوتی "ئێمە وتەبێژمان هەیە، کە د.شاهۆیە، بۆ مونازەرەکانیش وتەبێژی لیستەکەمان یان کاندیدێک رەوانە دەکەین، کاک نەوشیروان مونازەرە ناکات".

عەبدولسەتار مەجید، گوتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، لەبارەی مونازەرە کردنەوە گوتی "ئێمە وەکو لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری مونازەرەمان زۆر پێباشە و ئامادەین، ئێستاش لایەنەکان هۆشیارن، کە بتوانین پێکەوە گفتوگۆ بکەین و قبوڵی بۆچوونی جیاوازی بەرامبەر بکەین".

جگە لە رێکخراوی IRI، سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان، کە سەر بە یەکگرتووی ئیسلامییە، لەهەوڵی ئەوەدایە گفتوگۆیەک بۆ سەرۆکی هەرسێ لیستەکە ئامادەبکات و لە رێگەی نووسراوێکەوە سەرۆکی هەرسێ لیستەکەی ئاگادار کردووەتەوە.

رێبوار عەلی، بەرپرسی سەنتەری گەشەپیدانی چالاکی لاوان، بە (رووداو)ی راگەیاند "هەر سێ لیستی: (خزمەتگوزاری و چاکسازی، گۆڕان و کوردستانی)مان ئاگاداركردووەتەوە کە مێزگردێکیان بۆ رێکدەخەین لە سلێمانی پالاس هەر لیستەو 30 گەنجی خۆیان بێنن و لەگەڵ ئامادەبوونی 20 رۆژنامەنووسدا".

بەپێی گوتەی، رێبوار، تائێستا تەنیا لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی وەڵامیان داونەتەوە"لیستی کوردستانی و گۆڕان وەڵامیان نەبووە ئێمەش پەلەیان لێناکەین و کاردەکەین بۆ ئەوەی ماوەیەکی کەمی بمێنێ بۆ هەڵمەتەکە".

سۆزان شەهاب، لەبارەی داواکارییەکەی سەنتەری گەشەپێدان گوتی "بەدڵنیاییەوە ئەگەر داوایەکی وامان لێبکەن ئامادەین، بەڵام تائێستا ئاگادار نەکراوینەتەوە، ئەگەر مونازەرەکەش لەسەر ئاستی سەرۆکی لیستەکان بێ، سەرۆکی لیستەکەمان ئامادە دەبێ، ئەگەر لەسەر ئاستی گوتەبێژیش بێت، ئەوە گوتەبێژ ئامادەیە". شاهۆ سەعید، گوتەبێژی لیستی گۆڕان، رەتیکردەوە کە نووسراوی سەنتەری گەشەپێدانیان پێگەیشتبێت و گوتی " کەی ئاگاداریان کردینەوە ئەوکات قسەی لەسەر دەکەین".



پاڵێوراوێکی تورکمان لە کاتی هەڵواسینی پۆستەرەکانیدا لەلای ئەوانە وەستاوە کە کاری بڵاوکردنەوەی بۆ دەکەن (فۆتۆ:رووداو)

# تۆڕی رۆژ 3 هەزار چاودێر لەسەرجەم بنکەکانی دەنگدان دادەنێ



**" بە سستمی PVT کە یەکەمجارە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەکاردەهێنرێت چاودێری هەڵبژاردن دەکەین"**

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو-سلێمانی**

یوسف حەمە ساڵح، بەرپرسی تۆڕی رۆژ رایگەیاند کە زۆر بە جیدی چاودێری هەڵبژاردنەکان دەکەن و بەراپۆرتیش ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بڵاودەکەنەوەو وێنەشی لێدەدەنە دەرەوە "بە سستمی PVT کە تازەترین و پێشکەوتووترین سستمی چاودێری و گەیاندنی زانیارییە و بۆ یەکەمجارە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەکاردەهێنرێت، داتا کۆدەکەینەوەو چاودێری هەڵبژاردن دەکەین". ناوبراو بەدووریشی زانی کە ساختەکاری لە هەڵبژاردن رووبدات " بەڵام دەتوانین بڵێین کێشەو کەموکوڕی دەبێت".

تۆڕی رۆژ (شبكه الشمس) کە بریتییە لە چەترێکی رێکخراوە ناحکومییەکان، نزیکەی 80 رێکخراوی لەخۆگرتووە، لەساڵی 2004 لەعەممانی پایتەختی ئوردن دامەزراوەو، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005 و 2009 چاودێری هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستانی کردووە، لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی پۆڵەندا، یەمەن، پەرلەمانی لوبناندا وەک چاودێر بەشداری کردووە بۆ شارەزایی وەرگرتن و چاودێری.

یوسف حەمەساڵح، لەو باوەڕەدایە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بتوانێ بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوە ناحکومییەکان و چاودێرانی نێودەوڵەتی، رێگە لە پێشێلکاری وساختەکاری و دەستتێوەردان بگرێت و هەڵبژاردنێکی خاوێن بەڕێوە ببات "جگە لەوەش سەرجەم قەوارە سیاسییە کێبەرکێکەرەکان نوێنەریان دەبێت لە سەرجەم بنکەکانی دەنگدان دا، ئەمەش بۆخۆی گرەنتییەکی دیکەیە بۆ روونەدانی ساختەکاری"، رەتیشیکردەوە کە کارمەندانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەخەڵکانی حیزبی و سەر بە هەردوو پارتی دەسەڵاتدار پێکهاتبن "کەسانێکی زۆری ناو کۆمسیۆنیش سەربەخۆو بێ لایەنانە کاردەکەن".

تۆڕی رۆژ پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی هەبووە لەسەرەتادا و، لە ساڵی 2005 دا رێکخراوی FESی ئەڵمانی و سەنتەری عەممان بۆ لێکۆڵینەوەی مافەکانی مرۆڤ ACHRS و ئێستاش بۆ هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن رێکخراوی NDI ئەمریکییەوە پشتگیری دارایی و مەعنەوی دەکرێت.

هەرچەندە باسی هاتنی چەندین چاودرێری بیانی دەکرێ، بۆ چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن، هەروەها لە 100 دەوڵەتەوە چاودێر دێن بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام بەپرسی پارتێکی بەشداربووی هەڵبژاردن بەدووری زانی هاتنی ئەو چاودێرە بیانیانە کاریگەری هەبێ لەسەر رێگریکردن لە ساختەکاری "چونکە پارتی و یەکێتی لێناگەڕێن چاودێرانی نێودەوڵەتی و نێوخۆیی وەک پێویست چاودێری هەڵبژاردنەکە بکەن و ساختەکاری هەر دەبێت". بەڵام یوسف حەمە ساڵح دەڵێ لەهەڵبژاردنەکانی پێشوودا گرفت دروست نەکراوەو چاودێرانی و نێوخۆیی و نێودەوڵەتیش کاری خۆیان ئازادانە کردووە .

لەساڵی 2005 پرۆسەی دەنگدان لەچەند قەزایەکی کوردستان هەژمار نەکرا، بەهۆی ئاشکرابوونی ساختەکاری تێداکردنی . هەروەها هەرێمی کوردستان و چەند پارێزگایەکی دیکەی عێراق خرانە لیستی رەشەوە.

هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان، جیاواز لەهەر هەڵبژاردنێکی پێشوو زۆرترین چاودێری بیانی و نێودەوڵەتی تێیدا بەشدار دەبن و لەهەمانکاتیشدا بەرپرسانی کۆمسیۆنی باڵا رایانگەیاندووە کە رێوشوێنی چڕیان بۆ رێگەگرتن لەساختەکاری گرتووەتەبەر. بەرپرسی تۆڕی رۆژ لەو بارەیەوە دەڵێ "3 هەزار چاودێرمان ئامادە کردووە، بەپێشکەووتوترین سستەمی pvt کە تازەترین سستەمی چاودێریکردنە لەهەموو رۆژهەڵاتی نێوەراستدا بەشدار دەبین و بەردەوام لەرێگەی وۆرکشۆپ و خولەوە راهێنانیان پێدەکەین و بەسەر تەواوی بنکەکانی دەنگداندا دابەشیان دەکەین"، ناوبراو گوتیشی "لەزاخۆ تا کفری نوێنەرو چاودێرمان دەبێت و پلانی وردمان بۆ ئەو مەبەستە ئامادە کردووە".

لە ماوەی چەند رۆژی رابردووی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، ژمارەیەکی زۆر سکاڵا لەلایەن لیستەکانەوە گەیشتوونەتە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان. بەرپرسی تۆڕی رۆژ رایگەیاند کە ئەوان تەنیا چاودێری رۆژی دەنگدان ناکەن و گوتی "ئێمە چاودێری سەرجەم قۆناخەکانی پرۆسەکە دەکەین تا دوایین کاریان و چاودێری رۆژی دەنگدانیش دەکەین"، هەروەها گوتیشی "لەسەرجەم وڵاتانی دنیادا بانگەشەی هەڵبژاردن کێشەو کەموکوڕی تێدەکەوێت، گلەیی و گازندەش دروست دەبێت و دەکرێت بڵێین کە باشتر وایە لیستەکان و قەوارەکان وا باشترە بۆ خۆیان بۆ بە دەستهێنانی دەنگ رێز لە یاساو رێساکانی کومسیونی باڵا بگرن و ئاگایان لە هەست و سۆزی خەڵک و لایەنەکانی رکابەریان بێت".

## ڕیپۆرتاژ

### دانووستاندنی دەعوەو ئەنجوومەنی باڵا شکستی هێنا



رووداو- بەغدا

نوێنەرانی حیزبی دەعوە بەسەرۆکایەتی مالیکی و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بەسەرۆکایەتی عەبدولعەزیز حەکیم نەیانتوانی لەبارەی سەرکردایەتیکردنی ئیئتیلاف و دابەشکردنەوەی کورسییەکانی پەرلەمان بگەنە هیچ جۆرە ڕێککەوتنێک. دوای ئـەوەش حیزبەکـەی مالیکی ڕایگەیاند کە دەرگای دانوسـتانی بەڕووی لایەنەکانی دیکەدا کراوەیە بۆ دروسـتکردنی هاوپەیمانێتییەک بەسەرۆکایەتی خۆی، تا لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی داهاتوودا بە لیستێکی هاوبەش دابەزن.

د .ڕەفیق سابیر، پاڵێوراوی لیستی کوردستانی بۆ پەرلەمان:

# هیچ لایەنێک بە ڕکابەری مەترسیداری لیستی کوردستانی نازانم



**د.ڕەفیق سابیر، بەشـداری لەکاری سیاسیدا کردووە لە شاخ و دوای ڕاپەڕینیش، لە سـوێد زیاتر خەریکـی کاری ئەدەبی و لێکۆڵینەوە بووە، وەک شاعیر و لێکۆڵینەڤان، ئەو خاوەنی (لاوکی هەڵەبجەیە) و سەرنووسەر و بڵاوکەرەوەی گۆڤاری (رابوون)بووە . ئەو کە چەند ساڵێکە گەڕاوەتەوە، وەک نووسەرێکی دیار ناوی لەنێو لیستی کوردستانی دا دیارە، لەسـەر ئەوەش ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەتەوە، لەلای هەندێ کەس. (رووداو) باسی خۆ پاڵاوتن و پەرلەمانی ئاییندەی لەگەڵ کرد.**

**رووداو: چۆن بوو، لە نێو ئەو هەموو لیسـتانەدا، خۆت لە لیسـتی کوردستانیدا دیتەوە؟**

**د.ڕەفیق سابیر:** سەرەتا پێشنیازم بۆ کرا کە لە لیستی کوردستانیدا بەشداربم، دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر بڕیارم دا پێشنیازەکە پەسەند بکەم، چونکە پێموایە لەم قۆناخەی ئێستا و بەلای کەمەوە لە ماوەی چوار ساڵی پەرلەمانی داهاتوو لیستی کوردستانی، کە یەکێتی و پارتی لە پشتیەوەن،

## وەک هەمیشە بەرگری لە مافی زەحمەتکێش و ژنان دەکەم

دەتوانێت لە لایەکەوە پرۆسێسی سیاسی لە کوردستاندا بەرەوپێش ببات و پارێزگاری لەو ئازادی و ئارامی و سـەقامگیرییە بکات کە بەدەسـت هێنـراون، لەلایەکی دیکـەوە گۆڕانکاری و نوێبوونەوە لـە کۆمەڵگەی کوردستان دا ئەنجامبدات.

**رووداو: چـۆن دەڕوانییە بەرنامەی لیسـتی کوردستانی؟**

**د.ڕەفیق سابیر:** بەرنامەی لیستی کوردستانی، لیسـتی نوێبوونەوەو ئاوەدانـی، بەرنامەیەکی فراوان و هەمەلایەنەیە و نزیکەی هەموو مەسەلەو بوارە گرنگە سیاسـی، ئابـووری، کۆمەڵایەتی، کولتوورییـەکان و مەسـەلەی خزمەتگوزاری و خوێندن و پەروەردەی لە خۆگرتووە. بەرنامەکە مەسـئولانە و واقیعییانە داڕێژراوە. ئێمە لەکاتی گفتوگۆ و داڕشـتنی بەرنامەکەدا زۆر بەلامانەوە گرنـگ بـوو بەڵێنـی ناواقیعی و خەیاڵـی بە خەڵک نەدەین کە سـبەینێ نەتوانین جێبەجێی بکەین. ئەگەر ئـەم بەرنامەیە جێبەجێ بکرێت، بە دڵنیاییەوە کوردسـتان بەرەو ئاسۆیەکی نوێ دەبات.

**رووداو: ئایا بۆ ئەوە ڕازیبووی بچیتە نێو لیستی کوردستانییەوە چونکە پێتوایە لە نێو لیستێکی بەهێزدا کاریگەریت دەبێت؟**

**د.ڕەفیـق سـابیر:** ئـەم لایەنـە، لەگـەڵ گرنگییەکەی، بـەڵام ئەوە بەتەنیا بەس نییە بۆ ئەوەی پاڵ بە کەسـێکی وەک منـەوە بنێت تا بچێتە ناو لیستێکەوە.

**رووداو: ئامادەی ببیە وەزیر، بۆ نموونە وەزیری ڕۆشـنبیری، یان هەر حەزدەکـەی پەرلەمانتار بیت؟**

**د.ڕەفیـق سـابیر:** من ئێستا بۆ ئەندامبوون لە پەرلەماندا پێشـنیازم پێکراوە، نەک بۆ کارێکی دی.

**رووداو: خۆت بەشـداری هەڵمەتی هەڵبژاردن دەکەی؟**

**د.ڕەفیـق سـابیر:** خۆم بە تەنیا بەشـداری لە هەڵمەتـی هەڵبژاردندا ناکەم، بـەڵام لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی لیسـتەکەمان، کاک د.بەرهەم و هەندێک لەو خوشـک و برا بەڕێزانەی لە لیستی کوردستانیدان، بەشداری دەکەم.

**رووداو: تـۆ زیاتر لـە پاڵێوراوەکانـی دیکە بەرەورووی ڕەخنەو هێـرش بوویەوە بەهۆی ئەو خۆکاندیدکردنەوە، ئەوە چۆن لێک دەدەیەوە؟**

**د.ڕەفیـق سـابیر:** ڕەنگە ئەمە بەشێک بێت لە چارەنووسی من، ڕۆژگارێک بەر پەلاماری بەعس دەکەوتم و ئەمڕۆش دەکەومە بەر پەلاماری هەندێک کەسـی داخ لە دڵ . بە هەر حاڵ من دوژمنایەتی شەخسـیم لەگەڵ کەس نییە، بۆیە ئەوانەی ئەم هێرش و پەلامارەیان بەرامبەرم دەست پێکردووە و درۆو بوختانم بۆ هەڵدەبەستن، لەبەرئەوەیە کە من پشتگیری و بەشـداری لیستی کوردستانیم کـردووە . من لەو بارەیەوە بێ باکم، چونکە من، وەک هەمیشە، ئەوە دەکەم کە باوەڕم پێیەتی و دەیزانم، ئەوانیش وەک هەمیشە، ئەوە دەکەن کە باوەڕیان پێیە و دەیزانن.

**رووداو: بەهۆی ئەوەیە تۆ باکگراوندێکی چەپت هەیە، یان ئەو تێڕوانینە زاڵەی کە پێیوایە دەبێ ڕۆشنبیران و شاعیران لە تێکەڵبوون بە دەسەڵات خۆیان بەدوور بگرن، یان هەر لای ئۆپۆزسـیۆن بگرن؟**

**د.ڕەفیق سابیر:** لەلای ئێمە بۆچوونێکی هەڵەو شـێواو لەم بارەیەوە هەیە. گرنگترین ئەرکێکی ڕووناکبیـر ئەوەیە کە داکۆکی لە ئازادی بکات و لەبەرامبەر سـتەم و بێدادیدا، لە هەر لایەنێکەوە بێت، بێدەنگ نەبێت. نە دەسـەڵات هەمیشـە شەیتانە و نە ئۆپۆزسیۆن هەمیشە فریشتەیە.

**رووداو: ساڵانێکی زۆرە بە کردەوە لە گۆڕەپانی سیاسی و کاری سیاسیدا نەماوی، چۆن بڕیارتدا بگەڕێیـەوە و بۆچی لـە دەرگای پەرلەمانـەوە دەتەوێت بگەڕێیەوە؟**

**د.ڕەفیق سـابیر:** ڕاستییەکەی من ساڵانێکی زۆرە لـە کاری ڕێکخسـتن و حیزبایەتـی دوور کەوتوومەتەوە، بەڵام من لە سیاسـەت دانەبڕاوم و هەمیشـە و بەردەوام لەو مەسەلانەدا بەدەنگ هاتووم کە پەیوەندییان بە ئازادی و چارەنووسی نەتەوەکەمەوە بووە. پەرلەمان تەنیا شوێنی کاری سیاسی نییە، بەڵکو شوێنێکە کە نوخبەی سیاسی و ڕووناکبیری و پسپۆڕو بەهرەمەند و شارەزایانی بواری جۆراوجۆری تێدا کۆدەبنەوە.

## نە دەسەڵات هەمیشە شەیتانە و نە ئۆپۆزسیۆن هەمیشە فریشتەیە

**رووداو: بۆ چوونە نێو لیسـتی کوردسـتانی پێویستت بەوەبوو لە ڕووی ئینتیمای حیزبییەوە خۆت یەکلا بکەیەوە، یان وەک کەسێکی سەربەخۆ دەمێنییەوە؟**

**د.ڕەفیق سابیر:** من داوام لێکرا ببمە ئەندامی پەرلەمـان و ئەو بەڕێزانەیش کە ئـەو داوایەیان لێکردم باش من دەناسـن. بە هیچ شـێوەیەک داوای ئـەوەم لێ نەکراوە ببمە ئەندامی حیزبێک و لە پەرلەمانیشدا هەر وەک کەسێکی سەربەخۆ دەمێنمەوە.

**رووداو: بە تەماشـاکردنی ڕکابەریی توندی نێوان لیسـتەکان و ناوی ئـەو پاڵێوراوانەی لە لیسـتەکاندا هـەن، پەرلەمانی داهاتـوو چۆن دەبینی؟**

**د.ڕەفیق سـابیر:** پەرلەمانی داهاتـوو وەک پەرلەمانێکی چـالاک، زیندوو، بـەکار و پڕکار دەبینم.

**رووداو: ئەگـەر بگەیە پەرلەمان ڕاسـتە تۆ ئەندامی فراکسیۆنێک دەبیت، بەڵام زیاتر بەرگری لە چ توێژێک دەکەی و کار بۆ کێ دەکەی؟**

## لیستی کوردستانی ڕەنگە 60 تا 65 کورسی لە پەرلەمانی داهاتوودا هەبێت

**د.ڕەفیق سابیر:** ئاشکرایە من لە چوارچێوەی بەرنامەی لیستی کوردستانیدا، کە بەرنامەیەکی زۆر دەوڵەمەنـد و فـرە لایەنـە، کار دەکـەم. بەرژەوەندی و خۆشـگوزەرانی و ئازادیی هەموو خەڵکـی وڵاتەکـەم ئامانجی کارکردنـی من و هاوڕێکانمە، بەڵام هەمیشـە وەک لایەنگری توێژ و گرووپی زەحمەتکێش و بنەماڵەی شـەهیدان و وەک لایەنگری مەسـەلەی ژنان دەمێنمەوەو داکۆکی لە مافەکانیـان دەکەم. لەپاڵ ئەمانەدا، وەک ڕووناکبیرێک و کەسێکی ئەکادیمی لە بواری ڕۆشنبیری و خوێندن و خوێندەواریدا شارەزایی و ئەزموونم هەیە و دەتوانم کار بکەم.

**رووداو: پێشـبینی چەند کورسـی بۆ لیستی کوردستانی دەکەی؟**

**د.ڕەفیق سابیر:** لیستی کوردستانی ڕەنگە 60 تا 65 کورسی لە پەرلەمانی داهاتوودا هەبێت.

**رووداو: کێ بە ڕکابەری مەترسـیداری لیستی کوردستانی دەزانی؟**

**د.ڕەفیق سـابیر:** هیچ لایەنێک بـە ڕکابەری مەترسیداری لیستی کوردسـتانی نازانم. ڕەنگە لە سـلێمانی لیسـتی گۆڕان و لە دهۆک لیستی ئیسلامی ڕکابەری جیدی لیستی کوردستانی بن.

## ئەوەی لە سلێمانی ڕوودەدات سەرەتایەکی باش نییە

**رووداو: بەپێی ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە وڵاتێکی دیموکراتی وەک سوێد ژیاوی چۆن دەڕوانییە ئەو کێبرکێیەی ئێستا لە سلێمانی هەیە؟**

**د.ڕەفیـق سـابیر:** ئاشکرایە ناکرێ لەم ڕووەوە بـەراوردی نێوان سـوێد و کوردسـتان بکرێـت، بەڵام ئـەوەی لە سـلێمانی ڕوودەدات سـەرەتایەکی باش نییە و هیوادارم بتوانرێت بە زوویی کۆنترۆڵ یان بەدیسـپلین بکرێت، چونکە ئەگەر درێـژەی هەبێت، لە دوا ئەنجامدا زیان بە پرۆسێسی هەڵبژاردن دەگەیێنێت . سەرکەوتنی هەر لایەکمان و هەموومان، پێش هەر شـتێک، لەوەدایە کە پرۆسێسـی هەڵبژاردن بە جۆرێکی ئـارام وشارسـتانییانە و دوور لـە زمانی زبرو بریندارکردن و توندوتیژی بەڕێوە بچێت . ئەمە تاقیکردنەوەیەکە بۆ هەمووومان.

**رووداو: هەندێـک لە ڕووناکبیـران پێیانوایە ڕەخنەگرتن لە لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن تاوانێکی ڕووناکبیـری و ئەخلاقییەو ڕەخنەگرتن لە پارتی و یەکێتیـش واجبە، لێکدانەوەت بۆ ئەو لۆجیکە چییە؟**

**د.ڕەفیـق سـابیر:** ئەگەر کەسانێک هەبن بەم جۆرە بیر بکەنەوە دیارە ئەمە ڕای خۆیانە. بەڕای من هیچ لایەنێکی سیاسـی، لە دەسەڵاتدا بێت یان لە ئۆپۆزسیۆن، لە سەرووی ڕەخنەوە نییە. بەڵام ئەم لۆژیکەی تۆ باسی دەکەی ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆجیایەکـی نادیموکـرات و توونـدڕەوە، کە هەقیقەت و جوانی تەنیـا لەو بیر و لایەنەدا دەبینێت کە خۆی بەڕاستی دەزانێت و ئەوانیدی، کە لە دەرەوەی بازنەکەی ئەون، بە شـەیتان و دوژمن سەیر دەکات. ئەزموونی مێژوویی خۆمان و گەلانی دیکەش سـەلماندوویانە کە ئەم جۆرە بۆچوونە نادیموکراتانە دەتوانێت چ جۆرە زیانێک بە کۆمەڵگە و بە ئازادی و ژیان بگەیێنێت.

# بنکەکانی لیستی گۆڕان و کوردستانی خەڵکی گەڕەکەکان بێزار دەکەن

## ژنێک: لیستی گۆڕان و کوردستانی ناهێڵن منداڵەکەم بخەوێت

**ئازیز مەحمود**
**رووداو- سلێمانی**

دانیشتووانی هەندێک لەگەڕەکەکانی شاری سلێمانی سکاڵای ئەوە دەکەن کە بنکەکانی هەڵمەتی پروپاگەندەکردنی لیستی گۆڕان و کوردسـتانی بوونەتە هۆی بێزارکردنیان و داوا لەکۆمیسـیۆن دەکەن کە سنوورێک بـۆ ئـەو دیاردەیە دابنێـت. بەڕێوەبەری گشتی ئۆفیسـی سـلێمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش دەڵێ "ئێمە تەنهـا لێپرسـینەوە بەرامبەر ئەو پێشـێلکاریانە دەکەین کە لەگەڵ یاسای کۆمسیۆن ناگونجێن".

لەگـەڵ دەسـتپێکردنی پروپاگەندەی هەڵمەتەکانـی هەڵبـژاردن لیسـتە بەشـداربووەکان و قەوارە سیاسـییەکان جیاوازتر لەهەڵمەتەکانی پێشوو دەستیان کـردووە بەهەڵدانی خێوەت و دانانی بنکە لە زۆربەی گەڕەکەکانی شـاری سلێمانی کـە ئەمەش بووەتـە جێگـەی ناڕەزایی هاووڵاتیان.

هەرچەندە تائێسـتا چەندین پێشێلکاری لەکۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تۆمار کـراوە، بەڕێوەبەری گشتی ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆن ئاماژە بەوەدەدات لەسەر دانانی ئەو بنکانە کەس سزا نەدراوە "ئەوە کاری ئێمە نییە".

هاووڵاتیـان، هێـزە ئەمنییـەکان و کۆمسـیۆن بـە لێپرسـراوی یەکـەم دادەنێن لەچارەسـەرکردنی ئەو کێشەیەو چاودێریکردنـی وردی ئـەو گەڕەکانـە و ڕێگەنـەدان بە دانانی ئـەو بنکانەو دوور خسـتنەوەیان، حاکـم قـادر حەمەجان، بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی سلێمانیش بە (رووداو)ی ڕاگەیاند کە چەندین سکاڵای هاووڵاتیان لەسـەر بنکەکانی ئەو لیستانە هاتووەتە لایان، بەڵام تائێستا لێپرسینەوە لەگەڵ کەسدا نەکراوە.

مەحمـود ڕەشـید، تەمەن 60 سـاڵ، دانیشـتووی گەڕەکی ئیسـکانی شـاری سـلێمانی کە بنکەیەکی لیسـتی گۆڕان لەنزیک ماڵەکەیدا دانراوە، بە نیگەرانیەوە گوتی "تەواو بێزار بووین، نازانین چی بکەین شەو تا درەنگ دەبێتە شوێنی کۆبوونەوەی گەنجـان و هاتووهـاوار". ئەو سـکاڵای لەکۆمسـیۆن و هێزە ئەمنییەکان کرد کە پێویسـتە چاودێری ئەو لیستانە بکەن و ڕێگە نەدەن بەو شـێوەیە هاووڵاتیان بێزار بکەن.

لای خۆشیەوە بەڕێوبەری گشتی ئاسایشی سلێمانی سەبارەت بە لێپرسینەوەی ئەوان لەو دیاردەیە گوتی "سـکاڵامان بۆ هاتووە لەلایەن هاووڵاتیانی ئەو گەڕەکانەوە لەسەر بێـزار کردنیان لەلایەن ئـەو بنکانەی کە دانراون، بەڵام تا ئێسـتا کەس دەستگیر نەکراوە". هەروەها گوتیشی "ئەگەر کار وا بڕوات ناچار دەبین لەمەودوا لێپرسـینەوە بکەین".

دانانی ئەو بنکانە لەگەڕەکەکاندا بەلای هاووڵاتیانەوە شتێکی نوێیە کە لە زۆربەیاندا بنکەی لیستی گۆڕان و کوردستانی دەبینرێت و تا دەرەنگانی شەو بە لێدانی دەنگی بەرزی دروشـمی لیستەکەیان و گۆرانی هەڵمەتی پروپاگەندە بەرێ دەکەن.

تاهیر محەممەد ئەمین، بەڕێوبەری گشتی ئۆفیسی سـلێمانی گوتی "ماڵەکان خۆیان دەتوانن سـکاڵا تۆمار بکـەن، ئەوە کاری کۆمسـیۆن نییە، ئێمە تەنها لێپرسینەوە لەگـەڵ ئـەو پێشـێلکاریانە دەکەین کە لەگەڵ یاسـای ژمارە چواری کۆمسـیۆندا یەکدەگرێتەوە".

پروپاگەنـدەی هەڵبژاردنی ئەمجارە لە سلێمانی شێوازێکی جیاوازتر و گڕوتینێکی زیاتری بەخۆوە بینیوە، بەتایبەتی لەنێوان لایەنگرانی هەردوو لیستە ڕکابەرەکەی گۆڕان و لیستی کوردستانی کە شەوانە بە کۆڵان و شەقامەکانی شارەکەدا بە هوتاف و هۆرین لێدان دەبنە مایەی بێزارکردنی هاووڵاتیان.

خەدیجە ڕەسـول، دانیشتوی گەڕەکی زەرگەتەی شاری سـلێمانی بێزاری خۆی لـەو کارە دەربڕی "ئەوە وەزع نییە ئێمەی تێـدا دەژین، تا دەرنگانی شـەو خەومان لـێ ناکەوێت لەبـەر دەنگی بـەرزی ئەو گۆرانیانە".

ئەو کە ماڵەکەی نزیکی هەردوو بنکەی لیستی گۆڕان و لیستی کوردستانییە باسی لەوەکرد کە هەردوو لیستەکە هەریەکەیان لەداخـی ئەویتر دەنگـی ڕیکۆردەرەکەی زیاتر بەرز دەکاتەوە و بە هەردووکیان ئەو گەڕەکەیان تەواو بێزار کردووە.

شـیلان عەلـی، تەمەن 30 سـاڵ کە ماڵەکەی نزیک بنکەی لیستی کوردستانییە لەگەڕەکی تووی مەلیکی شـاری سلێمانی گوتی "هەر فریا دەکەوم منداڵەکەم بخەوێنم و ئـەوان خەبەری دەکەنـەوە بەو دەنگە بەرزە".





## باکووری کوردستان داوای ئازادکردنی 50 منداڵ دەکات



ڕووداو- DIHA

ژنان و منداڵانی شارەکانی باکووری کوردستان لە پێناو ئازادکردنی ئەو 50 منداڵانەی لەشارە جیاجیاکانی باکووری کوردستان بەبیانووی بەشداریکردن لەخۆپیشاندانەکانی دژی دەوڵەت بۆ سەرکۆنەکردنی ئەشکەنجەکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، زیندانیکراون چەندین چالاکی جۆراوجۆر ئەنجامدەدەن. ئەو منداڵانە لە کۆتاییەکانی ساڵی 2008ەوە زیندانیکراون، ژنانی DTP لەچالاکی و خۆپیشاندانەکانیاندا ڕایانگەیاند کە ژنان ڕۆڵەکانیان بەجێ ناهێڵن و داوای ئازادکردنی منداڵان و کۆتایی هێنان بە ئەشکەنجەدانیان کرد.

# DTPیەک بۆ کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە

## یاساکانی ئێران ڕێگە بەدروستبوونی حیزبێکی کوردی نادەن

**بیلال سەعید**
**تایبەت بە ڕووداو**

چالاکڤان و سیاسەتڤانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونی حیزبێکی کوردی مەدەنی لە ئێران هاوشێوەی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP لە تورکیا بە پێویست دەزانن، بەڵام دەڵێن یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێگە بە دروستبوونی حیزبی لەو شێوەیە نادات.

سیستمی سیاسی ئێران پتر شێوازی بەرەی بە خۆیەوە بینیوەو بەسەر چەند بەرەیەک دابەشبووە، وەکو بەرەی ریفۆرمخوازەکان و پارێزکارەکان، هەرچەندە چەندین حیزبی شیعی لە ئێران دا هەن، بەڵام هیچ ڕۆڵێکی بەرچاویان نییە.

د.ڕەحیم فەرەهمەند، وتەبێژی بەرەی یەکگرتووی کورد، پێیوایە دەسەڵات ڕێگرە لە دروستبوونی حیزبێکی کوردی هاوشێوەی DTPی تورکیا لە ئێران، کە کار لە پێناو مافەکانی کورد بکات لەو وڵاتە "ئێران پێیوایە دروستبوونی حیزبێکی مەدەنی کوردی دەبێتە هۆی جیابوونەوەی کورد". ناوبراو پێیوایە "بارودۆخی تورکیا و ئێران زۆر لە یەکتر جیاوازن، تورکیا هەموو هەوڵێک دەدات ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا بۆیە ڕێگە بە حیزبی کوردی دەدات، بەڵام لە ئێران وا نییە".

بەرەی یەکگرتووی کورد، کە بەدەستپێشخەری سیاسەتکار و سەرمایەداری کورد بەهائەدین ئەدەب و ژمارەیەک کەسایەتی کورد لە تاران ڕاگەیێندرا، بەمەبەستی کردنی بە حیزب، بەڵام لەلایەن ئێرانەوە مۆڵەتی کارکردنی سیاسی پێنەدرا.

ئێران نەک ڕێگە بە دروستبوونی حیزبێکی کوردی نادات، تەنانەت زۆرجار ڕێ لە دروستبوونی حیزبی مەزهەبی شیعەش دەگرێ. جەلال جەلالیزادە، ئەندامی پێشووی پەرلەمان و ئەندامی حیزبی موشارەکەتی ئیسلامی ئێران پێیوایە "ڕێگرییەکانی دەسەڵات زۆرن لە ڕێی دروستکردنی حیزبێکی سیاسی کوردی لە ئێران، چونکە ئێستا حیزبی مەزهەبیش ڕێگەی پێنادرێ".

وەک چالاکڤانانی بواری سیاسی ئاماژەی پێدەدەن، چەندین هەوڵ دراون بۆ دامەزراندنی حیزبێکی کوردی مەدەنی لە ئێران، بەڵام شکستیان هێناوە، لەوانەش هەوڵی دامەزراندنی حیزبی ئاشتی و ئازادی لەسەردەمی خاتەمی و بەرەی یەکگرتووی کورد.

حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دامەزراندنی حیزبێکی مەدەنی بە ئەستەم دەزانن لە سایەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵام ئەوانیش بەدەر نین لە ڕەخنە لێگرتن و سیاسەتمەداران دەڵێن حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانیش سیاسەتی کارکردنیان دیار نییە و هەوڵیان بۆ دامەزراندنی حیزبی مەدەنی نەداوە.

خالد تەوەکولی ڕۆژنامەنووس و چالاکڤانی سیاسی پێیوایە "هەڵوێستی حیزبە کوردییەکان سەبارەت بەچالاکی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەرنامەی گرتنە بەری ڕێگەی مەدەنی و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییان دیار نییە و دەبێت حیزبە کوردییەکان خۆیان یەکلایی بکەنەوە".

د.ڕەحیم، وتەبێژی بەرەی یەکگرتووی کورد پێیوایە"حیزبە سیاسییەکان بۆ هەلومەرجی دروستکردنی حیزبی سیاسی مەدەنی لەکوردستانی ئێران خۆیان یەکلایی نەکردووەتەوە، دەبێت بیر لەو مەسەلەیە بکەنەوە، چونکە ئێستا هەلومەرجەکە گۆڕاوەو دەبێت لە ناوخۆی وڵات بوونمان هەبێ و تەنیا بیر لە ئۆپۆزسیۆن بوون نەکەینەوە، بەڵکو بیر لە بەشداریکردن بکەینەوە".

ڕەحیم ڕەخنەی لە هاووڵاتیانی کوردیش گرت کە کەمتر گرنگی بە مەسەلە سیاسییەکان دەدەن، ئەو هەڵبژاردنی ئەمجارەی سەرۆکایەتی ئێرانی بە نموونە هێنایەوەو گوتی "لەسەرجەم شارو شەقامەکانی ئێران باس باسی هەڵبژاردن بوو، بەڵام کورد نەیتوانی خۆی یەکلایی بکاتەوە کە دەنگ دەداتە کێ".

لەدوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەساڵی 1979، بۆ یەکەمجار لە خولی حەوتەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران دا، کورد لە ئێران بوونە کارتی هەڵبژاردن و کاندیدەکانی سەرۆکایەتی کۆمار بە ئاشکرا باسی کوردیان کرد، لەسەرووی هەموویانەوە مەهدی کەڕوبی، کە لە کارنامە هەشت خاڵییەکەیدا بۆ چارەسەری کێشەی کەمە نەتەوەکانی ئێران،بە تایبەتی باسی کوردی کرد.

هەر یەک لە پارتی ئازادی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران- باڵی عەبدوڵڵا حەسەن زادە،پشتگیریان لەبەرنامەکەی کەڕوبی کرد و داوایان لە خەڵک کرد بەشداری هەڵبژاردن بکەن. بەڵام لە سلێمانی زۆر لە دەنگدەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەنگیان بە ئەحمەدی نەژاد دا و لە ئەنجامیشدا هەر ئەو سەرکەوت و، کەڕوبی نەیتوانی ژمارەیەکی زۆری دەنگ بەدەست بێنێ.

حوسێن یەزدانپەنا، سکرتێری پارتی ئازادی کوردستان کە وەک خۆی گوتی بە پێچەوانەی سەرجەم حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران بیر لە بوونی حیزبی مەدەنی لە ئێران دەکاتەوە، ئەو دەڵێت "ئێستا پرۆسەی هەڵبژاردن و فاکتەرە پەیوەندیدارەکانی، کەشوهەوایەکی سیاسیان پێکهێناوە، کە کاندیدەکان ناچار بوون بەشێک لە داخوازییەکانی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران بخەنە نێو بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆیانەوە، بۆیە کاتی دامەزراندنی حیزبێکی سیاسیی قانوونی کوردی هاتووە". ناوبراو گوتیشی "ئێستا کاتێکی باشە کە ڕیفۆرمخوزەکان بەتایبەتیش کەڕوبی بخرێتە ژێر گوشارەوە بۆ ئەوەی بەڵێنی ئەوە بدا ڕێگری لە پێکهاتنی حیزبێکی کوردی قانوونی نەگرێ".

سەبارەت بە جۆری ئەو حیزبە مەدەنییەش یەزدانپەنا دەڵێت "ئەوحیزبە ئەگەر دابمەزرێ نابێ سەر بە دەوڵەت و باڵەکان بێت، دەبێ پەیوەندی نهێنی لەگەڵ دامودەزگا سیخورییەکان نەبێ. هاوکات نابێ لەلایەن هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە بۆ هەڵوێستی ڕادیکاڵ و توند بخرێتە ژێر گوشارەوە. هەروەها نابێت خۆی بە جێگرەوەی هێزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان دابنێ، بەڵکو دەبێ هەردوو لامان تەواوکەری یەکتر بین".

یەزدانپەنا، سەبارەت بە ڕای ئەندامانیان لەسەر هەڵوێستێکی لەو جۆرە گوتی "داوامان لە ئەندامانمان لەناوخوی وڵات کردووە کە پشتگیری هەموو جۆرە بزووتنەوەیەکی سیاسی بکەن لەناوخۆی وڵات، کە کار بکات لەپێناو دروستکردنی حیزبێکی سیاسی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان".



### کاتی دامەزراندنی حیزبێکی سیاسی قانوونی کوردی هاتووە

حوسێن یەزدانپەنا
سکرتێری پارتی ئازادی کوردستان



### حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات هەڵوێستیان بەرامبەر چالاکی مەدەنی ڕوون نییە

خالد تەوەکولی
ڕۆژنامەنووس و چالاکڤانی سیاسی

# خێوەتگەکانی ئاشتی چاوەڕێی وەڵامی تورکیان



**هێمن خۆشناو**
heminxoshnaw@yahoo.com

**ڕووداو - هەولێر**

لەدوای هەڵمەتی خوێندن بە زمانی دایک لەباکووری کوردستان، ڕێکخراوی دەستپێشخەری دایکانی ئاشتی و کۆمەڵەی کەسوکاری قوربانیانی میزۆپۆتامیا Meya Der بە دەستپێکردنی هەڵدانی "خێوەتگەی ئاشتی" دەستیان بە هەڵمەتێکی تازە کرد. سەرپەرشتیارانی هەڵمەتەکە دەڵێن ئامانج لەو کەمپینە فشار خستنە سەر تورکیایە بۆ ئەوەی وەڵامی ئاگربەستی تاک لایەنانەی PKK بداتەوە کە 15ی ئەو مانگە کۆتایی دێت.

خێوەتەکانی ئاشتی بۆ یەکەمجار لە ئامەد و ناوچەکانی دەوروبەری لە 2009/6/23 هەڵدران، دواتر زۆربەی شاروشارۆچکەکانی باکووری کوردستانی گرتەوە. ڕۆژانە بە سەتان هاووڵاتی سەردانی ئەو خێوەتگانە دەکەن و پشتگیری خۆیان بۆ ئەو هەڵمەتە دەردەبڕن.

دایکانی ئاشتی ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتییە لە 2003/9/1 لەلایەن دایکی ئەو گەریلایانەی لەشەڕی نێوان PKKو دەوڵەتی تورکیا گیانیان لەدەستداوە، دامەزراوە. هەروەها کۆمەڵەی کەسوکاری قوربانیانی میزۆپۆتامیاش لە 2008/8/15 دامەزرا. ئامانجی ئەو دوو کۆمەڵەیە فشارخستنە سەر دەوڵەتی تورکیایە بۆ ئەوەی وەڵامی داواکانی کورد بداتەوە و ئاشتی کۆمەڵایەتی سەقامگیر ببێ.

لەدوای ساڵی 2000ەوە بزووتنەوەی سیاسی کورد لە باکووری کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتی تورکیا، گۆڕانکارییەکی ستراتیژی بەسەر شێوازی ململانێی خۆیدا هێنا. چەندین ڕێکخراو و ناوەندی کۆمەڵایەتی فیکری و کولتووری هاتنە ئاراوە. هەرچەندە ئەو ڕێکخراوانە لەشێوازی ڕێکخراوەیی و کارکردندا جیاواز بن، لەنێوەڕۆکدا خزمەت بە ئامانجێک دەکەن، ئەویش چارەسەرکردنی کێشەی کوردە بە شێوازی ئاشتی و دیموکراتیانە. ئەمجارە باکووری کوردستان دەیەوێ بە ڕێگەی هەڵمەتی خێوەتگەی ئاشتی، سەرنجی جیهان و ڕای گشتی تورکیا بەلای خۆیدا ڕاکێشێت.

حەسەن پەنجە، سەرۆکی کۆمەڵەی Meya Der، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە هەڵمەتەکەیان 12 ڕۆژ درێژە دەکێشێ، ئامانجی کردنەوەی ئەو خێوەتگایەشی ڕوونکردەوەو گوتی "ئامانجمان لە کردنەوەی ئەو خێوەتگایانە، فشارخستنە سەر دەوڵەتی تورکیایە بۆ ئەوەی وەڵامی هەوڵەکانی ئاشتی بداتەوە، ئەگەر ڕەهەندێکی گەیشتن بە ئاشتی بریتی بێت لە ویست و باوەڕی لایەنە شەڕکەرەکان، ئەوا ڕەهەندی دووەم کە دەتوانێ کار لە بارودۆخەکە بکات بریتییە لە فشاری چین و توێژە فراوانەکانی کۆمەڵگا".

کورد لە باکووری کوردستان تائێستا چەندین شێوازی ئاشتیانەی وەکو "خێوەتگەی ئاشتی" تاقیکردووەتەوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد. ئایلا ئاکات ئاتا، ژنە پەرلەمانتاری کورد لە پەرلەمانی تورکیا لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەمە یەکەمین هەوڵی کۆمەڵگەی کوردی نییە بۆ ئاشتی "بۆ گەیشتن بە ئاشتییەکی هەمیشەیی گەلی کورد هەموو شێوازە دیموکراتییەکان دەگرێتەبەر، کردنەوەی خێوەتگەی ئاشتیش دوا شێواز نابێت".

بزووتنەوەی دیموکراتی نەتەوەیی لە باکووری کوردستان بە گرتنەبەری ئەو شێوازانە پشت ئەستوورە بە توێژە جیاواز و بەرفراوانەکانی کۆمەڵگە، سەرەڕای بوونی ترس لە ئایندەو دەزگا سەرکوتکەرەکانی دەوڵەت، هاووڵاتیانی کورد بەپیر داوای ئەو ڕێکخراوانەوە دەچن، بەمەش ڕەنگ و دەنگی کورد دەگەیێننە جیهان و مۆرکێکی دیموکراتیانە بە داواکانیان دەدەن.

سەرۆکی کۆمەڵەیەی Meya Der، جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەرەتا خێوەتگەکەیان سنووردار بوو "بەڵام دوای چەند ڕۆژێک کەمپینەکە بەرفراوان بوو، 6 شار و شارۆچکە لەخۆ دەگرێت. شوێنی لێدانانی ئەو خێوەتگایانە نزیکە لە دەزگا فەرمییەکانی دەوڵەت، ئەمەش وا دەکات کە زیاتر سەرنجی ناوەندەکان ڕابکێشن".

دەربارەی ژمارەو ئاستی کۆمەڵایەتی ئەو کەسانەی سەردانی ئەو خێوەتگایانە دەکەن حەسەن دەڵێ، ڕۆژانە و هەزاران کەس سەردانی خێوەتگاکانیان دەکەن "بەتایبەتی ئەو توێژ و ناوەندانەی کە بەهۆی نەبوونی ئاشتی زەرەرمەند دەبن و لەهەر کەس زیاتر باجی بەردەوامی شەڕ و ناسەقامگیری دەدەن. ئێمە بە ئەنجامدانی ئەو چالاکییە هەوڵدەدەین هەموو نیگاکان ڕاکێشینە سەر ئاگربەستی PKK، تا فشار لەسەر دەوڵەت و حکوومەت دروست بکەین بۆ ئەوەی بەتەنگ ئەو بانگەشەیەی PKKەوە بچن".

گوتیشی کە ئەگەر دەوڵەتی تورکیا وەڵامی ئاگربەستی PKK نەداتەوە "خێوەتگەی ئاشتی" دوا هەوڵی کۆمەڵەکەیان نابێ "ئەگەر دەوڵەت وەڵامی ئاگربەست نەداتەوە، ئەوا وێستگەی داهاتوومان، بەشێوەی قەڵغانی زیندوو ڕووکردنە ئەو هەرێمانەیە کە ئۆپەراسیۆنی تێدا ئەنجام دەدرێن، ئێمە ڕێکخراوێکین باوەڕمان بە شێوازی دیموکراسیانە هەیە، لە میتۆدی دیموکراسیشدا بنبەستبوون و چەقین نییە".

بۆ ئەوەی هەڵمەتە جەماوەرییەکان، ببنە هێزێکی گوشاری جەماوەری کاریگەر لەسەر ناوەندەکانی بڕیار، پێویستی زۆر بە ڕاگەیاندنێکی ئازاد و بوێر هەیە. بەهۆی پشتتێکردنی میدیای تورکی لە هەوڵە مەدەنییەکانی باکووری کوردستان، ئەو هەوڵە مەدەنیانە نەگەیشتوونەتە ئاستی دەنگدانەوەی جیهانی.

حەسەن پەنجە، میدیای تورکیا بە "میدیایەکی وابەستەو نا ئازاد" وەسفکردو گوتی "تائێستا لە ئاست ئەو هەوڵەی ئێمە بێدەنگن، باسی ناکەن، بەڵام بە هاوکاری و پشتگیری کەسانی دیموکرات و ئاشتیخواز، چاوەڕێ دەکەین لەهەفتەی داهاتوودا ناوەندەکانی هەواڵ و ئاژانسەکانی جیهان ڕوو لەهەرێمەکەمان بکەن".



یەکێک لە خیوەتەکانی داواکردنی ئاشتی لە باکووری کوردستان

(فۆتۆ: DIHA)

# سووریا ڕەنگەکانی کەسک و سۆر و زەرد لە کورد قەدەخە دەکات

**ڕووداو- قامشلۆ**

لەو پێنج ساڵەی دواییدا بەدەگمەنیش بێ، ئاهەنگ، زەماوەند و بۆنەیەکی کوردی نەبووە کە ئاڵای کوردستان یان ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان لەلایەن جەماوەرێکی زۆرەوە تێیدا بەرز نەکرابێتەوە. بەڵام دەوڵەتی سووریا لە سەرەتای ئەو مانگەدا بە بڕیارێک ئەو سێ ڕەنگانەی لە کورد قەدەخەکردن.

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیی عێراق و دەسەڵاتداربوونی بەرفراوانی کورد لە عێراق، ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان و هێما نەتەوەییەکانی کورد کەوتنە نێو هاووڵاتیانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان. بە درەنگیش بێ لە ساتەکانی ڕاپەڕینی ئاداری 2004 ترس لە هەڵدانی ئاڵای کوردستان ڕەویەوە. هەرچەندە دەستووری سووریا دان بە کورد دانانێ و هەموو شتێکی کورد لە سووریا قەدەخەیە، بەڵام کورد ئیدی گوێنادەنە ئەو قەدەخەکاریانە. ئەمەش بووەتە مایەی ئەوەی هێزی ئاسایشی سەر بە ڕژێمی سووریا هەوڵبدات ڕێگە لەبەردەم بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان بگرێ.

دەزگا ئەمنییەکان لە شاری قامشلۆ بەر لە ماوەیەک کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ خاوەن هۆڵەکانی ئاهەنگگێڕان سازکرد و چەندین فەرمانی بۆ دەرکردن، یەکێک لەفەرمانەکان ئەوەیە لە کاتی زەماوەندەکان نابێت ئاڵای کورد هەڵبدرێت، بەگوێرەی قسەی خاوەن هۆڵێکی ئاهەنگگێڕان لە قامشلۆ بۆ (ڕووداو)، کە لەترسی هێزەکانی ئاسایش نایەوێ ناوی ئاشکرابێت، خاوەن هۆڵەکە دەڵێ:" بەرپرسی هۆبەی ئەمنی سیاسی داوای لێکردین، لە ئاهەنگەکان ڕێگە نەدەین گۆرانیبێژ گۆرانی شۆڕشگێڕی و نەتەوەیی کوردی بڵێن،جگە لەمەش هەڵدانی ئاڵای کوردستان و بەرزکردنەوەی پەڕۆی کەسک و سوورو زەرد قەدەخەیە".

زۆربەی خاوەن هۆڵەکان گوێ نادەنە فەرمانی دەزگای ئەمنی سوری . لەم چەند ڕۆژەی دواییدا لە قامشلۆ چەندین ئاهەنگی بووک گواستنەوە ئەنجامدران، بەڵام جارێکی دیکە ئاڵای کوردستان تێیدا بەرزکرایەوە. لەبەرئەوەی ئەو وەرزە وەرزی زەماوەندگێڕان و بووک گواستنەوەیە لە ڕۆژئاوای کوردستان، خاوەن هۆڵەکان نایانەوێ موشتەریەکانیان بڕەوێننەوەو چاوپۆشییان لێدەکەن لەبەرامبەریاندا، سەبارەت بەم ڕاستییە خاوەن هۆڵێکی ئاهەنگ گێڕان دەڵێ:" ئێمە ناتوانین شتێک بەسەر هاووڵاتیاندا بسەپێنین کە ئەوان نایانەوێ بەجێی بگەیێنن، ئەگەر بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان قەدەخە بکەم، ئەوان ڕوودەکەنە هۆڵێکی دیکەو زەماوەندەکەیان لەوێ دەکەن".

تائێستا بەهۆی ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان هیچ کێشەیەک نەهاتووەتە ئاراوە، خاوەن هۆڵەکانی ئاهەنگگێڕان ئاواتەخوازن بە بەرتیل هێزەکانی ئەمن ڕازی بکەن، بۆ ئەوەی ڕێگە لەبەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان نەگرن.



پەرلەمانی کوردستان بە کۆمسیۆن دەڵێ :
ئێوە لە ژێر فشاردا گوتتان راپرسی دەستوورمان پێناکرێت



رووداو-هەولێر
عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، رۆژی 2009/7/8 لەکاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، لەتەلاری پەرلەمان گوتی، هەڵوێستی کۆمسیۆن کە رایگەیاند ناتوانێ هاوکات لەگەڵ ئەنجامدانی راپرسیی پەرلەمان ناتوانێ ئەنجامبدەن و گوتی ئەوە هەڵوێستەی کۆمسیۆن لەژێر فشاری هەندێ لایەندا هات کە لەسەر شاشەکانی تەلەفزیۆن بە ئاشکرا هەڵوێستی خۆیان دژی دەستووری کوردستان نیشاندا، گوتیشی پەرلەمانی ئەمرۆ 2009/7/9کۆبوونەوەیەک لەوبارەوە دەکات.

# لیستەکان بە نوکتە شەڕی هەڵبژاردن دەکەن






سەلام سەعدی
salam2004s@yahoo.com

رووداو- هەولێر

بەهەمان شێوەی کەشوهەوای هەڵمەتەکانی هەڵبـــژاردن لە زۆربەی وڵاتانـــی دنیادا، لە هەرێمی کوردستانیش نوکتەوگاڵتەوگەپ وەک ئامرازێکی پروپاگەندە هاوشانی هەڵمەتەکانی پروپاگەندە خەریکی جوانکردن یان حەیابردنی لیســـتە رکابەرەکانە. لەم شەڕەدا هەمیشە جۆرێک لەنابەرابەری هەیەو تەرازووی هێز بەو لایەدا دەشکێتەوە کە زۆرترین و بەهێزترین نوکتە دەخاتە بازاڕەکەوە، بەوەشدا کە رۆحی نوکتەبازی و گاڵتەجاڕی هەمیشـــە یەکێک بووە لەتایبەتمەندییەکانی خەڵکی سلێمانی، زۆربەی جـاران هـــەر ئەوێ ســـەرچاوەی نوکتەکانە کە هەمیشـــە نوێترین نوکتەی بۆ نوێترین دیاردەو رووداو هەیە.

### نوکتەی سیاسی دیاردەیەکی جیهانییە

نوکتەکانی هەڵبـــژاردن لەریزی نوکتەی سیاسی دادەنرێن، ئەمجۆرە نوکتەیە زۆربەی جـاران لەو کۆمەڵگەیانەدا برەویان هەیە کە جۆرێک لەسەرکوتگەری سیاسی هەیەو بواری ئازادیی رادەربڕین تا راددەیەکی زۆر بەرتەسک کراوەتـــەوە، خەڵکی بـــۆ خۆبەتاڵکردنەوە لەتووڕەیـــی و ناڕەزایـــی و دەربڕینـــی حەزەکانیان بەشـــێوەیەکی ناڕاســـتەوخۆ، پەنا دەبەنە بەر نوکتـــە، هەر لەبەرئەوەش دەڵێن لەسەردەمی یەکێتی سۆڤێتی جاراندا، کە ئازادییـــە سیاســـییەکان زەوتکرابوون، رووســـەکان لەهەموو میللەتانی دیکەی دنیا زیاتر سەرگەرمی نوکتەگۆڕینەوە بوون لەسەر دەسەڵاتداران و سیستمی سیاسی وڵاتەکەیان. ئەو دیاردەیە تەنانەت دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت، لەسەردەمی بۆریس یەڵسن و فلادیمیر پوتینیشدا هەر برەوی هەبووە. بۆ نموونە یەکێک لە نوکتەکانی سەردەمی پوتین دەڵێت "پوتین و دیموکراتێک و شیوعییەک خەریکـــی هەڵمەتـــی هەڵبـــژاردن بـــوون، دیموکراتەکە دەیگوت ئەگـــەر دەنگ بدەنە من بەڵێن بـــێ وەک ئەمریکییەکان دەژین، کۆمۆنیستەکەش دەیگوت ئەگەر دەنگ بدەنە من وەک سەردەمی یەکێتی سۆڤێت دەژین، پوتینیش دەیگوت ئەگـــەر دەنگ بدەنە من دەژین".

لەئێرانیش، بەتایبەتی لەم دووخولەی دوایی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماردا، کە جاری یەکەم مەحموود ئەحمەدی نەژاد سەرکەوتنی بەدەســـتهێناو دووەمین دەرچوونەوەشـــی ئاژاوەیەکـــی گەورەی بـــەدوای خۆیدا هێنا، ئەوانـــەی ســـەر بەباڵی ریفۆرمـــن یان هەر لەبنەماوە دژی سەرلەبەری رژێمەکەن، وەک بێزارییەک بەرامبەر کەمی ئیختیارەکانیان کە دەنگ بەهەر پاڵێوراوێک بدەن ئەنجامەکەی هـــەر رژێمی کۆمـــاری ئیســـلامییە، دەیان نوکتەیان لەسەر پاڵێوراوەکان بڵاوکردبووەوە، بۆنموونە دەیانگوت دەنگ دەدەینە موحسین قاڵیجانی نەژاد کە کۆکراوەی ناوی هەرچوار پاڵێـــوراوی ئەوکاتی باڵـــی موحافیزکارانی توندڕەو موحســـین رەزایی، محەممەد باقر قاڵیباف، عەلی لاریجانی و ئەحمەدی نەژاد بوو.

قاڵیباف لە ئێران ناوی بنەماڵەیە، هەروەها ناوی پیشـــەیەکی دەستیشە کە تائێستاش لە ئێران رەواجێکـــی زۆری هەیە، قاڵیباف ئەو کەســـەیە کە فەرش دەچنێ. دەڵێن لە ئێرانییەکیان پرســـیبوو دەنگ دەدەیە کێ؟ گوتبووی دایکم. بۆچی؟ چونکە باشـــترین قاڵیبافە.

لەئێران نوکتەکان زیاتر پێشـــاندەری ئەو بێئومێدییە بوون کە لای ئێرانییەکان بەرامبەر هەڵبژاردن و خراپبوونی باری بژێوی و دۆخی نەگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی پەیدابووە.

دەڵێن پیاوێکی نەخوێندەوار بڕیاری دابوو خۆی بۆ ســـەرۆکایەتی کۆمار کاندید بکات، کاتێک لیژنەکـــە داوای لێبوردنیان لێکردبوو کە ئەو نەخوێندەوارەو ناتوانێ خۆی کاندید بـــکات، گوتبووی "باشـــە کوا لـــەم وڵاتە بڕوانامەو خوێندەواری هێندە گرنگ بووە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات؟".

لەم هەڵبژاردنەی دواییشـــدا، یەکێک لەو نوکتانـــەی لە رێی کورتەنامەکانی مۆبایلەوە دەستاودەستی پێدەکرا، نوکتەیەک بوو لەسەر مەهدی کەڕووبی سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی ئێران کـــە بەڵێنی دابوو ئەگـــەر دەربچێ، مانگانە 50 هەزار تومەن بۆ هەرکەســـێکی ســـەروو تەمەن 18 ساڵ ببڕێتەوە، نوکتەکە دەیگـــوت "دەتوانی ملیۆنێک تومەنم بەقەرز بدەیتێ؟ هەرکە کەڕووبی بووە سەرۆک بەڵێن بێ هەموو مانگێک 50 هەزارت بدەمەوە".

ئـــەم نوکتـــەو گاڵتەجاڕییـــە لەدوایین هەڵبژاردنەکانی فەلەستینیشدا بەشێوەیەک بڵاوبـــووەوە کـــە تەنانـــەت رۆژنامـــە ئیسرائیلییەکانیش هەڵوێستەیان لەسەرکرد، لـــەوێ نوکتەکان زیاتـــر دژی حەماس بوون کە ئەگەر بگاتە دەســـەڵات رەوشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی فەلەستینییەکان چـــی بەســـەردێت. خۆشـــیەکەی لەوەدایە حەماس سەرەڕای ئەو هەموو نوکتەیەش هەر سەرکەوت.

بەشـــێوەیەکی گشـــتی، ئـــەوەی جۆرو ناوەڕۆکی نوکتەی سیاســـی دیاری دەکات، رژێمی حوکمڕان و ئەو رەوشـــە سیاسییەیە کە لەوڵاتێکدا باڵادەســـتە. لەو شـــوێنانەی هەڵبژاردن بەشێک نییە لەکەلتووری سیاسی، نوکتـــەکان بەجۆرێکی دیکـــەن، بۆ نموونە لەوڵاتـــە عەرەبییەکان کە هیچ هەڵبژاردنێک نییـــەو خەڵکی تەنیا بەیعەت بۆ ســـەرۆکی هەمیشە سەرۆک نوێ دەکەنەوە، نوکتەیەک هەیە گوایە کابرایەک بەهەموو عەقڵی خۆی لەسەر ئەو پسولەیەی کە تەنیا (بەڵێ) و (نەخێـــر)ی تێدایـــە، (نەخێر)ێکی لێداوە. ژنەکەی کە لەماڵەوە بەوە دەزانێ، زەندەقی دەچێ و دەســـتدەکاتە شین و گریان بۆ ئەو چارەنووســـەی چاوەڕێیـــان دەکات، کابرای عەرەب بەپەلە رادەکاتەوە بۆ بنکەی دەنگدان تـــا پێیانبڵێ هەڵـــەی کـــردووەو دەیەوێ هەڵەکەی راســـت بکاتەوە، چاودێری ســـەر سندووقەکەش هەندێک دڵنەوایی دەکاو دەڵێ "زانیمان وەزعت زۆر تـــەواو نییەو لەوانەیە نەخۆش بیت، خۆمان هەڵەکەمان بۆ راست کردیتەوە!!".

### نوکتە کوردییەکان دەڵێن چی؟

لەهەرێمی کوردســـتان کـــە کێبڕکێیەکی توند لەسەر کورسییەکانی پەرلەمانی داهاتوو لەئارادایە، ئەو نوکتانەی تائێستا بڵاون، هەست دەکرێ کەمتر تەرکیزیان کردووەتە سەر لێدان لەپاڵێوراوێکـــی دیاریکراو، هەروەها رەگەزی گاڵتەکردن بەخودی پرۆســـەی هەڵبژاردنی تێدا بەدی ناکرێ وەک ئەوەی لەئێران هەبوو، ئەمانە دەکرێ وەک لایەنی پۆزەتیف تەماشا بکرێن. نوکتەکان زیاتر سوعبەتکردنن لەگەڵ سیاسییەکان و لەگەڵ هەندێ لە لیستەکان، زیاتر دەچنە خانەی پروپاگەندەو پێشاندانی راددەی جەماوەرییبوونی لیستێکی دیاریکراو وەک ئەوەی دەڵێن گوایە لیستی کوردستانی فانیلەیەکی ژمارە 54ی داوەتە خۆشناوێک، کەچی بۆی بردوونەتەوەو داوای فانیلەیەکی 57ی کردووەو گوتوویەتی 54 بۆمن تەسکە 57ێکم بدەنێ.

لەهەولێر زیاتر نوکتە لەســـەر خۆشناوان دەکرێ، لە سلێمانیش لەسەر هەورامییەکان، دیارە لەو هەڵبژاردنەشـــدا ئەوانە هەر لە بیر نەکراون.

لەســـەر نابەرابەریـــی پاڵێوراوەکانـــی سەرۆکایەتی هەرێمیش نوکتەیەک هەیە، مانگی رابردوو ئەو رۆژەی رۆژنامەنووســـان داوەتی لای مەســـعود بارزانـــی ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان کرابوون، ئەوکاتەی ئۆتۆمبێلەکانی سەرۆکایەتی هەرێم زۆر خێرا لێیاندەخوڕین، یەکێک بە تەنیشـــتەکەی خۆی دەڵێ "باشە بۆ وا خێرا لێدەخوڕن؟" ئەوەی تەنیشتیشی گوتوویەتـــی "ئاخر دەزانـــن زۆریان نەماوەو دەبێ دوو رۆژیتر هەمووی تەســـلیمی کەمال میراودەلی بکەن، بۆیە رەحمیان پێناکەن!!".

لەســـلێمانی، لەگـــەڵ دەســـتپێکردنی هەڵمەتەکانـــی هەڵبژاردن، شـــارەوانی ئەو شـــارە هەڵمەتێکی بـــۆ تەواوکردنی پرۆژە تەواونەکراوەکان و قیرتاوکردنی شەقامەکان دەســـتپێکرد، گوایە بەوجـــۆرە لەتووڕەیی خەڵـــک کـــەم دەکەنەوە، کەچـــی خەڵکی سلێمانی دەیانگوت "ئەم حکومەتە تەبیعەتی قوتابی تەمبەڵی هەیە، تەنیا شـــەوی پێش ئیمتیحان دەکەوێتە خۆی!".

ئەوانـــەی ســـەر بەلیســـتی گۆڕانـــن، نوکتەیەکیان لەســـەر مام جەلال داهێناوە، گوایە زۆر خراپ لەشـــۆفێرەکەی تووڕەبووە کاتێک گوتوویەتی "دەچم رۆنی ئۆتومبێلەکە دەگـــۆڕم". لایەنگرانـــی مـــام جەلالیـــش بەنوکتەیـــەک وەڵامیان داونەتـــەوە، گوایە کاتێک نەوشیروان مســـتەفا لەدانیشتنێکدا گوتوویەتی 50 کورسیمان دەوێ، مام جەلال گوتوویەتی "بۆ. حەفلەتان هەیە؟".

هێشـــتا بۆ ئەنجامدانـــی هەڵبژاردنەکان نزیکـــەی 15 رۆژی دیکەمان ماوەو دیارنییە لەمـــاوەی ئەو چەنـــد رۆژەدا چەند نوکتەی دیکەی خەڵکی سلێمانی گوتەنی "بەقوەت" دەبیستین.

# کۆمسیۆن لە بوونی دەستتێوەردانی مالیکی دەکۆڵێتەوە

## راوێژکارێکی نوری مالیکی: "مالیکی داوای لە ئەمریکا کردووە فشار بخاتە سەر کورد بۆ راگرتنی دەستوور"



عەلی حەمەساڵح
ali@rudaw.net

رووداو- هەولێر

کۆمســـیۆنی بـــاڵای ســـەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق تاوەکو ئێستا دڵنیا نییە کە مالیکی لەنێو کۆمسیۆندا رۆڵی نەبینیوە بۆ دواخستنی راپرسی لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان، پەرلەمانتارێکی عێراقیش دەڵێت مالیکی داوای لـــە جۆزیف بایدن کردووە کە فشار بخاتە سەر کورد بۆ راگرتنی دەستووری کوردستان.

لەدوایین کۆبوونەوەی نێوان سەرۆکایەتی پەرلەمانـــی کوردســـتان و ئەنجوومەنـــی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، کۆمسیۆن رایگەیاند ئەگەر پەرلەمانی کوردســـتان رازیبێت هەڵبژاردنی پەرلەمان و ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان دوابخات بۆ 2009/8/11 دەتوانـــێ راپرســـی لە ســـەر پرۆژەی دەســـتووری هەرێمی کوردســـتان ئەنجامبـــدات، ئەگەرنـــا ناتوانێت هەرچەندە فۆرمەکانی راپرسییەکەیشی ئامادە کردووە، نووسینگەکانی کۆمسیۆن لەهەرسێ پارێزگا ئامادەیی خۆیان نیشـــاندابوو بۆ ئەنجامدانی راپرســـییەکە. ئەم بڕیارە کـــە هەندێ لا بە کتوپـــڕی دادەنێن، پەرلەمانی کوردســـتانی نیگەران کرد .بـــەڵام ئەو لایانەنانەی کە دژی راپرسیکردن بوون لەسەر دەستوور لەوکاتەدا، هەنگاوەکەیان بە گرنگ دانا.

نیـــوەڕۆی 2009/7/7، عەدنـــان موفتی ســـەرۆکی پەرلەمانـــی کوردســـتان لەگەڵ سکرتێر و ســـەرۆک و نوێنەرانی فراکسیۆنە سیاسییەکانی پەرلەمانی کوردستان دانیشت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەڵوێستی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بۆ دواخستنی راپرسی لەسەر دەستوور.

پەرلەمانی کوردستان گومانی لە بڕیارەکەی کۆمســـیۆن هەیە و لەراگەیاندراوێکدا دەڵێ "لـــە دانیشـــتنی رۆژی 3ی ئـــەم مانگە لە کۆبوونەوەی نێوان پەرلەمانی کوردســـتان و

> **ئەگەر دەستوورەکە دوومانگیش دوابکەوێت مانای ئەوە نییە رابگیرێت**
>
> سەعدی ئەحمەد پیرە،
> ئەندامی مەکەتەبی سیاسی یەکێتی

کۆمسیۆنی باڵادا زۆربەی زۆری ئەو کۆسپانەی کە کۆمســـیۆن ئامـــاژەی پێکـــردوون وەک بیانوویەک بۆ دواخســـتنی پرۆسەی راپرسی لەسەر دەستوور یەکلایی کرایەوەو ئامادەیی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە خرایەڕوو بۆ ئەوەی راپرسییەکە لە 7/25 ئەنجام بدرێت". بەپێی ئەو راگەیێندراوە "ئەم هەڵوێســـتەی کۆمسیۆن زیاتر لەژێر فشاری سیاسیدا بووە نەک بەهۆی لایەنی تەکنیکییەوە بێت".

پەرلەمانی کوردستان، ناوی هیچ لایەنێکی سیاسی نەهێناوە، کە دەستی لە فشارخستنە سەر کۆمسیۆنی باڵا هەبووبێت بۆ دواخستنی راپرسییەکە. شـــێروان حەیدەری، سەرۆکی لیژنەی یاســـایی لە پەرلەمانی کوردســـتان، گوتی "نامەوێت راستەوخۆ ناوی هیچ لایەنێک بێنم، بەڵام لایەنی سیاسی لە دواخستنەکەدا باڵادەســـتە بەسەر لایەنی تەکنیکیدا و دیارە کێش بەهێزە". شـــێروان حەیدەری، ئاماژەی بەوەشـــکرد کە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان هەڵوێســـتی خـــۆی لەبـــارەی بڕیارەکـــەی کۆمسیۆنەوە رادەگەیێنێت.

مالیکی، یەکێکە لەوانەی دژی دەستووری کوردســـتانە و پێیوایە تێیدا کورد زێدەڕۆیی کردووە چونکە باســـی ســـنووری مێژوویی کوردی کردووە کـــە کەرکووک و ناوچەکانی چوارچێوەی مـــادەی 140 دەگرێتەوە، بۆیە چاودێرانی سیاســـی گومانی ئـــەوە دەکەن کە لەژێر فشـــاری مالیکدا کۆمسیۆن بڕیاری دواخستنی راپرسییەکەی دابێت.

ســـامی ئەترۆشـــی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق بۆ (رووداو) گوتـــی مالیکی و تەواوی هێزە عەرەبییەکانی عێـــراق لەگەڵ راگرتنی دەســـتووری کوردســـتاندان و مالیکیـــش هەموو هەوڵێک بۆ ئەو مەبەســـتە دەگرێتە بەر "مالیکی بە دەستووری کوردستان رازی نییە، سامی عەسکەری کەسێکی زۆر نزیکی مالیکییەو راوێژکاریەتی، لێمان بیســـت کە لەدانیشتنەکەی مالیکی لەگەڵ جۆزیف بایدن، مالیکی جۆرە داواکارییەکی کردووە کە وەکو ئەمریکا بێنە ناو بابەتەکەوە بۆ وەســـتاندنی دەستووری هەرێمی کوردستان".

ســـامی ئەترۆشـــی، ئەوەش روونەدەکاتەوە کـــە "راســـتە هەندێـــک لایەنـــی عێراقـــی لەراگەیاندنەکانـــەوە قســـەناکەن لەبـــارەی دەستووری کوردستانەوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە پەیوەندییان لەگەڵ کورد ناخۆش نەبێت، بەڵام لەبەغدا کە لەگـــەڵ پەرلەمانتارانی عێراقیدا گفتوگۆ دەکەین نەک تەنیا مالیکی و حیزبی دەعوە، تەواوی لایەنە سیاسییەکانی عێراقی بەسوننەو شـــیعەوە لەگەڵ دەســـتورەکەدا نین".



> **بەدواداچوون دەکەین ئەگەر بۆمان بسەلمێندرێ هەر شتێکی سیاسی هەبووە بۆ دواخستنی ریفراندۆمەکە ئێمەش قسەی خۆمان دەبێت**
>
> سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان

بۆ هەڵوێستی ئەمریکاش، ئەو پەرلەمانتارە کوردە، ئامـــاژە بەوە دەکات کـــە ئەمریکا لەگەڵ دەســـتوورەکەدا نییە "بۆئەم قۆناخە ئەمریکاش پێی باش نییە ئەم دەســـتوورە دەربچێت و کێشەیەکی نوێ لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدادا دروستبکات، بایدنیش بەشێوەیەک هەوڵیداوە بۆ دواخستنی، بەڵام وردەکارییەکەی نازانم".

سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێـــراق، دڵنیانییە لەوەی کە مالیکی بەهیچ شـــێوەیەک دەســـتتێوەردانی نەکردبێت و، بە (رووداو)ی راگەیاند "هیچ فشارێکی مالیکی راســـتەوخۆ لەســـەر ئێمە نەبـــووە، بەڵام بەدواداچون دەکەین ئەگەر بۆمان بسەلمێندرێ هەر شتێکی سیاسی هەبووە بۆ دواخستنی ریفراندۆمەکە ئێمەش قسەی خۆمان دەبێت، کاتێک ئێمە موناقەشمان دەکرد زیاتر باسی لایەنـــە تەکنکییەکە دەکرا، هەســـتمان بە فشاری راستەوخۆ نەکردووە".

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، رەخنە لەمالیکی دەگرێت کە دەســـتتێوەردان لەدەســـتوور کاری ئەو نییە "بەپێی دەســـتووری عێراقی هەرێمەکان مافی ئەوەیان هەیە کە دەستووریان هەبێت، ئەگەر ئـــەو رەخنەیەکی هەبێـــت دەکرێت لەرێگـــەی دادگای دەســـتورییەوە ســـکاڵا بکات".

ســـەعدی پیرە، ئاماژە بەوشـــدەکات کە سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆی نییە دەستوەردان لەکاری کۆمسیۆندا بکات "دەتوانێت بەنوێنەری حیزبـــی دەعوە بڵێـــت لە کۆمســـیۆن کە دەستورەکە دوابخرێت، ئەگەر دوو هەفتەش دوابکەوێت مانای ئەوە نییە دەســـتوورەکە رابگیرێت".

ســـەعدی پیرە، ئاماژە بـــەوەدەکات کە مالیکی ئەگەر رێگری بکات لەپاش ریفراندۆم دەتوانێت "ئەگەر گرفتێک هەبوو پێشکەشی دادگای دەســـتوری دەکرێت، ئەگەر دادگای دەستووری توانی دیاری بکات کە ماددەیەک پێچەوانەیە لەگەڵ دەستوری عێراقی ئەوکات لەوێ چارەسەر دەکرێت".

> **لەم قۆناخەدا ئەمریکاش پێی باش نییە ئەم دەستوورە دەربچێت و کێشەیەکی نوێ لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدادا دروستبکات، بایدنیش بەشێوەیەک هەوڵیداوە بۆ دواخستنی، بەڵام وردەکارییەکەی نازانم**
>
> سامی ئەترۆشی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق

## سەڵاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو:

# ئێمە دژی یانەی شەوان نین



سەڵاحەدین بەهائەدین دەڵێ پارتی و یەکێتی ئێستا لە جاران باشترن، بەرگەی رای بەرامبەر و بۆچوونی جیاواز دەگرن

(فۆتۆ:کریستۆف پتیت تیسۆن)

**سەڵاحەدین محەممەد بەهائەدین، سەرۆکی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، وادیارە کە سیاسەتمەدارێکی مێشک کراوەو گەشبین و میانڕەوە. لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا، لیستەکەی کە پێکهاتووە لە چوار پارتی کوردی، ئامانجیان بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و خزم خزمێنەیە لە کوردستان و دەشیانەوێت 25 بۆ 30 کورسی بەدەست بێنن.**

**لەبارەگای مەکتەبی سیاسیان لە هەولێر، یەکەمین کاری مەیدانی خۆم بە چاوپێکەوتن لەگەڵ سەڵاحەدین بەهائەدین، دەربارەی هەڵبژاردنەکان دەستپێکرد.**

**ئەمینداری گشتی یەکگرتوو رایگەیاند کە سەرسامە بە حوکمڕانی پارتی داد و گەشەپێدانی ئەردۆغان و ئەوەشی درکاند کە "ئاساییە یانەی شەوان لە کوردستان بکرێنەوە"، بەو مەرجەی کە دیسکۆکارانی کورد مافی خەڵکی دیکە پێشێل نەکەن.**

**ڤلادیمێر ڤان ویڵخنبروخ**
**ڕووداو-هەولێر**



**ڤلادیمێر: بەرنامەی لیستەکەتان لەم هەڵبژاردنەدا چییە؟**

**سەلاحەددین بەهائەدین:** لیستەکەمان باسی پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکان دەکات، چاکسازی ئەو لایەنانە دەکات کە گەندەڵی و کەموکورتی تێدایە، لە ڕووی ئیداری و سیاسییەوەو چەند بوارێکی گرتووەتە خۆی، مەسەلەی ئازادییەکان، شەفافییەت، دارایی گشتی و مەسەلەی دادوەری و بازاڕو تەزکییەو قۆرخکردنی حکومەت بۆ حیزب.

**ڤلادیمێر: لە هەڵبژاردنەکانی 2005دا ئێوە توانیتان 15%ی دەنگەکان بەدەستبێنن، سەرەڕای ئەوەی کە گوشارتان لەسەر بوو لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە، ئایا پێتانوایە لەم هەڵبژاردنەدا ڕێژەکەتان چۆن دەبێت؟**

**سەلاحەددین بەهائەدین:** ئومێدمان وایە کە ئێستا هۆشیاری و پێگەیشتن و تێگەیشتنی هاووڵاتی زیاتر بوو بێت، تاڕادەیەکیش ئازادییەکان لەجاران زۆرترن و ڕۆژنامەنووسی ئەهلی و ئازاد ڕۆڵی باشیان بینیوە و چاودێری نێودەوڵەتیش زۆرترن، پارتی و یەکێتیش زۆرتر تێگەیشتوون کە ئەو پێشێلکاری و تەزویرە خزمەت ناکات، ئومێدمان وایە پرۆسەکە بە پاکی و سەلامەتی بگوزەرێت و ئەگەر وابێت لە 25 کورسی دەستپێدەکات تاوەکو 35 بۆ 40 کورسی لەحاڵەتی ئاساییداو، موفاجەئاتیش جیایە.

**ڤلادیمێر: پێتوایە ئێستا یەکێتی و پارتی تێگەیشتوون کە دیموکراسی چۆن کار دەکات؟**

**سەلاحەددین بەهائەدین:** وەکو تیۆری لە مێژە تێگەیشتوون، 60 ساڵە ناوی خۆیان ناوە دیموکراتی، بەڵام ناو حساب نییە، وەکو ڕۆشنبیری

**ئێستا کە نەوت دەفرۆشن و پەیوەندییان خۆشە لەگەڵ تورکیا لەو کاتەوە دەستپێکرد کە وەفدێک بەسەرۆکایەتی من چووینە تورکیا ئێستا منەتی ئەوەشمان نازانن**

و هەڵسوکەوت هێشتا زۆری ماوە. بەڵام باشترە لە جاران، تەحەمولی رای بەرامبەر و بۆچوونی جیاواز دەکەن، ئێستا بەبۆچونی من باشترە لە 4 ساڵ پێش ئێستا، بەڵام وەکو سلوک و ڕۆشنبیری بێتە ناو هاووڵاتی و ناو کادیرو ئەندامانی حیزبەکان زۆری ماوە.

**ڤلادیمێر: لەبەرئەوەی من کوردی باش نازانم، بۆ پرسیارەکانم هەندێجار پشت بە ڕاگەیاندنی تورکی دەبەستم، ئەوان دەڵێن لیستی کوردستانی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان پارەیەکی زۆر دەداتە گۆرانیبێژان، هەروەها لیستی گۆڕانیش دەبینین هەندێک گۆرانیبێژی خۆیان هەیە، ئایا ئێوە پارەتانداوەتە هونەرمەندان گۆرانیتان بۆ بڵێن؟**

**سەلاحەددین بەهائەدین:** لە هەموو شوێنێک گرنگی بە سروود و گۆرانی دەدرێ لە بۆنەکاندا، ئێمەش سروودمان هەیەو گەنجەکانمان پشتگوێ نەخستوون. بەڵام ئێمە تاوەکو ئێستاش بایەخی زۆرمان بە ڕاگەیاندن نەداوە، هەڵمەتەکە بەسادەیی دەڕوات لەبەرچەند هۆکارێک، یەکێکیان ئیمکاناتمان نییە وەکو لیستی کوردستانی و، نامانەوێت هەرا دروستبکەین بە جۆرێک وەک خەڵکی دیکە هاووڵاتی بێزار بکەین. دەمانەوێت هەڵمەتێکی ئارام دەست پێبکەین، نەک تەواو ناشرینییەکانی کوردستان دەربخەین و جوانییەکان بشارینەوە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن، نەک هەموو جوانییەکانیش دەربخەین وەکو ئەوەی حیزبی دەسەڵات دەیکات، واقیعی بین.

**ڤلادیمێر: واتە ئێوە لەهەڵمەتەکاندا جوانییەکان و خراپەکانیش باس دەکەن؟**

**سەلاحەددین بەهائەدین:** بەلای کەم جوانییەکان ناشارینەوە، چونکە هەڵمەتی هەڵبژاردن هەندێک بێ ئینسافی تێدا دەکرێت، ئێمە ئەوەش ناکەین، جوانییەکان ناشارینەوە ئەگەر گەورەیان نەکەین و ناشرینییەکانیش پەردەپۆش ناکەین.

**ڤلادیمێر: ئێوە وەکو لیستی گۆڕان نین، کە دەڵێن مادام لیستی کوردستانیت تۆ جاشیت؟**

**سەلاحەددین بەهائەدین:** ئێمە بۆچوونمان وانییە، لەسەر فەلسەفەی ئیدارەی هەرێمەکە قسەمان هەیە، واتە سیستەمەکە سیستەمێکی تەندروست نییە، پارتی و یەکێتی ئەو بۆچوونەی کە هەیانە لەئیدارەی وڵات و ئەو کارەی کە دەیکەن جێگەی ڕەخنەیە، ئەگینا وردەکارییەکە رەنگە جوانی و ناشرینی تێدا بێت. ئەزموونی کوردستان هی هەموو خەڵکی کوردستانەو تاپۆو موڵکی کەسێک نییە، حیزب و کەسەکەی دیکە میوان بێت یان لە دەرەوەی بازنە بێ. ئێمە دەڵێین ئەم ئەزموونە هی هەموومانە، با هەموو بەچاوی ڕەخنەوە سەیری بکەین و دڵسۆزانە کاری لەسەر بکەین، بۆ ئەوەش کارمان کردووە دوو سێ ساڵە یاداشت و ڕاپۆرت و پرۆژەمان داوەتە دەسەڵات بۆ چاکسازی و هەوڵی زۆرمانداوە کە بە خۆشی بگەینە ئەو ئەنجامە، بەڵام ئەوە وێستگەی هەڵبژاردنیش هاتە پێش، ئاساییە ئێمە تێدەکۆشین بۆ ئەوەی ئەو چاکسازییانە ئەنجامبدرێن، ئێمە نەتۆراوین.

**ڤلادیمێر: کە ئێوە نەتۆراون ئەوەش بەڵگەیە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بێدەنگترن لەلیستەکانی دیکە؟**

**سەلاحەددین بەهائەدین:** دیارە لیستی کوردستانی دەیەوێت کورسییەکانی لەدەست دەرنەچێت و کورسی دەسەڵاتی لەژێردا بمێنێت، لیستی گۆڕان تورەیەو تۆڵەستێنەو دەیەوێت حەقی ئەو ماوەیەش بستێنێت کە ناکۆکی نێوخۆی حیزبی هەبووەوکارەکەی ڕەد فیعلییە. ئێمە لەمێژە قسەمان هەیە لەسەر کاری حکومەت و کاری سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەت و کاری حکومەت و وەزارەتەکان و پەرلەمان، شتەکان تازە نین، ئێمە لە واقیعدا کێبرکێ لەگەڵ لیستی کوردستانی دەکەین نەک گۆڕان، ئەوان بەرەفیقی خۆمان نازانین، چونکە چالاکی و ناوچەو خەڵکیان سنووردارە. جگە لە شێوازی هەڵمەتەکەیان، زۆر لەو شتانەی کە لیستی گۆڕان دەیڵێن ئێمەش ڕەنگە بۆچوونمان وابێت، بەڵام لەوانەیە لەشێوازی چارەسەرکردنیدا جیابین. بۆ نموونە لەسەر گەندەڵی بۆچوونمان جیاوازبێت، ئێمە لەو باوەڕەداین سیستمی حوکمڕانی کوردستان و مرۆڤەکانیش گۆڕانکاریان دەوێت، دەموچاوەکان پیربوون و 18 ساڵ کەم نییە و دەبێ نۆرەی گەنجەکانیش دێت، دووجار مرۆڤ لادەبرێت لەسەر پۆست جارێک لەسەر گەندەڵی و لێنەهاتوویی، جارێکیش لەبەرئەوەی کە سیستەم وابێت کە تەمەنێکی دیاریکراوت تەواوکرد ئیدی تەواوبێ، جاری واهەیە کەسێک زۆر لێهاتووە، بەڵام تەمەنی تەواوبووە، لێرە کێشە ئەوەیە وادەزانێت دەسەڵات بەدرێژایی تەمەنە، تاوەکو گیانی تێدا بێت دەبێت لە دەستی دابێت.

**ڤلادیمێر: لە سەرۆکی پارتێکی ئایینی مەسیحی هۆڵەندیم پرسی بۆچوونت لەسەر عەلمانییەت چییە، گوتی عەلمانییەت ئەوەندە مەترسیدارە وەک تیرۆریزم، ئەی بۆچوونی تۆ چییە؟**

**سەلاحەددین بەهائەدین:** وادەزانم عەلمانییەت چەند جۆرێکی هەیە، عەلمانییەتی میانڕەو، عەلمانییەتی توندڕەو، عەلمانییەتی مولحید هەیە، عەلمانییەتی تاڕادەیەک زانستی هەیە و دینی نییە، بەڵام دژی دینیش نییە. ئێستا لەکوردستان و ناوچەکە گرفتارین و موبتەلاین بەدەست دوو چینەوە، هەردووکیان توندڕەون، ئیسلامی توندڕەو عەلمانی توندڕەو، هەردووکیان بەڵان، هەردووکیشیان دەبنە هۆکار بۆ بوونی ئەوی دیکە. بۆیە جیاوازی و دەستپێشخەری لیستەکەی ئێمە ئەوەیە کە کۆکەرەوەی ئیسلامی و عەلمانییە لە یەک لیستدا، هەردوو لایەنەکە توندڕەو نین، میانڕەون، ئەوەش شتێکی گەورەیە کردوومانە، ئەوەش نانبڕینی هەندێک کەسە کە نانی لەسەر شەڕی ئیسلامی و عەلمانییە لەکوردستاندا، ئێمەش خوا لەخێری دەرنەکات بەم ئیشە نانیان دەبڕین و مەگەر دەست بە کاسبییەکی دیکە بکەن.

**ڤلادیمێر: بەو هاوپەیمانییە لەگەڵ عەلمانییەکان دەتانەوێ وا خۆتان پیشانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بدەن کە ئێوە ئیسلامییەکی توندڕەو نین تاوەکو لە داهاتوودا ئەمریکییەکان یان وڵاتانی ڕۆژئاوا پشتگیریتان بکەن؟**

**سەلاحەددین بەهائەدین:** ئەوانەی کە ڕزقیان لەسەر ئەو شەڕەیە وادەڵێن کە گوایە ئێمە خۆمان جوان دەکەین لای خەڵک. ئێمە باوەڕمان وایە گۆڕەپانی کوردستان هی هەموومانە بە عەلمانی و ئیسلامیی و تورکمان و ئاشووری، لەبەرئەوە پێکەوە ژیان حەتمییەتی هەیە کە دەبێت پێکەوە بژین. ئێمە پێشتریش وەکو یەکگرتوو لە 1994وە کە هاتووین بەردەوام لەگەڵ حیزبی دیکەدا لەهاوپەیمانی و کاری هاوبەشدا بووین، هیچ کاتێک بڕوامان بەوە نەبووە بەرەیەکی ئیسلامی دروستبکەین. پێکەوە پڕۆژە نووسین و دابەزاندن مانای ئەوەیە کە دەتوانین لەگەڵ خەڵک هەڵبکەین، ئەوەش پێویستی کۆمەڵگەی خۆمانە، ئەوە پێویستی بەوە نییە نانی پێ پەیدا بکەین، ئێمە نانمان لەوەدایە لەکۆمەڵگەی خۆماندا بە ئاسودەیی بژین و ئاشتی کۆمەڵایەتی دروستبکەین. ئەوە قەناعەت و فەلسەفەی ئێمەیە نەک ئەمڕۆ بەڵکو 15 ساڵیش لەمەوبەر. ئێمە بڕوامان بەگفتوگۆ بووە، ئینجا ئەو سێ حیزبەی دیکەش لەو بوارەدا هاو فیکرن لەگەڵ ئێمەدا، رەنگە هەندێکیان پێشتر وانەبووبن، بەڵام ئێستا وان. ئەم تێگەیشتنەی ئێمە پێویستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە بەگشتی، بەڵام بەهۆی ئەو کێبرکێ حیزبییەی کە هەیە، خەریکە عەیبداری دەکەن، لەجیاتی ئەوەی تەقدیری ئەو پێکەوە هاوکاری و ئەو پێکەوە دابەزینە بکەن عەیبداری دەکەن و دەڵێن ئەوانە بۆ مەرامی حیزبی و کورسی کۆبوونەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەندەی کە هاوپەیمانییە لەڕووی فیکر و بنەما فکرییەکانەوە گرنگە، ئەوەندە لەڕووی ئەنجامەکەوە گرنگ نییە. ئێمە وەکو یەکگرتوو بەبێ ئەو هاوپەیمانێتییەش دەمانتوانی چەند کورسییەکمان بهێنایە وەکو جارانی دیکە، لەکوردستاندا ئەوەندە بوونمان هەیە کە بەتەنیا دابەزین.

**ڤلادیمێر: کاتێک لەتورکیا بووم، بەیانیان زوو لەبەرامبەرم مزگەوتێک هەبوو بە بانگی مزگەوتەکە لە خەو هەڵدەستام لەو بەریشمەوە یانەیەکی شەوان هەبوو خەڵکێکی زۆر دەچوونە ئەوێ. ئێستاش لەتورکیا کە حیزبی داد و گەشەپێدان دەسەڵاتدارە، یانە هەیەو خەڵک مەشروب دەخواتەوە، ئەگەر ئێوە هاتنە سەر حوکم کراوە دەبن بەرامبەر یانەی شەوان و خواردنەوە؟**

**سەلاحەددین بەهائەدین:** ڕەنگە تایبەتمەندی کۆمەڵگەکان جیاواز بێت، ئادابی گشتی لێرە بەشێوەیەک لە شێوەکان جیاوازە لەگەڵ کۆمەڵگەی



**پەیوەندیمان لەگەڵ DTP نییە کە کۆپییەکی دەقاودەقی PKKیە**

تورکیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لەروانگەی مەبدەئییەوە مادام باوەڕمان بە ئازادی مرۆڤ هەیە، بڕوامان بەوە هەیە "لا اکراه فی الدین" واتە بەزۆر دیندار ناکرێ، لەبەرئەوەی کۆمەڵێک خەڵک داوای ئەو یانەیە دەکەن بەو مەرجەی کاریگەی سلبی لەسەر ئازادی گشتی نەکات ئاساییە، هەرکەس موشتەری خۆی بەو مەرجەی ئازادی خەڵک پێشێل نەکات و ئادابی گشتی ڕەچاو بکرێت. کابرا لەماڵی خۆی یان لە یانەیەک دەخواتەوە ئەوە دەکرێت، بەڵام بێت لەسەر شەقامەکان شەڕ فرۆشی بکات ئەوە ناکرێت. ئێمە لێرە وا بەنێوبانگین لەگەڵ حیزبی داد و گەشەپێدان پەیوەندیمان خۆشە. ئێمە وەک ئەزموونێکی سەرکەوتوو تەماشای دەکەین.

**ڤلادیمێر: لە کاتی هەڵمەتەکاندا پۆستەرێکی چوار حیزبەکە بڵاوکراوەتەوە، کە چوار کچن لەچکیان بەسەرەوە نییە، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە هیچ کێشەتان نییە کچان حیجاب نەکەن؟**

**سەلاحەددین بەهائەدین:** لەسەر ئاستی تاک ئاساییە، لەچککردن بریتییە لە ئیلتیزامی شەخسەکە خۆی، لە عەقیدەشدا نییە لە سلکویشدا نییە، بەڵام ئەوەی کە وێنەیەک بوو بێت بەناوی حیزبەوە نەمبینیوە، بەڵام ڕەنگە منداڵ بووبن، چونکە وەکو لیستەکە بانگەشەی وامان نییە.

**ڤلادیمێر: ئەگەر شتێکی وابێت کێشەیە؟**

**سەلاحەددین بەهائەدین:** شتی وام لە پۆستەرەکانمان نەبینیوە، پێویست ناکات بچینە شتی واوە ئەگەر کەسێک وایکرد کە سەری ڕووت بوو یان پۆشتە، کێشەیەک نییە لەسەری بوەستین، بەڵام کێشەی ئێمە ئەوەیە، شوێنێکی وەکو تورکیا یان فەرەنسا سەرپۆش قەدەخە دەکەن، بە زۆرکردنە سەری سەرپۆش خراپە و لابردنیشی بەزۆر هەر خراپە، ئێمە ئەوە بە پێشێلکاری مافی مرۆڤ دەزانین. ئەوە بەسەرۆکەکەت بڵێ لە فەرەنسا (ئاماژە بە فۆتۆگرافەر .....دەکات).

**ڤلادیمێر: من ئەوە بەسەرۆکەکەم دەڵێم باشە.**

**سەلاحەددین بەهائەدین:** پێی بڵێ عاقڵ بە تەدەخولی کاروباری شەخسی مەکە.

**ڤلادیمێر: برادەرێکم ڕاپۆرتێکی لە سایتی ئێوە خوێندووەتەوە کە لیستی گۆڕان لەلایەن یەکێتی دروستکراوە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ئیسلامی کە ئێوەن دەنگنەهێنێ و دەنگی کەم بکاتەوە. ئێوە پێتانوایە لیستی گۆڕان یاریەکی لیستی کوردستانی بێ، دوای هەڵبژاردنیش نەوشیروان مستەفا بچێتەوە ناو یەکێتی؟**

**سەلاحەددین بەهائەدین:** من بەو شێوەیەی نابینم، بەڵام قسە دەکرێ و ئەو شیکردنەوەیە هەیە. هەندێک چاودێری سیاسی وا دەزانن لیستی گۆڕان حاڵەتێکی کاتییە و نابێتە حیزب، بەڵکو هەڵمەتێکی سیاسییە، لە ئەنجامدا بۆ حیسابێکە، ئەو حیسابە بریتییە لە یەکێتی، ئەو چاودێرانە شتێکیان نییە بڵێی لەسەر زانیاری بینایان کردبێ هەر شیکردنەوەیە، چونکە ئەوانە هەموو یەکێتین، کەسیان نییە یەکێتی نەبێ، دەریش نەکراون لە یەکێتی، بەڵکو لە یەکێتی تۆراون، خیلافێکی نێوخۆیی حیزبیان بووەو لەگەڵ یەکێتی تێکچوون، ئەو تێکچوونەشیان لەگەڵ یەکێتی گۆڕی بۆ لیستێکی سیاسی، دەڵێن ئەو حاڵەتەش کاتییە، پەیوەندی بە مام جەلال و کاک نەوشیروانەوە هەیە، ئەگەر ئەوان ڕێککەون یان مام جەلال واز بێنێ لە پۆستەکەی خۆی، یان بە شێوەیەک لە شێوەکان، ئەوانە هەموو یەکێتین، ئەوە مەترسییەکی لەدڵی پارتیش دا دروستکردووە بۆ ئایندە، مانای وایە ئیحتمالی ئەوە هەیە، ئەوانە ببنەوە یەک لەگەڵ یەکێتی، دوایی کاریگەری هەبێ لەسەر هاوکێشەکان، ئەوەش قسەیەکە. هەندێک کەسی ڕەشبینتر هەیە، هەتا د.هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەدیش دەخەنە ئەو ریزەوەو دەڵێن ئەویش بەشێکە لەسیناریۆکە.

**ڤلادیمێر: دەنگدەرانی لیستی ئێوە دەنگ بە کام کاندیدی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەدەن؟**

**سەلاحەددین بەهائەدین:** ئێمە خۆمان کاندیدمان نییە و ئیلتیزامیشمان نییە دەنگ بە کێ بدەین، هێشتا بڕیاری کۆتاییشمان لەو بارەوە نەداوە.

**ڤلادیمێر: دەنگۆی ئەوە هەبوو، ئەندامانی خۆتان لە دهۆک ڕاسپاردبن دەنگ بدەنە مەسعود بارزانی؟**

**مامۆستا سەلاحەدین:** ئەوە ڕاست نییە، ئەو باسە نەکراوە، نە سەفقەیەک هەیە و نە مامەڵەیەکمان کردووە. هێشتا روون نییە.

**ڤلادیمێر: من هەندێک تورکی دەزانم بۆیە هەوڵدەدەم زۆر بەدواداچوون لەسەر مەسەلەی کورد لە تورکیا بکەم، زۆر ئاژانسی دەنگوباسی فورات دەخوێنمەوە، وا بزانم سەر بە PKKیە، دەڵێن فەتحوڵڵا گولەن پشتیوانی لە لیستی گۆڕان دەکات، هەروەها لە مانگی نیسانی ڕابردوو ڕاپۆرتێکیان بڵاوکردەوە کە لەبەرئەوەی ئێوە ئیسلامییەکی نەرمڕەون پاڵپشتی ئێوەش دەکات. ئایا ئەوە ڕاستە؟**

**سەلاحەددین بەهائەدین:** باسی گۆڕان ناکەین، باسی بەشەکەی خۆمان دەکەین. فەتحوڵڵا گولەن بزووتنەوەیەکی سیاسی نییە، شتێکی پەروەردەیی و زانستییە لەهەولێر و سلێمانی قوتابخانەیان هەیە. قوتابخانەیەکی سەرکەوتووشە، کتێب و گۆڤار و نووسینیان هەیە، ئێمە لەگەڵ کتێبەکانی سەعید نورسی کە مامۆستای ئەو فەتحوڵڵا گولەنانەیە دەمێکە لە 60ەکانەوە کتێبی سەعید نورسیمان خوێندووەتەوە، لەبەرئەوە لەوانەیە عیلاقەیەکی فیکری تاڕادەیەک هەبێ، ڕەنگە لە کتێبخانەی ئێمە کتێبی فەتحوڵڵا گولەن هەبن.

**ڤلادیمێر: هیچ چالاکییان لێرە هەیە؟**

**سەلاحەددین بەهائەدین:** نا. ئەوان تەلەڤزیۆنی STV یان هەیە شتی زۆر جوانی تێدایە، هەندێک لە تەلەڤزیۆنەکانی ئێمە شتەکانی ئەوانیان وەرگێڕاوە، دەتوانی بڵێی هاوبەشییەکی پەروەردەییە، هاوبەشی دەکات لەو شتانەی کە هیچ پەیوەندییەکی نە سیاسی و نە ئۆرگانی هەیە.

**ڤلادیمێر: ئێوە بۆ بەشداری پرسەی موحسین یازچی ئۆغلۆ چوونە تورکیا، بۆچی؟**

**سەلاحەددین بەهائەدین:** موحسین یازچی ئۆغلۆ یەکێکبوو لە سەرکردەکانی MHP لە حەفتاکان و هەشتاکان گیرابوو، لە زیندان تۆبەی کردو ئینسانێکی دینداری لێدەرچوو، دواتر هاتە دەرەوە حیزبێکی دامەزراند بەناوی حیزبی یەکێتی تورکیای گەورە BBP. من لە ساڵی 1995 لە بەربانگێکی ڕەمەزاندا ناسیم، لەو کاتەوە پەیوەندیمان هەبوو، مەرحەبایی و هاتووچۆمان هەبوو، تا ئەو ساڵە لەکاتی هەڵبژاردنی تورکیا فڕۆکەکەی کەوتە خوارەوە وەفاتی کرد منیش چوومە پرسەکەی. دواتر بەشێک لەو کاسبانە (بەپێکەنینەوە) کردیانە هەرا، کە ئەوە پەیوەندی هەیە لەگەڵ شۆڤێنییە تورکەکان و چووەتە پرسەیان و درۆو دەسەلەیان دروستکرد. ئاساییە، ئەخلاقییەن من کە برادەرایەتی ئەو کەسەم کردووەو مەرحەباییم کردووە، کە چوومە ئەوێ خۆی شەخسییەتێک و سەرۆک حیزبێکە، لە مەراسیمی تەشیعەکە هەموو لەوێ بوون، عەبدوڵڵا گیول و سەرۆک ئەرکان، منیشیان لەو ریزە ریزکرد و میوان بووم پێیانخۆشبوو، دواتر ڕۆژنامەکان لەسەریان نووسیم، بەلای منەوە ئەوە شتێکی ئاساییە و شانازیشی پێوە دەکەم، ئەوە کەی کێشەیە. من گوێم نەدایێ. ئێمە وەکو یەکگرتوو لەنەوەتەکانەوە تاوەکو ئێستا پەیوەندیمان لەگەڵ تورکیا خۆشبووە، هەمووجار بەموناسەبە چووین و هاتووین، لەگەڵ پارتی دادو گەشەپێدان AKP پەیوەندیمان خۆشە، کاتێک تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان ناکۆکی تووندی هەبوو، لێرە هەرەشەمان لێدەکردن و تورەبووین لێیان، ئەوانیش تورەبوون لێمان، ئێمە لەئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان، وەفدێکمان بە سەرۆکایەتی من ئامادەکردو چووینە تورکیا، ئاشتییەکمان دەستپێکرد، ئەوەی کە ئێستا نەوت دەفرۆشن و نێوانیان خۆشە لەو کاتەوە دەستپێکرد، منەتی ئەوەشمان نازانن (بەپێکەنینەوە). ئەوکات تورکیا پێشوازی لە کورد نەدەکرد، لەبەر خاتری من د.ئەحمەد داود ئۆغلۆ کە ئێستا وەزیری دەرەوەیە و ناسیاویم لەگەڵی هەیە، ئەومان کردە واستە گوتمان کاکە بۆ خاتری خوا ئێمە کوردین وەفدێکمان دێت، باشبوو پێشوازیان کردین. مەبەستم ئەوەیە ئێمە لەگەڵ

**ئەگەر هەڵبژاردنەکە پاک بێت 25 تاوەکو 40 کورسی دێنین**

تورکیا نێوانمان خۆشبوو، موحسین ئۆغلۆ خودا عەفوی بکات، پیاوێکی شۆڤێنی نەبوو، دیندار بوو، بەڵام ئەوانە دەڵێن دژی کورد بووە، من هیچم لێنەبیستووە. کێشەی ئەو خەڵکە ئەوەیە ئەگەر لەگەڵی نەبی، ئەگەر ئیسلامی بێ کافرت دەکات، ئەگەر عەلمانی بی خائینی دەکات. پرسی کورد لە سەردەمی AKP باشترین مەوسیمیەتی، کورد بەدرێژایی تەمەنی لە تورکیا ئەوەندەی ئەمڕۆ قیمەتی نەبووەو حیساب بۆ کەسایەتی نەکراوە، خەریکە لەلایەنی سیاسییەوە موبادەرەی چارەسەری پرسەکەی دەکرێ، دەبێ بە هەموو لایەک تەقدیری AKP بکەین نەک لێیبخوێنین.

**ڤلادیمێر: هیچ پەیوەندییەکتان لەگەڵ DTP هەیە؟**

**سەلاحەددین بەهائەدین:** نەخێر، (بەپێکەنینەوە)، DTP نووسخەیەکی تەبقەلئەسڵی PKKیە. سیاسەتیش بە توندڕەوی ناکرێ، بە نەرمی دەکرێ. بەڵام ئومێد دەکەین DTP بکەوێتە

**پارتی و یەکێتی 60 ساڵە ناوی خۆیان ناوە دیموکراتی، بەڵام ناو حساب نییە**

سەر هێڵی سەلامەتی، بتوانێ نوێنەرایەتی کورد بکات نەک نوێنەرایەتی PKK، PKK بەشێکە لە کورد، هەموو کورد نییە.

**ڤلادیمێر: ئێوە دەڵێن یەکێک لە ئامانجەکانمان ئەوەیە دژی مەحسوبییەتن، بەڵام لە لیستەکەتان زۆر خزم و کەسوکاری سەرکردەی حیزبەکانتانی تێدایە؟**

**سەلاحەددین بەهائەدین:** (بە پێکەنینەوە) درۆی هەموو کاسبەکانت کۆ کردووەتەوە. ئەوە جەماعەتێکن ئیش و کاریان ئەوەیە. ئەو شتە ئەسڵو ئەساسی نییە. ئەگەر بڵێن برایەکی کاک محەممەدی حاجی مەحمودی تێدایە، ئەوە کەی دەبێتە بەڵگە بۆ تۆ بڵێی ئەوە حەیف و مەیلی کردووە، پەرلەمانتاری چییە؟ شتێک نییە پۆستەکە ئەوەندە ئەوە بێ، ئەو قسەیە ڕاست نییە. من کوڕی مامم ناوی عومەر عەبدولعەزیزە، ئەوە 30 ساڵە شەخسیەتێکی سیاسییە و لە مەکتەبی سیاسییە ئەگەر کوڕی مامم بێ، کوڕی پورم بێ، کەی کێشەیە. کەی کێشەی ئەو خەڵکە ئەوەیە، کێشەی ئەو خەڵکە ئەوەیە شت حەیف و مەیل بکرێ، دزی بکرێ، ئەوە نییە کە کەسوکار حەزف بکرێ. ئەو کوڕە کە ئامۆزای من بێ، دەبێ زوڵم لە کەفائەتەکەی بکەم؟ ئەوە چەند ماوەیە هیچ پۆستێکی حکومی نەبووە. ئێمە بۆ دانانی کاندیدەکان فۆرمێکمان هەبوو، کێ لێهاتوویی زۆرتر بووە ئەوەمان داناوە، پێوەر لەلای ئێمە کەفائەت و دڵسۆزییە، نەک شتێکی دیکە. خەڵکی دیکە دەڵێ ئەو کوردستانە دوو بنەماڵە حوکمی دەکات، بارزانی و تاڵەبانی، جا بارزانی و تاڵەبانیش هەندێک کاسبیان بە کرێ گرتووە، کە ئەو قسانە بکەن، بڵێن خۆ حیزبەکانی دیکەش وان.

**ڤلادیمێر: پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندی، کاتێک ئەندامانیان دەچنە پەرلەمان، ڕێژەیەکی زۆر لە مووچەکەیان دەدەنە پارتەکەیان، ئێوەش هەمان شت دەکەن؟**

**سەلاحەددین بەهائەدین:** ئێمەش وەکو یەکگرتوو واین. پەرلەمانتارو وەزیرەکانمان لە کوردستان 40%ی مووچەکەیان، ئەوانەی لە بەغدان 50%ی مووچەکەیان دەدەنە حیزب.

**ڤلادیمێر: ئەگەر ئێوە ئەو 30 کورسیەتان بەدەستهێنا وەکو ئۆپۆزسیۆن کار دەکەن یان بەشداری حکومەت دەکەن؟**

**سەلاحەددین بەهائەدین:** ئەوە ئەوکات دەردەکەوێ، لەوانەیە بەبێ ئێمە حکومەت تەشکیل نەبێ، لەوانەیە وەکو شەراکەتیش بەشداریمان پێ بکەن بۆ جوانی. لەوانەیە لەگەڵ لیستێکی دیکەی وەکو گۆڕان پێکەوە، لەوانەیە پارتی و یەکێتی بۆ خۆیان جیا ببنەوە، بڕوا ناکەم تا سەر کۆک بن. ئەگەر بەشدارییەکی شەراکەتی نەبێ ئۆپۆزسیۆن دەبین و ناچینە ناو حکومەت.

**ڤلادیمێر: لە وڵاتانی دیکە بینیومە لەکاتی هەڵبژاردن زۆر لە سیاسەتمەداران زۆر مەشغوڵن و ماوەیەکی کەمیان هەیە بۆ خێزانەکانیان، ئایا خێزانی ئێوە لەو ماوەیەدا چۆنە، کاتت هەیە بۆ ئەوان؟**

**سەلاحەددین بەهائەدین:** لێرە ئەوەندە بەتووندیمان نەگرتووە، بەڵام هەر مەشغوڵین.

# هونەر و هەمەجۆر



## باڵەبان بووە کوردستانی

ڕووداو- هەولێر

گۆرانیبێژ و موزیکژەنی گەنج ئومێد باڵەبان، گۆرانییەکی بۆ لیستی کوردستانی و مەسعود بارزانی پاڵێوراوی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کلیپکرد. ئومێد باڵەبان لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو گۆرانییە بەناوی (دەنگ دەدەین)ە، لە ئاواز و ئامادەکردنی خۆمە و تێکستەکەی خۆم و حەسەن دانیشفەرە". باڵەبان ئاماژەی بەوەدا کە ئەو گۆرانییە بۆ ئەوەیە وەک گۆرانیبێژێک دەنگی خۆی بخاتە پاڵ ئەو کەسانەی کە دەنگ بە بارزانی و لیستی کوردستانی دەدەن، دەڵێ "لیستی کوردستانی سەرکەوتووترین لیستە و خاوەن بەرخودان و خزمەتێکی زۆرە". ئەو گۆرانییەکە لەلایەن کەناڵی کوردستان تیڤییەوە تۆمارکراوە، کاری کلیپیسی بۆ کراوە.

### وائیل کەفوری و یارا بۆ (ڕووداو):

# حەزدەکەین بێینە هەولێر





**ڕووداو-بەیروت**

هەردوو هونەرمەندی لوبنانی، وائیل کەفوری و یارا بە (ڕووداو)یان ڕاگەیاند کە حەزدەکەن بۆ ئاهەنگگێڕان بێنە کوردستان.

یارائەستێرەیتازەهەڵکەوتووی لوبنانی، خۆشەویستی خۆی بۆ هۆگرانی دەنگی لە کوردستان دەربڕی و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەماوەی ڕابردوودا خەڵکێکی زۆر لە کوردستانەوە پەیوەندییان پێوە کردووم و خۆشەویستی و سەرسامی خۆیان بۆ من خستووەتەڕوو"، هەروەها گوتی "منیش ئەوانم زۆر خۆشدەوێ و حەزدەکەم پەیوەندیم لەگەڵیان بەردەوام بێ، هیوادارم لە نزیکەوە بیانبینم و ئەگەر بانگهێشت بکرێم حەز دەکەم بێمە کوردستان".

وائیل کەفوری تۆپستاری گۆرانی لوبنانیش لە ڕێگەی (ڕووداو)ەوە ئامادەیی خۆی نیشاندا، کە بێتە هەولێر و ئاهەنگێکی جەماوەری بگێڕێت، بێئاگایی خۆیشی لەو هەواڵانە ڕاگەیاند کە هەندێ کۆمپانیا لەبارەی سازکردنی ئاهەنگێک لە هەولێر بڵاویان کردەوە. وائیل کەفوری لەوبارەوە لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) گوتی "تائێستا هیچ بانگهێشتێکم بۆ ئاهەنگگێڕان لە هەولێرەوە بۆ نەهاتووەو کەس پەیوەندی پێوە نەکردووم"، بەڵام لە هەمانکاتدا گوتیشی "ئەگەر داخوازییەکی وا هاتە پێشەوە زۆر بەگەرمی پێشوازی لێدەکەم".

وائیل کەفوری کە بەیەکێک لەپێشەنگانی گۆرانی لوبنانی دادەنرێ و وەک گۆرانیبێژێکی ڕۆمانسی ناسراوە، خەمباری خۆی بۆ بارودۆخی عێراق نیشاندا و هیوای خواست لە ڕێگەی سازکردنی کۆنسێرت لە شاری هەولێر بتوانێت بە هۆگرانی خۆی لەعێراق شادببێت، گوتیشی "بەداخەوە بارودۆخی عێراق بەم ئاستە گەیشت، دڵم هەمیشە لەلای خەڵکی عێراقە و ئەو خەڵکە شایستەی ئارامی و ئاسوودەیی زیاترە، بەو هیوایەم لەنزیکترین دەرفەتتدا لەنزیکەوە بیانبینم".

کەفوری لە 14ی سێپتەمبەری 1974 لەشاری (زەحلە)ی لوبنانی لەدایکبووە، کە بەبوکی دەشتی بیقاع دادەنرێ. لەبەرئەوەش کە لە خێزانێکی هونەردۆست هاتووەتە دنیاوە، هەر لەمێرمنداڵییەوە بەپشتیوانی دایکی و باوکی ڕێگەی بەرەو دنیای هونەر گرتەبەر.

کەفوری ساڵی 1992 لەڕێگەی بەرنامەی (ستودیو الفن) کە لەکەناڵی LBC لوبنانی پێشکێش دەکرا، خۆی وەک هونەرمەندێکی بەتوانا بە لوبنانییەکان ناساند. لەو خولەی بەرنامەکەدا کە جگە لەو، هونەرمەندانی وەک دیانا حەداد، ئەلیسا، کاتیا حەرب، جوانا مەلاح و کاتیا فەرەح بەشداربوون، وائیل کەفوری لەنێو هەموویاندا توانی میدالیای زێڕ بباتەوە.

ئاخاوتنی تایبەتی وائیل کەفوری و یارا بۆ (ڕووداو) لە چوارچێوەی فێستیڤاڵێکی کۆمپانیای LGدا هات کە لە هۆتێلی هەبتورگراند لە بەیروت سازکرا، تێیدا کۆمپانیای LG ڕایگەیاند کە هونەرمەند وائیل کەفورییان بۆ گەڕێکی دیکەش بە بڕی زیاتر لە یەک ملیۆن دۆلار بۆ ریکلامی بەرهەمێکی نوێی LG هەڵبژاردووە.

کەفوری کە ماوەی چەند ساڵێک بوو گرێبەستی تایبەتی لەگەڵ ڕۆتانا هەبوو، لەکاتی فیستیڤاڵی LG ئازادبوونی خۆی لە گرێبەستەکانی ڕۆتانا ڕاگەیاند، کە لەمەودوا دەتوانێت دوور لەوان چالاکی هونەری ئەنجامبدات.

وائیل کەفوری لە وەڵامی پرسیارێکی (ڕووداو)دا ڕوونیکردەوە، کە هەست دەکات ژمارەی هۆگرانی لە عێراق هێندەی هۆگرانی لە لوبنان زۆرن، بۆیەش ئەو خۆی بە تەنیا وەک هونەرمەندی لوبنان ناناسێت.

لەبارەی مامەڵەی LGیش گوتی "بە شێوازی ئیشکردنی ئەو کۆمپانیایە ئاسوودەم، بۆیە گرێبەستەکەم نوێ کردەوە".

سەرچاوەیەکی بەرپرس لە کۆمپانیای ناوبراویش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کە بۆ برەودان بە بەرهەمەکانی LG لە عێراق، لەوانەیە LG فیستیڤاڵێکی موزیک لە هەولێر سازبکات و هونەرمەندێک بکەنە سیمبولی برەودان بە بەرهەمەکانیان.




وائیل کەفوری و یارا لە پرێس کۆنفرانسێکدا لە فیستیڤاڵی LG لە بەیروت (فۆتۆ:ڕووداو)

---

# بەرنامەی بەرنامەش باڵ باڵێنی تێکەوت

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو-سلێمانی**

لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کە دەیانەوێ بەشێوازێکی دیکە و گوروتینێکی دیکەوە بێنەوە مەیدان و دەست بە بەرنامەی بەرنامە بکەنەوە، بەڵام دواتر ئەو بەرنامەیە بە کەمبوونەوەی ژمارەیەک لە ئەکتەرەکانی هاتەوە سەر شاشە. ئەحمەدی جۆڵا کە چووەتە گردەکە دەڵێ "دەنگ بەگیرفانی خاڵی دەدەم".

دوای لێدوانەکانی ئەحمەد جۆڵا بۆ بڵاوکراوەی لیستی گۆڕان، دەنگوباسی پەیوەندیکردنی بەشێک لەستافی بەرنامەی بەرنامە بەلیستی گۆڕان و خۆ ئامادەکردنیان بۆ کارکردن لە تەلەڤزیۆنی KNN بڵاوبووەوە. (ڕووداو) پەیوەندی بەجۆڵاوە کرد، بەڵام ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک لەو بارەوە بدات. نەرمین قادر کە لە دیمەنی مرۆڤ و تەلەڤزیۆنەکەدا ڕۆڵی دایکی جۆڵا دەبینێ گوتی "جۆڵا پەیوەندی بە لیستی گۆڕانەوە کردووە، بەڵام مووچە لە تەلەڤزیۆنی خاک وەردەگرێ و مووچەکەشی نەبڕدراوە".

نەرمین قادر دەڵێ "بەرنامەی بەرنامە موڵکی کاک مستەفا و ئەحمەد جۆڵا و کاک عومەر نییە تا بەڕۆیشتنی ئەوان بوەستێ و ئێمە ئێستاش کاری تێدا دەکەین و بەردەوام دەبین لەسەری"، ئەو دەڵێ هیچ کێشەیەکیان بە چوونی ئەو هاوکارانەیانەوە دروست نەبووە "شوێنەکانیان بەهونەرمەندانی دیکە پڕ دەکرێتەوە، بەڵام پێشمان خۆشە بگەڕێنەوە".

هەرچەندە هێشتا بەشێک لە ستافی بەرنامەکە سوورن لەسەر ئەوەی کە بەرنامەکە درێژەی هەبێت و لە شاشەکانی خاک و کوردسات دانەبڕێت، کەچی یاسین سەعیدی شانۆکارو دەرهێنەری شانۆیی پێیوایە کە بە ڕۆیشتنی مستەفا ئەحمەد (وەستا عەلی- میستەر) و ئەحمەدی جۆڵا و عومەری کەریم بیوەستێنین، بەڵام دوایی هەندێکیان پەشیمان بوونەوەو گوتیان دەست پێدەکەینەوە".

هەرچەندە لەسەرەتاوە بابەتەکەی نەبەستەوە بە لیستی گۆڕانەوە، بەڵام وەستاعەلی دەربارەی نەوشیروان مستەفا و لیستی گۆڕان گوتی "من و کاک نەوشیروان کوڕی یەک گەڕەکین و هاوڕێی کەریم ئاغا و زاهیر عەلی، سەردانی گردەکەیان کردووەو چاویان بە نەوشیروان مستەفا کەوتووە. عومەری کەریم ئاغا لەو بارەیەوە دەڵێ " ئێمە سیاسەتمان نەکردووەو هونەرمان کردووەو لەپێناوی خزمەتکردنی خەڵکیش کردوومانە"، سەبارەت بەهۆکاری وازهێنانیشی گوتی "بەرنامەی بەرنامە لای من تەمەنی تەواو بووەو کۆتایی هاتووە".

بەرنامەی بەرنامە، درێژترین بەرنامەی تەلەڤزیۆنیی کوردییە کە دوای داگیرساندنی یازدەمین مۆمی تەمەنی کێشە کەوتە نێو خێزانەکەیەوە، هەربۆیە هونەرمەندانی خاک بە"ریش سپی بەرنامەکان"ناوی دەبەن و زیاتر لە 100 ئەڵقەی لێ تۆمارکراوە.

مستەفا ئەحمەد دەڵێت سوودی زۆری لەچایخانەکانی ناوشاری سلێمانی وەردەگرت بۆ وەرگرتنی زانیاری و بیستنی کەموکوڕی و کێشەکان تا بیکاتە دیالۆگ و سیناریۆی ئەلقەکانی بەرنامەی بەرنامە "ئەو برادەرانەی کە وازمان هێناوە بەنیازین شانۆگەرییەک بکەین، چونکە بەڕاستی شانۆ زۆر فەرامۆشکراوە".

بڕیارە لەمەودوا گۆرانیبێژ عەزیز وەیسی لە هەموو ئەڵقەیەکی بەرنامەی بەرنامەوە دەربکەوێت و ئیدی هەوادارانی عەزیزی وەیسی ئەو تەنها بەمایکی گۆرانی گوتنەوە نابینن. عەزیز وەیسی یەکەم کاریشی بۆ بەرنامەکە گوتنی گۆرانییەک بوو بە باڵای لیستی کوردستانی. نەرمین قادر گوتی "عەزیز وەیسی داوای لەکاک بەرزان کردووە کە لەبەرنامەی بەرنامە کاربکات و کاک بەرزانیش قبوڵی کردووە". نەرمین گوتیشی "عەزیزی وەیسی زۆر حەز دەکات لە بەرنامەی بەرنامە کاربکات و بەبەردەوامیش سەیری ئەو بەرنامەیە دەکات، لە بەرنامەی داهاتووەوە کارمان لەگەڵ دەکات".




## عەزیزی وەیسی دەچێتە بەرنامەی بەرنامە

ئاغا بەرنامەکە چێژی خۆی لەدەست دەدات "چونکە ئەوانە دەمووچاوە کاریگەرەکانی ئەو بەرنامەیە بوون". یاسین سەعید گوتیشی "خەڵک زیاتر لەبەر ئەو هونەرمەندانە بەبەردەوامی تەماشای ئەو بەرنامەیان دەکرد".

مستەفا ئەحمەدی پاڵەوانی سەرەکی بەرنامەی بەرنامە، تەمەنی کاری هونەری بووەتە پەنجا ساڵی ڕەبەق و یەکێکە لەوانەی کە وازی لەبەرنامەکە هێناوە. ئەو خاوەنی چەندین نازناوە، کە ڕەنگدانەوەی ڕۆڵ بینینەکانیەتی لە کارە هونەرییەکاندا، وەک: وەستاعەلی، خولەپیزە، خولەی چەخماخساز و میستەر.

میستەر وازهێنانی خۆیان لەو بەرنامەیە بۆ ئەوە ناگێڕێتەوە کە پەیوەندییان بەلیستی گۆڕانەوە کردبێت "ئەو بەرنامەیە پیربیوو، بەرەومردن دەچوو، لەنێوخۆشماندا ناتەباییەک دروستبوو، تا یەک ئەڵقەمان تۆمار دەکرد تووشی هەزار بەزم دەبووین، بۆیە من و کاک شێرکۆو کاک بەرزان گەیشتینە ئەو قەناعەتەی منداڵی یەکین و ئاساییە سەردانی بکەم و وەک هونەرمەندێکیش مافی خۆمە چۆن بیربکەمەوە، بەڵام من خۆم بە موڵکی ئەو خەڵکە دەزانم و کار بۆ خەڵک دەکەم".

سەلاح ڕەشید، بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنی KNNی کۆمپانیای وشە ڕەتیکردەوە ئەو هونەرمەندانە پەیوەندییان بەو تەلەڤزیۆنەوە کردبێت بۆ بەرنامەیەکی هاوشێوەی بەرنامەی بەرنامە "تەلەڤزیۆنی ئێمە، تەلەڤزیۆنێکی هەواڵییە". بەڵام گوتی "ئەوان پەیوەندییان بە لیستی گۆڕانەوە کردووە".

"ئێمە هێشتا کاردەکەین و بەردەوامیش دەبین لەکارکردن". عیرفانی وەستا محەممەد کە لەنێو خەڵکدا بە "حەمە دەمبڵ" ناسراوە، ڕەتیکردەوە بەرنامەی بەرنامە وەستابێت و گوتیشی "ئەو برادەرانە ڕۆیشتوون، بەڵام بەرنامەکە نەوەستاوەو ئێمە وەک خۆمان بەردەوام دەبین و کێشەیەکی ئەوتۆمان نابێت".

بەپێی قسەی سەرچاوەیەک هەریەک لە مستەفا ئەحمەد، ئەحمەد جۆڵا، عومەری

## من و کاک نەوشیروان کوڕی یەک گەڕەکین، بەڵام من خۆم بە موڵکی ئەو خەڵکە دەزانم

مستەفا ئەحمەد

## شوێنەکانیان بەهونەرمەندانی دیکە پڕ دەکرێتەوە، بەڵام پێشمان خۆشە بگەڕێنەوە

نەرمین قادر

نەرمین قادر کە لە نێو ستافی بەرنامەکەدا زیاتر بە نەرمینی حەپسە قوبڵی ناسراوە، گوتیشی "ڕاستە ئەوان جێدەست دیارن، بەڵام ئێستاش خەڵک هەر دەستخۆشیمان لێدەکەن و چێژی زۆر لەبەرنامەکە وەردەگرن".

---

# بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی ayarfalaky@hotmail.com

### کاوڕ
Mar 21-Apr 19

لەم هەفتەیە بەدواوە دەتوانن باری دارایتان ڕێکبخەنەوە، ئەوانەتان کە پەستانی داراییان لەسەرە کار بۆ قەرەبووی دەکەنەوە، بەرنامەی چەند کورتە سەفەرێک دادەڕێژن.

### گا
Apr 20-May 20

ئەم هەفتەیە زۆر باش دەبێت،لایەنی سۆزداری لەگەڵ خێزان یان هاوسۆزەکانتان پێشکەوتن بە خۆیەوە دەبینێت، پێویستە کۆنترۆڵی خۆتان بکەن، ڕێگە مەدەن گرژی وتوڕەیتان لێ دەربکەوێت.

### جمک
May 21-Jun 21

کارەکان بە ڕەوتی ئاسایی خۆیاندا دەڕۆن، پێویست بە خۆماندووکردن و بیرکردنەوەی قوڵ وخەمناکی ناکات، داهاتوو بە گەشبینی خۆتان گەش دەبێت و بە ترس و دڵەڕاوکێ کارەکان دوا دەکەونەوە.

### قرژاڵ
Jun 22-Jul 22

پێویستە هەوڵێکی نوێ بدەنەوە بۆ ئەو کارەی ماوەیەکی زۆرە ماندووی کردوون، دەتوانن داوای هاوکاری لە کەسانی بەئەزموون بکەن، هەواڵی خۆش بەڕێوەیە.

### شێر
Jul 23-Aug 22

ئەم هەفتەیە هەست بە ئاسوودەیی دەکەن، ئەو کارانەی بێ ئەنجام مابوونەوە وەرچەرخانێکی باش بەخۆیانەوە دەبینن، پێویستە هێمنی خۆتان بپارێزن.

### گوڵەگەنم
Aug 23-Sep 22

خۆتان بۆ گۆڕانێکی گرنگ ئامادە دەکەن، وا باشە لە هەوڵدانتان بۆ بەشی باشتر ئەو کارانەی ئێستاتان لەدەست نەدەن، بۆ دڵنیایی دوودڵ مەبە لە باسکردنی شتێکی تایبەتی لەگەڵ کەسێک.

### تەرازوو
Sep 23-Oct 23

پێویستە زیاتر بڕواتان بە خۆتان بێت، بەشداری خۆشی ئازیزێکتان دەکەن، فرسەت باشتر دەبێت بۆ ئەوەی باری دەرامەتتان زیاتر بکەن.

### دووپشک
Oct 24-Nov 21

پێویستە هەنگاوەکانتان زیاتر ورد بکەنەوە، بیر لە بڕیارەکانتان بکەنەوە بەتایبەت ئەو شتانەی کاریگەری تەواوی لەسەرژیانتان دەبێت، ڕاڕا مەبە لەپەیوەندیت بە کەسانی ئازیزەوە.

### کەوان
Nov 22-Dec 21

پێویستیت بە نوێبوونەوە وگۆڕانکارییە، بۆ ئەمەش دەتوانی پەیوەندییەکی دوور ئەنجام بدەن لەگەڵ ئازیزانتان، کاتێکی باشە بۆ پۆشینی پۆشاکی نوێ و گرنگیدان بە جوانکاری و ڕێکپۆشی.

### کارژۆلە
Dec 22-Jan 19

ئەوانەتان کە لە هەوڵێک نشووستی هێناوە دەتوانن لەم هەفتەیە بەدواوە هەوڵەکانتان بەگەڕ بخەنەوە، بەربەستەکان تێکدەشکێن و فرسەتی باشە هەنگاوێک لە کارەکان بچنە پێشێ.

### سەتڵ
Jan 20- Feb 18

ئەم ماوەیە کەمێک خەیاڵەکانتان زۆر دەبێت، بۆیە باشە ئاگاداری کارەکانتان بن و ئاگاداری کێشی لەشتان بن، زیاتر خوو بەخواردنەوە دەگرن، کارکردن لەو بوارە هەڵبژێرن کە ئاسوودەتان دەکات.

### نەهەنگ
Feb 19-Mar 20

ڕێگە مەدە چواردەور دواکاری قورست لەسەر بچەسپێنن، کارەکان هەنگاو بە هەنگاو پتەوتر دەبن، سەردان و کورتە سەفەرەکان ئاسودەیی زیاترتان بۆ دابین دەکەن.

رووداو

# تاراوگە

## 8 پەناخوازی کورد لە شارێکی بەریتانیا دەستگیر دەکرێن



**رووداو-بەریتانیا**

**دوو پەناخوازی کورد لەبەریتانیا بە ناوەکانی (حەمید خۆشناو ئاوات عەلی) لەلایەن پۆلیسی شاری پلیماوس دەستگیرکران و ئێستا لەکامپێکی پەناخوازان دەستبەسەرن، لەبەر ئەوەی بەبێ مافی مانەوەیان هەبێ کاریان کردبوو.لەلایەکی دیکەوەش وتەبێژێک بەناوی ئاژانسی سنوورەکانی بەریتانیا ئـەوەی رەتکـردەوە کە ئەوان بە دوای پەناخوازانی کورد و ئاسـیاییەوە بن و گوتی ئەوان هیـچ نەتەوەیەکیان نەکردووەتە ئامانج بۆ دەستگیرکردنی پەناخوازەکانیان "تەنیا ئەو کەسانە دەستگیر دەکەین کە مافی مانەوەیان لێرە نییە". تا ئێستا هەشت پەناخوازی کوردی عێراق لەو شارە دەستگیرکراون و چەند پەناخوازێکی دیکەش بە فڕۆکە رەوانەی شاری هەولێر کراونەتەوە.**

## سیامەند بەننا، باڵیۆزی عێراق لە هۆڵەندا دەیەوێ دیدارێکی رۆژنامەڤانی لەگەڵ مالیکی و رەفسەنجانی بکات

# حکومەتی کوردستان ناچارە پەناخوازانی کورد لە ئەوروپا وەربگرێتەوە

**هێمن عەبدوڵڵا**
**رووداو- دەنهاخ**

سیامەند بەننای باڵیۆزی عێراق لە هۆڵەندا پێیوایە حکومەتی کوردستان پێویستە ئەو پەناخوازە کوردانەی لەلایەن دەوڵەتە ئەورووپییەکانەوە دەنێردرێنەوە وەربگرێتەوە. ئەو لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ (رووداو) سەرەڕای قسەکردن لە سەر پرسی دیکە دەڵێت :"حکومەتداری وەک فتبۆڵێن وایە، هەندێک یاسا هەن کە بەزاندتن چاوەڕێ بە فاوڵ یان پەنەڵتیت لێبگیرێ".

باڵیۆزە کوردەکەی عێراق لە هۆڵەندا لە ژوورێکی باڵیۆزخانەکەیدا کە دەکەوێتە ناوچەیەکی سەرسەوزی شاری دەنهاخ بۆ (رووداو) دەئاخڤێت و پێیوایە سازکردنی هەڵبژاردنی ئازادانە لە کوردستان خێرێک نییە کە بە خەڵک بکرێت. بەڵام ئەو دەڵێت پێویستە ئەو خەڵکەش بزانن کە هەڵبژاردن چەندە مافە هێندەش بەرپرسیارێتییە "راستە لە کوردستان کێماسی هەن و زۆر کەس پێگەی خۆیان بە شێوەی نادروست بەکارهێناوە، بەڵام هەرواش نابێ وا لە خەڵک بکات کە بڕیاری ناڕاست بدەن و دەنگی خۆیان بە کەسێک بدەن کە رەنگە نزیکەی سی ساڵ بێت هەمووی دوو سێ جار کوردستانی دیتبێ".

بەننا پێیوایە هێشتاش کوردستان مەترسی گەورەی لەسەرن و کەی ئەو مەترسییانە رەوانەوە ئەوکات کاتی گۆڕانیش دێت : " من لە جیاتی کاک نەوشیروان بوومایە و ئەو هەموو دەسەڵاتەم لەناو پارتەکەمدا هەبووایە کە بۆ نموونە وەزیر دابنێم و پارێزگار بگۆڕم قەت نەدەچووم رۆژنامەیەک دانێم و ببمە ئۆپۆزسیۆن، مادام دەتویست گۆڕان بکەی و ئەو هەموو دەسەڵاتەت هەبوو بۆ ئەوکات نەتکرد؟".

**رووداو: پێتانوانییە هۆی جیابوونەوەی نەوشیروان مستەفا نائومێدبوونە لە ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە ناوەوەڕا؟**

**بەننا:** نەخێر، چونکە کەسێک دەبێتە ئۆپۆزسیۆن کە هیچ دەسەڵاتی نەبێ و لەدەرەوەی خێوەتەکە بێت. کە خۆت لە ناو خێوەتەکەدابیت و برۆی لەدەرەوە خێوەتێکی جیا سازبکەی ئەمە کارێکی واقیعی نییە.

**رووداو: مادام باوەڕمان بە ئازادی کاری سیاسی هەبێت بۆ قبوڵمان نەبێ کە رەنگە هەبن هەست بە گەرمی زۆر لە ناو خێوەتەکەدا بکەن و بیانەوێت لێی بێنە دەرەوە؟**

**بەننا:** گرفتی هەرە سەرەکی گەلی ئێمە ئێستا گەندەڵی و ئەو شتانە نییە. کێشەی مەزن نەبوونی قەوارەیەکە. ئێستا خەریکە وردە وردە قەوارەکە پێکەوە دەنرێ و زۆر کەس و لایەن چاویان پێی هەڵنایە، پێم ئاساییە ئەگەر قوتابی و گەنج خۆپیشاندان بکەن و داوای زیاتر و زیاتر بکەن. بەڵام ئەگەر کەسێک کە زۆرتر لە چەند دەیەیەک پێشمەرگە بووەو بەشداریی لە بڕیاری سیاسیدا کردووە بێت و بیرۆکەی وەک سیاسییەکانی سوێد باس بکات زۆرم پێ عەنتیکەیە.

**رووداو: وەک دیپلۆماتکارێکی کورد کە لە دەرەوە کاردەکەن، پێتانوایە هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەک بەڕێوەدەچن کە ئێوەش بەهۆیەوە شەرمەزار نابن؟**

**بەننا:** دەکرێ کێشەی بچووک دروست بن و هەندێک گەنج بەهۆی گەرما و ئەو شتانەوە کاری نادروست بکەن، بەڵام من زۆر دڵنیام کە بە هەوڵی هەمووان و بە تایبەتیش سەرۆکی کوردستان کە مرۆڤێکی هێمنە و حەزی لە ناکۆکی و کێشە نییە، پرۆسەکە سەرکەوتوو دەبێت.

### تێبینی لەسەر دەستوور

سەبارەت بە پرۆژەی دەستووری کوردستانیش کە کۆمسیۆن رایگەیاند ناتوانێ رێفراندۆمی لەسەر بکات هاوکات لەگەڵ کاتی هەڵبژاردنەکان، گوتی "شتێکی جوان وگونجاوە بۆ ئێستا"، بەڵام تێبینیشی هەن "نەدەبووایە ئەو هەڵەیەی لە دەستووری عێراقیدا کراوە و نووسراوە کە نابێ هیچ یاسایەک دژی شەریعەت بێت دووبارە بکرابووایەوە". باڵیۆزی عێراق پێیوایە کە ئەمە تەنیا رازیکردنی دڵی ئیسلامییەکانە و کارێکی باش نییە " چونکە زۆر وڵاتی دنیا کە زۆریش پێشکەوتوو بوون بە هۆی ئەو ئیسلامییانەوە تێک و پێکچوون". بۆیەش ئەو پێشنیازدەکات کە ئەو خاڵە بەوە راستبکرێتەوە کە بنووسرێت: نابێ هیچ یاسایەک دەربچێت کە کۆک نەبێت لەگەڵ بنەماکانی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ. " لەوێدا تەنانەت مافی منداڵی ناو زگی دایکانیش پارێزراوە و هەموو ئایینەکانیش رێزیان لێنراوە".

### بەرپرسانی کوردستان حەزیان لە خۆدەرخستنە

بەننا گلەییەکی زۆری لەو وەفدە کوردییانە هەیە کە بۆ هۆڵەندا دێن. ئەو دەڵێت: " ئەوانەی کە دێن لە جیاتی بەستنی پەیوەندی و کارکردن خەمی گەورەیان وێنەگرتنە لەگەڵ بەرپرسانی ئێرە و زۆریش حەزیان لەوەیە لە تەلەڤزیۆنە کوردییەکاندا دەرکەون. کە دەشگەڕێنەوە تەنانەت سوپاسنامەیەکیش نانێرن." ئەو بۆ نموونە باسی راوێژکارێکی پایەبەرزی کوردستان دەکات کە لە هۆڵەندا دوو وەزیر و ژمارەیەکی زۆر بازرگانی دیتوون و مەبەست لەسەردانەکەی رێکخستنی زیاتری پەیوەندیی بازرگانی بووە لەگەڵ ئەو وڵاتەدا بەڵام کە گەڕاوەتەوە تا ئەوڕۆش هیچی لێنەبیستراوەتەوە.

ئەو بە پێکەنینەوە دەڵێت: " وەزیرێکی دیکە کە ماوەی بیست ساڵ لە بەریتانیا خوێندوویەتی و کاری کردووە نامەیەکی بۆ شاژنی هۆڵەندا نووسیبوو و لیستێکی دوورودرێژی پێداویستییەکانی کۆنسوڵگەریی تازەی هۆڵەندا لە هەولێری بۆ ناردبوو." بەننا پێیوایە کە کێشەی سەرەکی ئەوەیە ئەو بەرپرسانەی پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە دەبەستن راستە خوێندەوارن و رەنگە مامۆستای چاکیش بن لە زانکۆدا بەڵام کاری بەڕێوەبردن و ئیداری نازانن. " لە بەغدا برا شیعەکان بەرپرس دادەنێن کە هەر هیچ نازانێت، بەڵام چونکە دەوروبەرێکی زیرەکی هەیە دەبینین ئەو کەسە زۆر سەرکەوتوو دەبێت. بەڵام لە کوردستان وانییە، هەر بەرپرسێک دەبینی ئۆفیسێکی هەیە کە کەرەستەی گرانبەهای بۆ کڕدراوە و دوو سێ رۆژنامەوانی گەنجیش وەدوای دەکەون و ئیتر ئەوە بەرپرس و ئەوە بەڕێوەبەر! ئێمە مخابن هێشتایش نازانین کە نەزانین."

بەننا پێیوایە کە کاری حکومەتداری و بەڕێوەبردن وەکو یاری فتبۆڵین وایە." بۆ ئەوەی فاوڵ و پەنەلتیت لێنەگیرێ کۆمەڵێک یاسا لەو یارییەدا هەنە کە نابێ لێیاندەرچیت".

### شاژن پێشوازی لە بارزانی دەکات

**رووداو: زۆر کەس دەڵێن باڵیۆزە کوردەکەی عێراق لە هۆڵەندا نەیتوانیوە پەیوەندی پتەو لە نێوان کوردستان و ئەو وڵاتەدا دروست بکات. هۆی چییە؟**

**بەننا:** ئەوە راست نییە. ئێستا حکومەتی هۆڵەندی باشترین پەیوەندیی لەگەڵ کوردستانداهەیە .بۆنموونە رێککەوتننامەیەکی لێک تێگەیشتن لە بواری ئابووریدا لە نێوان هەردوو حکومەتدا ئیمزاکراوە. هۆڵەندا هەر زوو کۆنسوڵخانەی کردەوە لە هەولێر، بەڵام چونکە کەسیان نەبوو بینێرن ماوەیەکی زۆر وامایەوە. دوایێ هۆڵەندا تەنیا وڵاتە کە بە فەرمی دەڵێت کوردستان ئارامە و جیایە لە بەشەکانی دیکەی عێراق. ئەمانە هەمووی بەرهەمی کاری ئێمەن.

**رووداو: ئەی بۆ تا ئێستا بە فەرمی بۆ نموونە سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوەتنەکراوە بۆ ئەو وڵاتە؟**

**بەننا:** ئەوەش کاری لەسەر دەکرێت و دەمانەوێ وردە وردە بیکەین. ئێستا هەوڵمداوە کە وەزیری دەرەوەی عێراق بێت، بەڵام تائێستا وەڵامی نییە. یان کاک نێچیرڤان کە کاتی هەبێت هەوڵدەدەین سەردانێکی ئێرە بکات. بۆ کاک مەسعودیش لە کاتی خۆیدا دێت و دڵنیاشم کە جگە لە شاژن سەرۆکوەزیرانیش پێشوازیی دەکات. دواتریش مەرج نییە باشی پەیوەندییەکان بە سەردانێک بێت. هۆڵەندا لە هەر سێ پارێزگاکەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان پشتیوانی پرۆژەی جیاجیا دەکات.



### هۆڵەندا تاکە وڵاتە بە فەرمی دەڵێت هەرێمی کوردستان ئارامە

### دەزانم قسەشم پێدەگوترێ

**رووداو: وەک باڵیۆزخانە چەند ئاگاداریی ئەو گوشارانەن کە دەکرێنە سەر کوردستان بۆ وەرگرتنەوەی پەناخوازە وەرنەگیراوەکان؟**

**بەننا:** ئەوە مەسەلەیەکە بەداخەوە لە کوردستان زۆر بە ترسەوە قسەی لەبارەوە دەکرێت، بەڵام من هەرچەندە دەزانم زۆر قسەیشم پێدەگوترێ، بەڵام ئەوە دەڵێم کە پێموایە حکومەتی کوردستان ناتوانێت بڵێت ئەو پەناخوازانە وەرناگرمەوە. چونکە بەپێی هەموو رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان ئەوانە هاووڵاتی عێراقین و کوردستان مەجبوورە وەریانگرێتەوە. لە ماوەی رابردوودا هەر گوتیان وەریناناگرینەوە تا وای لێهات پەنابەران لە رێگەی بەغداوە نێردرانەوە. واتە کوردستان هیچی لەو ناوەندەدا بۆ نەمایەوە.

**رووداو: بەڵام خۆتان دەزانن ئەو باسە کەمێک هەستیارە لە کوردستان؟**

**بەننا:** من ئەوە دەڵێم کە لە رووی یاساییەوە ئێمە ناتوانین کەسێک کە وەڵاتینامەی ئێمەی لە باخەڵدایە و وڵاتی دیکە نایەوێت وەرنەگرینەوە، بەڵام دەتوانین ئەو وڵاتانە تێبگەیێنین کە ئەو پەناخوازانە هیچیان لە کوردستان نەماوە و وەرن بەر لە گێڕانەوەیان، لە وڵاتە ئەورووپییەکاندا کۆمەڵێک بەرنامەی پەروەردەییان بۆ دابنێین تا شتێک فێربن و کە چوونەوە ئەوێ بتوانن خۆیان بژێنن. هاوکات شتێکیش هاوکاریی داراییان بکرێ. ئێمە ئێستا لەگەڵ هۆڵەندا کار لەسەر پرۆژەیەکی وا دەکەین. دوایێش هەقە حکومەت کار لەسەر ئەوە بکات کە گەنجی ئێمە لە ئایندەدا بە هۆی زەماڵەی خوێندن و بۆ خول و هەندێجاریش بۆ سەفەری کورت بێنە ئێرە. ئەوە ئەگەر کاری لەسەر بکرێت دەشێت و کارێکی نامومکین نییە.

### بەننا دەیەوێ ببێتە رۆژنامەڤان

لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی هۆڵەندی سیامەند بەننا دەیگوت ئەو لە ئایندەدا دەیەوێ کاری رۆژنامەوانی بکات. ئێستاش بە (رووداو) دەڵێ " چاوەڕێی خانەنشینییەکەم دەکەم، دوایێ یەکسەر دەچمەوە کوردستان و دەست دەکەم بە کاری رۆژنامەوانی. زۆر حەزم لە کاری بۆ نموونە تەلەفزیۆنە بە زمانی ئینگلیزی. لە ساڵی 1971 بۆ یەکەمجار چیرۆکێکم دەربارەی کوردستان نووسی و بڵاوکرایەوە، تا ئێستایش بە بەردەوامی دەنووسم". دەربارەی ئەو کەسانەی کە حەزدەکات لە ئایندەدا وەک رۆژنامەوان هەڤپەیڤینیان لەگەڵدا سازبکات ئەو ناوی نوری مالیکی و هاشمی رەفسەنجانی دەهێنێت.

# پەناخوازێکی کورد بە داو رووخساری خۆی دەبەستێت



**رووداو- لەندەن**

لەدژی مامەڵەی خراپی حکومەتی بەریتانیا پەنابەرێکی رۆژهەڵاتی کوردستان لەگرتووخانەی کۆڵن برۆک، رووخساری خۆی بە داو بەستۆتەوە و مانی لەخواردن گرتووە، ئەو نارەزایی دەربڕینەی ئەوە 9 رۆژە بەردەوامە.

فەریاد محەممەدی، گەنجێکی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستانە، لەکاتی گەیشتنیەوە بۆ بەریتانیا لە 2008/6/16، ماوەی 11 مانگە لەگرتووخانەی کۆڵن بۆک دەستبەسەرە، وەک دەربڕینی نارەزایش بەرامبەر ئەو هەڵسوکەوتەی حکومەتی بەریتانیا رووخساری خۆی بە داو بەستووەتەوە و مانی لەخواردن گرتووە و دەڵێت "حکومەتی بەریتانیا وەک تاوانبار مامەڵەم لەگەڵ دەکات، کەچی من تەنها داوای مافی پەنابەرێتیم لەو وڵاتە کردووە".

لە بەیاننامەیەکی فیدراسیۆنی پەنابەران کە وێنەی بۆ (رووداو) نێردراوە، بەتووندی ئەو مامەڵەیەی حکومەتی بەریتانیا رەتدەکاتەوە کە لەگەڵ پەنابەرەکان گرتوویەتە بەر، بەپێی بەیاننامەکە فەریاد وەک ئۆپۆزسیۆن دژی کۆماری ئیسلامی ئێران کاری کردووە و دوای دەستگیرکردنی هاوڕێکەی بەرەو عێراق کۆچ دەکات، لەبەر ئەوەی ژیانی لەمەترسیدابووە وەک پەنابەر خۆی گەیاندووەتە بەریتانیا.

فەریاد دەڵێت "منیش قوربانییەکی دیکەی کۆماری ئیسلامی ئێرانم، بۆچی لێرەش زیندانیم دەکەن و وەک تاوانبارێک مامەڵەم لەگەڵ دەکەن".

فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی، بەیاننامەیەکی بۆ پشتیوانیکردن لەو پەناخوازە بڵاوکردەوە. دەشتی جەمال، سکرتێری فیدراسیۆنەکە لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی فەریاد سێ ساڵ لە ئێران لەسەر کاری سیاسی گیراوەو فشاری زۆری لەسەر بووە، هەروەها گوتی "فەریاد قوربانییەکی دیکەی سیاسەتی وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیایە، وەکو هەر مرۆڤێکی دیکە مافی ژیانی پێ رەوا نابینن لە بەریتانیا، ئێمە داوا دەکەین بەزووترین کات ئازاد بکرێت".

# کورد خاوەنی 27 مزگەوتە لە ئەوروپا

**رووداو- ئەڵمانیا**

دوای رووداوەکانی 11ی سێپتەمبەر و بەهۆی بڵاوبوونەوەی ترس لە ئیسلام لە رۆژئاوا، ترس و دڵەراوکێ کەوتە ناو موسڵمانان و کوردی ئەڵمانیا، لەکاتێکدا بەپێی دوایین لێکۆڵینەوەکان زیاتر لە 4 ملیۆن موسڵمان لەو وڵاتەدا دەژین، بەڵام ترس لە ئیسلام ترس دەخاتە بەردەم خۆگونجاندنی نزیکەی 500 هەزار کوردی موسڵمان کە لەئەڵمانیا دەژین، کوردیش هەوڵی بێوچان دەدات بۆ نەهێشتنی ئەم کێشەیە.

هێلین ئەڤرم بابا، پەرلەمانتاری پارتی SDPی ویلایەتی بەرلین دەڵێت بە بەراورد لەگەڵ موسڵمانانی نەتەوەکانی دیکە، کوردانی موسڵمان زووتر تێکەڵی کۆمەڵگە دەبن، "دوای 11ی سێپتمبەر کۆمەڵگەی ئەڵمانی تەماشای کەسێکی رۆژهەڵاتی دەکات وەک ئایین نەک وەکو نەتەوە، ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤ لە مەسەلەی خۆگونجاندن دەکات".

مزگەوتێکی کورد کە بەناوی سەلاحەدینی ئەیوبی ناونراوە لە گەڕەکی کرویتسبێرگ لە بەرلین چوار جاران بووەتە ئامانجی هێرشی نەژادپەرستانی تورک. سیراجەددین بۆتی، مەلای مزگەوتی ناوبراو دەڵێت "لەو مزگەوتانەی کە لەژێر سێبەری کۆمەڵەی نەژادپەرستی تورکدان، چالاکی نەژادپەرستی ئەنجامدەدەن و هۆی ئەمەش ئینساریکردنی کوردە".

مەلای مزگەوتی ئیبراهیم خەلیل، لەگەڕەکی ویدینگە کە هێشتا تەواو نەبووە، ئەوەی ئاشکراکرد کە لەسەرانسەری ئەوروپا 27 مزگەوتی سەر بە کۆمەڵگەی ئیسلامیی کوردستان هەن، گوتیشی "وێرای عیبا د ە ت ئێمە کار بۆ راستکردنەوەی تێڕوانینی خەڵک بۆ موسلمانانیش دەکەین".

بەپێی دوا راپۆرتی دەزگای لێکۆڵینەوەی ئەمریکی (پەو) لەگەڵ تێپەڕبوونی کات دیاردەی ئیسلامۆفۆبیا روو لەزیادبوون دەکات، بەپێی ئەنجامەکانی هەمان لێکۆڵینەوە نیوەی ئەڵمان و زیاتری نیوەی ئیسپانییەکان گوتوویانە کە حەز لەموسلمانان ناکەن.



مزگەوتێک لە ئەڵمانیا

(فۆتۆ: AFP)

## کاروباری ژنان



### تارا سووتا

ڕووداو-هەولێر
لەگەڕەکی ئیسکانی هەولێر، ژنێک بەناوی تارا مامەند سلێمان، تەمەن 32ساڵ، بەهۆی سووتانەوە ڕۆژی 2009/6/29 گیانی لەدەستدا، تارا 18ساڵە و مێردی کردووەو منداڵی نەبووە. 98 %ی لاشەی تارا سوتابوو، گومانی خۆسوتاندنی لێدەکرا، بەڵام مامەند سلێمانی باوکی بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند "غازی چێشتخانەکە بەهۆی کوژانەوە پەنگی خواردبوو، تاراش نەیزانیبوو، لەگەڵ پێکردنی ئاگر هەموو ژوورەکە بووەتە ئاگرو تارا سووتاوە".

# مانگانە 15 کچی لە ماڵ هەڵاتوو ڕوو لە سەنتەری نەوا دەکەن



سۆران بەهائەدین
Soran2025@yahoo.com

ڕووداو-هەولێر

دوای ئەوەی خۆشەویستەکەی سێ جار دەچێتە خوازبێنیی، باوکی هەر ڕازی نابێت کچەکەی بداتە ئەو کوڕە کە خۆشی دەوێت، بۆیە (ر) لەماڵ هەڵدێت و پەیوەندی بە پۆلیسی قەزای خەباتەوە دەکات، ئەوانیش دەیبەنە چاکسازی ئافرەتانی هەولێر. ئەو کچە بەڵێنیداوە تا نەگاتە خۆشەویستەکەی، لەوێ نەیێتە دەرەوە، گوتی "ناوێرم بێمە دەرەوە، دڵنیام دەمکوژن".

بەهۆی ئەو فشارە کۆمەڵایەتییەی لەسەریانە، هەندێک لە کچان لە ماڵ هەڵدێن و ڕوو لە سەنتەرەکانی دالدەدانی ژنان دەکەن. ئەوان بە زەحمەت دەتوانن جارێکی دیکە بگەڕێنەوە نێو کەسوکاریان. بەرپرسی سەنتەرەکانی دالدەدانی ژنانیش دەڵێن هەڵاتنی کچان و ژنان لەماڵ ڕووی لە زیادی کردووە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە وەزارەتی ناوخۆ، لە ساڵی ڕابردوودا 140 ژن لە هەولێرو 73 ئافرەت لە دهۆک ڕەوانەی سەنتەرەکانی دالدەدانی ئافرەتان کراون، لە چوار مانگی سەرەتای ئەمساڵیشدا، 63 ژن لە هەولێر، 34 ژن لە سلێمانی و 33 ژن لە دهۆک، پەنایان بردووەتە بەر سەنتەرەکانی دالدەدانی ژنان.

نیگار بەکر، بەڕێوەبەری سەنتەری نەوا، ئاماژەی بەوەدا لەو ماوەیەدا هەڵاتنی کچان ڕووی لە زیادبوون کردووەو مانگانە نزیکەی 25 حاڵەتی کێشەی ژنان دێتە سەنتەرەکەیان، کە نزیکەی 15یان هەڵاتنی کچانە لەماڵ، نیگار هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، دایک و باوک زۆر شت لە کچەکانیان قەدەخە دەکەن "ئەوانەی هەڵدێن هەموویان هەرزەکارن، بەدزییەوە مۆبایل دەکڕن لێیان ئاشکرا دەبێت و هەڵدێن، زۆربەشیان پەیوەندی خۆشەویستیان هەیە، بە ئاشکرابوونی هەڵدێن".

بە پێچەوانەی وڵاتانی دیکە، کچانی کوردستان دوای هەڵاتنیان ناتوانن لە دەرەوە، یان بچنە شارێکی دیکە، بەڵکو پەنا دەبنە بەر پۆلیس یان سەنتەرەکانی دالدەدانی ژنان. نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر، ئاماژەی بەوەدا، زۆربەی ئەوانەی لە ماڵەوە هەڵدێن پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتییەکەیان دەکەن، دواتریش لە ڕێگەی ئەوانەوە پەیوەندی بە سەنتەرەکانی دالدەدانی ژنانەوە دەکەن.

بەپێی قسەی نەقیب ژیلەمۆ، بەشێک لەو کچانەی لە ماڵەوە هەڵدێن دەڵێن لە ماڵەوە بێزارن، نەقیب ژیلەمۆ گوتی "ئەو کچانەی لە ماڵەوە هەڵدێن، دەڵێن لە ماڵەوە ڕێزمان لێناگرن، یان چاودێریمان دەکەن، یان لە دەیەوێت، یان لەبەرئەوەی زڕ دایک یان زڕباوکی هەیە.

قەرەچەتانی هۆشداری دەداتە کچان کە هەڵاتن نەک کێشەکانیان چارەسەر ناکات، بەڵکو گەورەتریشی دەکات، بەتایبەتی ئەو کچانەی لەگەڵ کوڕان هەڵدێن، هەوڵبدەن دایک و باوکیان ڕازی بکەن "پێویستە ئارام بگرن پەلە لە کارەکەیان نەکەن، چونکە پاشان ژیانیان لێ تێکدەچێت و وابەئاسانی کۆمەڵگەو دایک و باوکیان وەریان ناگرنەوە".

ئەو دەروونناسە داوا لە ڕێکخراوەکان دەکات کە بە کۆڕو کۆبوونەوە دایک و باوک هۆشیار بکەنەوە، ئەگەر ئەوەندە فشار لەسەر کچەکانیان دابنێن پەرچەکرداری دەبێت "وەک هەڵاتنیان لە ماڵ".

نەقیب ژیلەمۆ باسی لەوەکرد کە ئەو کچانەی لە ماڵ هەڵدێن تەمەنیان بچووکەو لە دەوری 17ساڵانن، ئەو کچانەی پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژییەوە دەکەن، هەوڵدەدەن کێشەکەیان تەشەنە نەکات و بانگی کەسوکاریان دەکەن، هەتا کچەکەش نەیەوێت نایدەنەوە دەست بنەماڵەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا بەڵێننامەیان پێ پڕدەکەنەوە،

## لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا 7 کچ و ژن لە سەنتەرەکەمان براونەتە دەرەوەو کوژراون

بەڕێوەبەری سەنتەری نەوا

قوتابخانە دەرماندەهێنن، بۆیە بێزار دەبن و هەڵدێن".

بەبڕوای کەریم شەریف قەرەچەتانی پسپۆڕی دەروونی، هەندێک داو ونەریتی کۆمەڵگە وایکردووە کچان بەرەو هەڵاتن ببات، وەک ئەوەی کە دایک و باوک ناهێڵن کچەکانیان شوو بەو کوڕە بکەن کە کچەکە

کە ژیانی کچەکان پارێزراو بێت.

ئێستا 5 کچی هەڵاتوو لە سەنتەری نەوان. زۆرجار کەسوکاریان دەیانەوێ بە فرت و فێڵ ئەو کچانە لەسەنتەرەکان دەربێنن و بیانکوژن. وەک نیگار گوتی دایک و باوکیان کە دێنە دوای کچەکانیان زۆربەیان بە فێڵن، کچەکەیان ڕازی دەکەن و لەبەرانبەر دادوەر

ڕازیبوون نیشاندەدا، کەچی کە دەیانبەنەوە دەیانکوژن "لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا 7کچ و ژن لێرە بردراونەتە دەرەوەو کوژراون".

هەفتەی ڕابردوو، هەورینی تەمەن 18 ساڵ، دوای ئەوەی کەسوکارەکەی لە سلێمانی بەڵێننامەیان پڕ کردەوە کە ژیانی پارێزراو بێ، لەسەنتەری ژنان هێنایانە دەرەوە، کەچی لە قەلادزێ خنکاندیان.

نازدار ئەسعەد، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، هەڵاتنی کچانی بۆ کەمی هۆشیاری دایک و باوک گەڕاندەوەو وەک دەرکردنی کچان لە قوتابخانە، یان زۆرجار کوڕێک دەچێتە خوازبێنیی کچێک خزمێکی کچەکە خۆی دەکاتە خاوەنی و ناهێڵێت شووی پێ بکات "لەبەرژەوەندی دایک و باوکە کچەکانیان بدەنە ئەو کوڕانە کە خۆیان دەیانەوێت، ئەگینا با قسە لەگەڵ کچەکانیان بکەن و ڕازی بکەن، بێ ئەوەی توندوتیژی بەکاربێنن، چونکە دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە". نازدار گوتیشی "کچان ئەوکاتە بڕیاری هەڵاتن دەدەن کە هیچ چارەی دیکەیان نەبێت، هەڵاتنیان ترسە لە کوشتن".

نیگار بەکر، بەڕێوەبەری سەنتەری نەوا، باسی ئەوەشیکرد کە کچەکان بۆ هەڵبژاردنی هاوسەرەکانیان شارەزا نین، بۆیە زۆرجار بنەماڵەکانیان ڕێگرن لەو هاوسەرگیرییە "هەیە تەنیا لە ڕێگەی مۆبایلەوە پەیوەندی دروستکردووە نەیبینیووە، پاشان دەردەکەوێت کوڕەکە بێکارەو ژنیشی هەیە، بەڵام کچەکان سوورن لەسەر مێردپێکردنیان و، بیر لە ئەنجامەکەی ناکەنەوە، چەندین حاڵەتمان هەیە کۆتاییەکەی تەڵاق بووە".

## کچان هەڵدێن و تۆڵەیان لێدەکرێتەوە

لە چوار مانگی سەرەتای ئەمساڵدا 130 ئافرەت پەنایان بردووەتە بەر سەنتەرەکانی دالدەدانی ژنان




بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان ساڵی ڕابردوو: 140 ئافرەت لە هەولێر، 73 ئافرەت لە دهۆک ڕەوانەی سەنتەرەکانی دالدەدانی ئافرەتان کراون.



ناوێرم بگەڕێمەوە نێو کەسوکارم، چونکە دڵنیام دەمکوژن
کچێکی هەڵاتوو



کچینە ڕاکردن کێشەکانتان چارەسەر ناکات
پسپۆڕێکی دەروونی



زۆربەی کچانی هەڵاتوو پەیوەندی بەئێمەوە دەکەن
نەقیب ژیلەمۆ

ئەوانەی هەڵدێن هەرزەکارن و زۆربەیان پەیوەندی خۆشەویستیان هەیە
بەڕێوەبەری سەنتەری نەوا

مانگانە 15 کچی هەڵاتوو ڕوو لە سەنتەری نەوا دەکەن



7 کچی هەڵاتوو لە سەنتەرەکان هێنراونەتە دەرەوەو لەلایەن کەسوکاریانەوە کوژراون

Rudaw © Hussen Himmati



# مێردی یەکەمی بۆ فوئاد بەجێهێشت و لە داخی ئەویش خۆی سووتاند

فەرمان چۆمانی
ڕووداو- ڕانیە

ژنێکی دانیشتووی ناحیەی سەروچاوەی سەر بە قەزای ڕانیە لە رقی مێردەکەی خۆی سووتاند و، کاتێک پۆلیس ویستی مێردی ژنەکە دەستگیر بکات، مێردەکەی تەقەی لە پۆلیس کرد و لە ئەنجامدا دوو منداڵی ناحیەکەی بریندار کرد.

ڕوقیە لەلای هاوسەرەکەی هیچ کێشەیەکی نەبوو، فوئاد ئەحمەدیش لەگەڵ ژن و منداڵەکەی لە ژیانێکی ئاساییدا دەژیان، بەڵام دواتر پەیوەندی سۆزداری لەنێوان فوئاد و ڕوقیە دروستدەبێ و، ڕوقیە لەبەر خاتری فوئاد دەستبەرداری مێردەکەی دەبێ، دواتر فوئاد ڕوقیەی خواست، سەرئەنجام خۆشەویستی و ژیانی هاوسەرییان بە مەرگی ڕوقیە کۆتایی هات.

بەپێی قسەی هاووڵاتیانی ناحیەی سەروچاوە، فوئادو ڕوقیە زۆر یەکتریان خۆشویستووە، هەر بەو هۆیەشەوە مێردەکەی دەستبەرداری بووەو تەڵاقیداوە. دوای تەڵاقدانەکەی ڕوقیە شووی بە فوئاد کردووە، بەڵام تەمەنی ژیانی هاوسەرییەکەیان زۆر کورتبوو، لەبەر ئەوەی کێشە دەکەوێتە نێوانیان، لە ئەنجامدا ڕوقیە خۆی سووتاند.

کەسێکی ئاگادار لە کێشەی نێوان ئەو ژن و مێردە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "فوئاد باری دارایی باش نەبوو، بە زێڕی ژنی یەکەمی ڕوقیەی خواست، کاتێکیش ڕوقیە داوای ماڵی جیای کردووە، فوئاد ئەو توانایەی نەبوو ماڵی سەربەخۆی بۆ دابنێ، بۆیە کێشە کەوتووەتە نێوانیان و ڕوقیەش لە داخان خۆی سووتاندووەو گیانی لەدەستداوە".

دوای گیان لەدەستدانی ڕوقیە، پۆلیس فەرمانی دەستگیرکردنی فوئاد دەدات، بەڵام فوئاد لەدەستی پۆلیس ڕادەکات و خۆی دەشارێتەوە. دوو هەفتە بەر لە ئێستا، فوئاد بە نهێنی دێتەوە ناحیەی سەرووچاوە، بۆ ئەوەی سەردانی خێزان و منداڵەکانی بکات، بەڵام دواتر ئاشکرا دەبێ و پۆلیس دەیەوێ دەستگیری بکات، بەڵام دووبارە لە دەستی پۆلیس ڕادەکات و لەکاتی ڕاکردنەکەشی دوو منداڵی ناحیەکە بریندار دەکات.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ڕووداوەکە بۆ (ڕووداو) گوتی " فوئاد بەنهێنی گەڕابووەوە ماڵەوە، بەڵام دواتر پۆلیس پێی زانیبوو، بۆیە هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکەی تا دەستگیری بکەن، بەڵام ئەو تەقەی لە پۆلیس کردبوو، بەهۆی تەقەکانیش دوو کچی منداڵی ناحیەکەی بریندار کردووەو، کەسوکاری منداڵەکانیش سکاڵای یاساییان لەسەر فوئاد تۆمار کردووە".

ڕائید حسێن ڕەسول عەزیز، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی سەرووچاوە، زانیارییەکانی بۆ (ڕووداو) پشت ڕاستکردەوەو گوتی ئەوان لە هەوڵەکانیان بەردەوامن بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبار. گوتیشی "کاتێک هێزەکانمان دەیانویست دەستگیری بکەن، ئەو تەقەی لە پۆلیس کرد و دوو منداڵی بریندار کرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی هێزەکانمان سەرقاڵی گواستنەوەی دوو منداڵە برینداەکە بوون بۆ نەخۆشخانە، فوئاد ڕایکرد".

سەبارەت بە خۆسووتاندنی ڕوقیە و چارەنووسی خێزانە کۆنەکەی فوئادیش ڕائید حوسێن گوتی "نازانین هۆکاری خۆسووتاندنی ڕوقیە چییە، بەڵام پێدەچێ کێشە لەنێوانیاندا هەبووبێ". ناوبراو گوتیشی "خێزانە کۆنەکەی فوئاد لەگەڵ منداڵەکانی لە سەرووچاوە دەژین و ئێمە هیچ گرفتێکمان لەگەڵ کەسوکاری فوئاددا نییە و تەنیا هەوڵدەدەین فوئاد دەستگیر بکەین"

# ژنان یەکتری ڕەش دەکەن

## کۆمەڵناسان دەڵێن بە هۆی لاوازییە و مەلاکانیش دەڵێن لە دین وەرگەڕانە

لەنیا مەحمود
ڕووداو-سلێمانی

فاتمە بەشێوەیەک لەبەرچاوی مێردەکەی ڕەزای گران بوو، کە مێردەکەی چەقۆی لێهەڵگرت و بەردەوام لێیدەدا، چونکە لەلایەن خەسویەوە نوشتەی ڕەشی لێکراو دەرگای خۆشبەختی نێوان خۆی و هاوسەرەکەی قوفڵ درا.

فاتیمە دەڵێت "پێشتر مێردەکەم نینۆکێکی منی بەهەموو دنیا نەدەگۆڕییەوە". ئەو ژنە 41 ساڵە، بە ناچاری بۆ ماوەیەک ڕوو لە ماڵی باوکی دەکاتەوە، دواتر بۆ چارەسەری دەردەکەی لەگەڵ دراوسێیەکی ماڵی باوکی پەنا دەباتە بەر فاڵچییەک و 450 هەزار دیناری خستە ناو دەستی فاڵچی "فاڵچەیەکە پێیگوتم نوشتەی ڕەشت لێکراوەو نوشتەکەش لەناو جەلەکانی خۆتاندایەو بەتاڵی کردەوە". فاتمە بە باوەڕێکی پتەوەوە دەڵێ "کە نوشتەکەی بەتاڵکردەوە، مێردەکەم هات بەدوامداو داوای لێبووردنیشی لێکردم".

کچان و ژنان پەنا بۆ نوشتەی ڕەش دەبەن و شەڕەکانی خۆیان لەنێو ئەو پارچە کاخەزەدا دەشارنەوە، شارەزایانی بواری کۆمەڵایەتیش هۆکارەکەی دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە ئافرەتان سۆزیان زاڵە بەسەر بیرکردنەوەیاندا و مامۆستایانی ئاینیش ئەوە بەحەرام و دانانی هاوبەش بۆ خودا لێکدەدەنەوە.

شۆخان، 37ساڵ، پێیوایە توانی بە نووشتەیەک درز بخاتە نێوان هاوسەرەکەی و ژنی دووەمی و، هاوسەرەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ لای خۆی. شۆخان کە بڕوایەکی پتەوی بە کاریگەریەکانی نوشتەی ڕەش هەیە دەڵێ هاوسەرەکەم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لێم دوور دەکەوتەوە، دوایی دەرکەوت پەیوەندی لەگەڵ ژنێک هەیە و ژنەکەشی هێنا، منیش چووم نوشتەیەکی ڕەشم لێکردن و وردە وردە ئەویشی لەبەرچاو کەوت و گەڕایەوە بۆ لام".

"سەت لەسەت بڕوام پێیەتی"، تانیا، 29 ساڵ، کاتێک بەتەواوی بڕوای بەو نوشتەیە هێنا، کە توانی لە ڕێگەیەوە تیر بگەیێنێتە نیشانەکەی و بیپێکێت "خوشکی هاوسەرەکەم زۆر ڕقی لێم بوو هەمووکات شەڕی پێدەفرۆشتم، منیش لەلای فاڵچی نوشتەیەکم لێکرد بەو نوشتەیە وای لێهات، کە ڕۆژێک مێردەکەی دەمانچەی لێدەرهێناو ماوەی ساڵێک تۆرا". تانیا بۆ ئەو نووشتەیە 500 دۆلاری دایە فاڵچییەکە.

یەکێک لەو فاڵچیانەی کە ڕۆژانە خەڵک ڕووی تێدەکەن بۆ نوشتەی ڕەش دەڵێ ڕۆژانە 8-7 کەس دێنە لای، جۆرەکانی نوشتەی ڕەشیش لەیەکتر جیادەکاتەوە "هەیە نوشتەی جیاکردنەوەی ژن و مێردی دەوێت، هەیشە نوشتەی ڕەشی دەوێ بۆ ئەوەی مێردەکەی ماڵی باوکی لەبەرچاو بکەوێت، هەشە نوشتەی ڕەشی لێکراوەو دەیەوێت بۆی بەتاڵ بکەینەوە". ئەو فالچییە بۆ هەر نووشتەیەک 300-500 دۆلار وەردەگرێ. گوتیشی "زۆربەی ئەوانەی دێنە لام ئافرەتن".

ئەکرەم ئەحمەد، بەهیچ شێوەیەک بڕوای بەنوشتەی ڕەش نییەو پێشوایە ئەوانەی نوشتەی ڕەش دەکەن "عەقڵیان لەدەستداوە"، ئەو گەنجە تەمەن 24ساڵە لەو بڕوایەدایە کە ئەو جۆرە کارانە تەنها بازاڕی فاڵچییەکان گەرم دەکەن.

توێژەرانی کۆمەڵایەتی هۆکاری پەنابردنی ژنان بۆ ئەو جۆرە کارانە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە ژنان لایەنی سۆزداریان زاڵە بەسەر بیرکردنەوەیاندا. یاسین عەلی ڕەسول توێژەری کۆمەڵایەتی گوتی "خوویەکی کۆمەڵایەتییەو ژنان کاتێک ڕووبەڕووی کێشەیەک یان گرفتێک دەبنەوە، پەنا بۆ ئەو جۆرە کارانە دەبەن". یاسین گوتیشی "ئەم بابەتە لەزۆربەی کۆمەڵگاکاندا هەیە، بەڵام لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆیەکێکی دیکە جیاوازە".

مامۆستا مەلا ئەحمەدی قامیشی، کاری نوشتەنووس و فاڵچییەکان بە حەرام دەزانێ و دەڵێ ئەوە وەک هاوبەش پەیداکردن بۆ خودایە. قامیشی هەروەها گوتی "ئافرەتان بۆ هەندێ کێشەو گرفتی خۆیان ڕوو لە جادووگەرەکان دەکەن و بەداخەوە هەندێک فاڵچیش لەبەرگی ئایندا ئەو کارانە دەکەن".



قامیشی دەڵێ پێغەمبەری ئیسلام لە فەرموودەیەکی خۆیدا ئەوانەی لە ئیسلام بێبەری کردووە کە بە ڕێگەی نووشتە کێشە لەنێوان دووکەس دروستدەکەن.

## کۆمەڵایەتی

### 8 کەس د زێ و خابیریدا دخەندقن



نەجمەددین نێروەیی - زاخۆ
د ئاڤا زێ و ئاڤا خابیرێ زاخۆدا کو ب سالانە چەندین کەس تێدا د خەندقن و دبنە قوربانی ئەڤان ئاڤان، ڕێڤەبەریا ئاگر ڤەمراندنا زاخۆ تیمێن غەواسان بۆ (ڕووداو) دیارکر کو دڤان ڕۆژاندا وان دوو کەس ل ئاڤێن زێ و خابیرێ زاخودا کۆ خەندقی بوون ئینانە دەر، یێ ئێکێ بناڤێ (غەفار مەحمود سەلیم) کۆ ژیێ وی (25) سال بوون ل ڕێکەفتی 2009/6/26ێ ل دەڤەرا بارزان کەفتبوو د ئاڤێدا و خەندقیبە، کەسێ دی گەنجەکێ 14 سالی بناڤێ (ئیدریس عومەر محەممەد)ە خەلکێ باژێرێ زاخویە و ل ڕێکەفتی 7/1 کەفتیە د ئاڤا خابیریدا و خەندقییە و ل ڕێکەفتی 2009/7/2تەرمێ وی دهێتە دیتن.ل گۆر ئامارا بەرگریا شارستانیا باژێرێ زاخۆ، ئەڤ سالە تنها ئاڤێن 6 کەسان تومار کرینە کو د ئاڤاندا خەندقینە.

# هیوا لەنێو زیندانی پۆلیس خۆی سووتاند

## "لەبەر ئەوەی بە ناعەدالەتی گیراوم خۆم دەسووتێنم" دوا نامەی هیوا

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو-کۆیە**

هیوای پانزدە ساڵان، لە زیندانەوە بە ئومێدەوە دەیڕوانییە ئایندەی خۆی و دەیگوت "ئازاد دەبم"، بەڵام دواتر لە کەیسی کوژرانی کەسێکدا کە تاوانبارەکە دانی بە تاوانەکەی دانا، ڕاگیرا، ئەویش خۆی بە بێتاوان دەزانی، لەبەر ئەوە خۆی سووتاند.

هیوا نامەیەکی لەدوای خۆی جێهێشت کە تێیدا نووسیویەتی"بەناعەدالەتی لێرە ماومەتەوە، کەس تاوانبار مەکەن، خۆم دەسووتێنم".

هیوا نادر ساڵح، تەمەن 15ساڵ، پۆلی 8ی بنەڕەتی، دانیشتووی ناحیەی تەقتەق، 39 ڕۆژ بەر لەوەی خۆی بکوژێت، بە تۆمەتی دەستهەبوون لە کوشتنی کەسێک دەستگیرکرا، بەڵام هیوا بە هەموو شێوەیەک تۆمەتەکەی ڕەتدەکردەوەو، دوای ئەوەی بێ ئومێد دەبێ لە ئازادبوونی، کاژێر 2ی شەوی 2009/7/6 لە ناو گرتووخانەی پۆلیس لە کۆیە خۆی سووتاندو گیانی لەدەستدا. پۆلیسی کۆیە ئامادە نەبوون هیچ لێدوانێک لەو بارەوە بدەن، بە پاساوی ئەوەی لێژنەیەکیان پێکهێناوە بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی ڕووداوەکە.

قاسم نادر، کە برای هیوایە، باسی ڕووداوەکەی بۆ (ڕووداو)کرد و گوتی ماوەیەک لەمەوبەر گەنجێک لە تەقتەق کوژرا، بەو هۆیەوە هیواو سێ کەسی دیکە دەستگیرکران. سەبارەت بە تێوەگلانی براکەی لە ڕووداوەکە قاسم گوتی "هیوا لە دەشت لەلای مانگایان بووە، ئەو کەسانەی بینیوە کە گەنجەکەیان بردووە بۆ کوشتن، بۆیە دادگا وەکو شاهێد بانگی هیوای کردبوو، دوای چەند ڕۆژێک بکوژی سەرەکی دانی بەتاوانەکەی دانا، گوتبووی بەتەنیا خۆم بە چەقۆ کوشتم".

جگە لە بکوژەکە و هیوا، دوو کەسەکەی دیکە ئازاد دەکرێن، بۆیە قاسم خۆی دەگەیێنێتە ئەو دادوەرەو پێیدەڵێت بۆ براکەم ئازاد ناکەی "دادوەرەکە پێیگوتم، برات درۆی کرد، دوو شێوە ئیفادەی داوە، جارێک گوتوویەتی ئەوانم بینیووە، جارێکیش گوتوویەتی ئەوان هاتوونەتە لای من نانیان خواردووە".

نازم حەمەدەمین، گیرانی هیوای کوڕە خاڵی بە "ناعەدالەتی" وەسفکرد، چونکە وەک نازم دەڵێت بکوژی سەرەکی دانی بە تاوانەکەی دانا. نازم دەڵێ ئەویش قسەی لەگەڵ دادوەرەکە کردووە، ئەو دادوەرەش پێیگوتووە هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ دەستهەبوونی هیوا لە کوشتنەکەدا تەنیا ئەوە نەبێت، کە ئیفادەکەی گۆڕیوە.

هیوا لە پۆلی دووی ناوەندی بوو، لە چەند وانەیەک کەوتبوو. هەر کاتێک قاسمی برای سەردانی دەکرد، پێیدەگووت دڵم زۆر خۆشە ئازاد دەبم. چوار ڕۆژ بەر لەوەی هیوا خۆی بسووتێنێت، قاسم سەردانی دەکات و کەبابی بۆ دەبات "گوتی ناخۆم 3 ڕۆژە مانم لە خواردن گرتووە، بۆ بە مادەی 406ی کوشتن دادگاییم دەکەن؟".

قاسم چەندین جار داوای لە براکەی کردووە ئەگەر دەستی لە کوشتنەکەدا هەیە با دانی پێدابنێت "دەیگوت بەخودا هیچم نەکردووە، هیچم لەسەر نییە، بەر دەبم".

هیوا لە زیندانەوە نامەیەک دەخاتە نێو ئەو سندووقەی وەزارەتی مافی مرۆڤ کە لە زیندانەکانی کوردستانی داناوەو، تێیدا داوا دەکات "ئەگەر بکوژم بمکوژنەوە، ئەگینا ئازادم بکەن".

هەرچەندە هەموو ڕووداوەکان ئاماژەن بۆ خۆسووتاندنی هیواو پۆلیسی کۆیەش بە بنەماڵەی هیوای ڕاگەیاندووە کە خۆی سووتاندووە، بەڵام قاسم گومانی لە تەواوی ڕووداوەکە هەیەو دەڵێت ئەوان گوتیان لە حەمام سووتاوە، چوومە ئەوێ بینیم حەمامەکە هیچ شوێنەواری سووتانی لێ نییە، تەنیا دەرگاکەی ڕەش بووە، بەڵام شتەکانی سەر قەرەوێڵەکەی سووتاوە "بۆیە گومان دەکەین سووتێنرابێ، چونکە ئەو شەوە بکوژەکەش لەو ژوورە بووە".

وەک قاسم دەڵێت پۆلیس باسی ئەوەیان کردووە، دوای ئەوەی هیوا خۆی سوتاندووە ڕایکردووەتە ناو ژوورەکەی و گەنجێکی لەگەڵ سووتاوە بۆیە ئەو خۆی بە جلەکانی سەر قەرەوێڵەکە کوژاندووەتەوە، بەڵام قاسم دەڵێت "براکەمیان لە خەودا سوتاندووە".

بنەماڵەی هیوا ئەوەیان بەلاوە سەیرە ئەگەر هیوا خۆشی سووتاندووە، چۆن ئەو نەوتە گەیشتووەتە ئەوێ، وەک نازم گوتی "خۆ پووش نییە، هەر دەبێت نەوت یان بەنزینی بەکارهێنابێت، ئەی بۆ نەیانکوژاندووەتەوە، گومانمان لە هەموو شتەکان هەیە".

بنەماڵەکەی بڕیاریانداوە سکاڵا لەسەر پۆلیس و دادوەرەکەی کۆیە تۆماربکەن. قاسم لەگەڵ هەنسکی گریان بە نائومێدییەوە دەیگووت "نازانین چی بکەین؟ سکاڵا لەسەر دادوەرو بەڕێوەبەری پۆلیس تۆماردەکەین، دادوەر بۆ لە زیندان هێشتییەوە؟ پۆلیس چۆن ڕێگەی داوە نەوت بچێتە ژوورەوە؟".

هیوا بەر لەوەی خۆی بسوتێنێت نامەیەکی نوسیووەو ئێستا نامەکە لەلای دادوەرە بۆ لێکۆڵینەوە، نازم نێوەڕۆکی نامەکەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کردو گوتی "نووسیویەی لەبەر ناعەدالەتی لێرە ماومەتەوە، بۆیە خۆم دەسووتێنم".



### گومان دەکەین هیوایان لە خەودا سووتاندبێ

برای هیوا

# حیکمەت بۆ 250 دۆلار ڕفێنرا بەڵام 7 هەزار دۆلاری وەرگرت

**شەوقی کانەبی**
**ڕووداو-هەریر**

ساڵێک بەرلە ئێستا حیکمەت ئۆتۆمبێلێکی لە یەکێک کڕی، بەڵام دواتر خاوەنەکەی پەشیمان بووەوەو کێشە کەوتە نێوانیان، دواتر کێشەکە بە ڕفاندنی حیکمەت لەلایەن خاوەن ئۆتۆمبێلەکەو وەرگرتنی 7 هەزار دۆلار لە بری ڕفاندن و ئەشکەنجەدان کۆتایی هات.

حیکمەت جەوهەر، 20 ساڵ، دانیشتووی شارۆچکەی خەلیفانە، ڕۆژی 2009/6/15 لەلایەن باوک و کوڕێکی دانیشتووی گوندی شەرکانی سەر بە شارۆچکەی خەلیفان لەسەر 250 دۆلار ڕفێندرا و ئەشکەنجە درا، دواتر لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی بازگەی ئالانە ئازادکراو ڕفێنەرەکانیش دەستگیرکران.

حیکمەت، کە شوفێری تەکسییە و کاری کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلیش دەکات، باسی بەسەرهاتەکەی خۆی بۆ (ڕووداو) کردو گوتی "ساڵێک پێش ئێستا ئۆتۆمبێلێکم لە کەسێک کڕی بە ناوی (خ)، دواتر نرخی ئۆتۆمبێل بەرز بووەوەو خاوەنەکەی پەشیمان بووەوە، زۆر هەوڵمدا وەکالەتی ئۆتۆمبێلەکەی بەناو نەکردم". حیکمەت سکاڵای یاسایی لە سەر (خ) تۆمار دەکات و بەوە تۆمەتباری دەکات کە بە ئەنقەست وەکالەتی ئۆتۆمبێلی بە ناو ناکات. بۆیە پۆلیس فەرمانی دەستگیرکردنی (خ) دەردەکات.

دوای گفتوگۆیەکی زۆر حیکمەت ئۆتۆمبێلکە بۆ (خ) دەگەڕێنێتەوەو پارەکەی خۆی وەردەگرێتەوە، بەڵام ئەمجارە (خ) ناچار دەبێت لەبەر حیکمەت بپاڕێتەوە، چونکە حیکمەت ئەو کاتەی ئۆتۆمبێلەکەی لەلا بووە وەکالەتی بۆ کردووە.

حیکمەت لەبەرامبەر ئەو داواکارییەدا داوای 250 دۆلار دەکات. دواتر (خ) و باوکی لەگەڵ حیکمەت دەچنە کەرکووک بۆ وەکالەتی ئۆتۆمبێلەکە، بەڵام لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی کەرکوک پێیاندەگوترێ، وەکالەت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلە ناکرێ، چونکە تائێستا 3 جار وەکالەتی بۆ کراوە، بۆیە هەر لەسەر ناوی حیکمەت دەمێنێتەوە تا ژمارە دەکرێ، بۆیە هەرسێکیان بەدەستی بەتاڵ دەگەڕێنەوە.

لەکاتی گەڕانەوەیان لە نزیک شارۆچکەی خەلیفان، (خ) و باوکی داوای 250 دۆلارەکە دەکەنەوە، بەڵام حیکمەت پارەکەیان ناداتەوەو پێیاندەڵێت " ئەگەر پارەکەتان بدەمەوە ئۆتۆمبێلەکەتان بەناو ناکرێ". بۆیە دەمەقاڵێ لەنێوانیان دروستدەبێ.

حیکمەت گوتی "لەسەر کورسی دانیشتبووم لە ناکاو لە دواوە (خ) ئاسنێکی بەسەرم دا کێشاو خوێن بەسەرمدا هاتە خوارەوە، دواتر خستمیانە نێو سندوقی ئۆتۆمبێل و بەرەو دۆڵی ئالانەیان بردم، دیاربوو گەیشتینە خاڵی پشکنین، زانیم خاڵی پشکنینە هاوارم کرد، بەڵام (خ) خێرایی ئۆتۆمبێلەکەی زیاد کردو لە بازگەی داو نەوەستا".

حیکمەت دەڵێ "منیان بردە ناو خانووێکی چۆڵ، هەردوو ڕفێنەرەکە ئاویان خواردەوە، داوای ئاوم کرد نەیاندامێ، داوام لێکردن کە پەرۆیەکم بۆ بێنن لە سەرم ببەستم، (خ) پێیگوتم تۆمان بۆ ئەوە نەهێناوە خزمەتت بکەین".

کاتێک ئاسایش بەدوای ئۆتۆمبێلەکەدا دەگەڕێن حیکمەت لە پەنجەرەی خانووەکەوە دەیانبینێ و هاوار دەکات، ئاسایشەکان دەگەنە سەریان و هەردوو ڕفێنەرەکە دەستگیردەکەن و حیکمەتیش ئازاد دەکەن.

دوای ئازادکردنی حیکمەت و دەستگیرکردنی هەردوو ڕفێنەرەکە، کەسوکاری ڕفێنەرەکان دەکەونە خۆ بۆ سوڵحکردن لەگەڵ بنەماڵەی حیکمەت. حیکمەت گوتی "کەسوکاری تاوانبارەکان هەوڵی زۆریان داو لە ڕێگەی پیاوماقوڵ و کۆمەڵایەتییەوە داوایان لێکردم کە سولحیان لەگەڵ بکەم، بۆیە 7 هەزار دۆلارم وەک قەرەبوو لێوەرگرتن و لە هەردوو ڕفێنەرەکە خۆش بووم و لە دادگا تەنازولم لە داواکەم کرد".

شەمال دێوالی، ئەفسەری بنکەی پۆلیسی خەلیفان لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "حیکمەت 250 دۆلار قەرزار بووە، خاوەن قەرزەکان زۆر هەوڵیانداوە قەرزەکەیان پێ لە حیکمەت وەرنەگیراوەتەوە، بۆیە بە دوو کەس لێیانداوەو سەریان شکاندووە و ڕفاندوویانە بۆ ئەوەی بە فشار قەرزەکەی لێ وەربگرنەوە".

ئەو ئەفسەرەی پۆلیس گوتیشی" حیکمەت سوڵحی کردووەو لێیان خۆشبووە، بەڵام دادگا کاری خۆی دەکات و هەردوو ڕفێنەرەکە سزا دەدات وەک مافی گشتی".



## ژنانی عێراق بیر لەوە دەکەنەوە بە لیستی ژنان بەشداری هەڵبژاردنی داهاتوو بکەن

# پەرلەمانتارانی لەچکداری بە پەرلەمانی عێراقەوە دیارترن

**ڕووداو- ایلاف**

ئەو دیمەنانەی لەتابلۆی پەرلەمانی عێراقدا خۆیان دەنوێنن، بوونی ژمارەیەک لەخانمانی پەرلەمانتارە، کە کۆتای 25%ی تێکڕای ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق پێیبەخشیوە، بەڵام پاشکۆبوونی بەشی هەرە زۆری ئافرەتانی پەرلەمانتار بۆ پارتەکانیان، بەتایبەتی پارتە ئایینیەکان، دیمەن و ڕواڵەتی ئامادەبوونی ژنانی لە پەرلەمانی عێراقدا خستە نێو چوارچێوەی پاشکۆبوونی بۆ پیاوی سەرکردە، ئەمەش وایکرد ژمارەی ئەوانەی حیجاب دەپۆشن ڕوویان لە زیادبوون بێت.

پەرلەمانتار جینان عوبەیدی پێیوایە ڕۆڵی ژنی لەچکدار جیاوازیی نییە لەگەڵ ژنی بێ لەچک. ئەو پێیوایە لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەماندا ژنانی لەچکدار بەرنامەی سیاسی تایبەت و پڕوپاگەندەی خۆیان دەبێت. هەروەها هەوڵی خۆیان دەدەن بۆ سەلماندنی بوونی خۆیان لە نێو شەقامی عێراق.

عوبەیدی کە پەرلەمانتارێکی سەر بە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامییە، وای ڕووندەکاتەوە کە ژنانی عێراق خۆیان بوونی خۆیان سەلماندووە وهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەنموونە دەهێنێتەوە، کە لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا لیستی کراوە پەیڕەوکرا و دەنگدەر ناچار نەبوو دەنگ بە ژن بدات، لەگەڵ ئەوەشدا ژنان خۆیان پاڵاوت و زۆریان سەرکەوتن، لە نەجەف و کەربەلا 25%ی کورسییەکانیان هێنایەوە. ڕێژەی ئەو ژنانەی بەگشتی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا 25%ی تێپەڕاند، ئەمەش دەسکەوتێکە بۆ ژنانی عێراق.

بەپێی ئامارێکی نافەرمی، ژمارەی ئافرەتان لە پەرلەمانی عێراق 71 پەرلەمانتارە لە کۆی 275 ئەندام، بەو شێوەیە لە ڕێژەی 52% زیاترن.

لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا ئاخۆ ژنان بە لیستی سەربەخۆ و جیاواز و دوور لە سیستەمی کۆتا بەشدای دەکەن، عوبەیدی گوتی"ژنانی عێراق نەیانتوانیوە پارت و قەوارەی سیاسی دابمەزرێنن"، بەڵام لەو باوەڕەشدایەکە کۆمەڵێک لە ژنان لیستی جیاواز پێکدەهێنن هەر بەو لیستانەش دەچنە نێو هەڵبژاردنەوە.

جینان عوبەیدی دەڵێ، دەنگدەری عێراقی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بەر لە چوار ساڵ دەنگدەر داوای مافی خۆی دەکرد، هەروەها قەوارە سیاسییەکانیش داوای مسۆگەرکردنی مافی پێکهاتەکانیان دەکرد، بەڵام ئێستا هاووڵاتی داوای خزمەتگوزاری دەکات بە گوێرەی پێداویستی خۆی.

هەرچەندە هیچ پرۆژەیەکی سیاسی لە ماوەی 7 ساڵی ڕابردوودا لەلایەن ژنانەوە



گەڵاڵە نەبووە، بەڵام پەرلەمانتار عوبەیدی لای وایە کەموکورتییەک لەلایەنی ژنەوە نییەو دەڵێت هێشتا ئەزموونی سیاسیی ژن لە عێراقدا هەر تازەیە، گوتیشی"من گەشبینم کە لە ماوەی داهاتوودا پرۆژەیەکی سەربەخۆی هەڵبژاردنی ژنان گەڵاڵە دەبێت و ژن بوونی خۆی دەسەلمێنێ".

ئەسما دلێمی، پەرلەمانتاری سەر بە لیستی تەوافوق پێیوایە بوونی ژنە پەرلەمانتاری لەچکدار لەپەرلەماندا کارێکی زۆر پێویستە، دووپاتیشیکردەوە کە کاری ژنی لەچکدار و بێ لەچک هیچ جیاوازییەکی نییە، تەنیا ئەوە نەبێ کە پەرلەمانتاری لەچکدار پشتگیری لە شەریعەتی ئایینی دەکات، ئەمەش بەشێکە لەپەیامەکەی. هەروەها گوتی "بوونی لەچکداران پێویستە چونکە دەستووری عێراق دەڵێ عێراق وڵاتێکی ئیسلامییە". ئەو ژنە پەرلەمانتارە سوننەیە دەخوازێ بەرپرسانی قەوارە سیاسییەکان پشت بە ئافرەتانی کارا و سەرکردە ببەستن، هەروەها پشت بە جۆرایەتی ژنان ببەستن نەک چەندایەتی.

بەڵام ئەسما دلێمی پێیوانییە ژنان لەهەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەماندا بە لیستی جیاواز بەشداربن، دەڵێت "ئێمە پارتێکی سیاسیی تایبەت بە ژنانمان نییە، بەڵکو ژنان لە نێو پارتەکاندا کار دەکەن کە پیاو سەرکردایەتییان دەکات، لەهەموو دنیاش هەر وایە".

ڕۆژنامەڤان فەیحا خەفاجی، جێگری سەرنووسەری گۆڤاری (ندی الصباح) و چالاکڤانی بواری مافی مرۆڤ و ئافرەتان گوتی "ژنانی پەرلەمانتاری لەچکدار و بێ لەچک هیچ شتێکیان پێشکەش بە پرۆسەی سیاسی نەکرد، ئەوان تەنیا دەنگدانەوەی سەرۆکی فراکسیۆن یان هاوەڵە پیاوەکانیان بوون". هەروەها دەڵێت پەرلەمانتاری لەچکدار و بێ لەچکی عێراق پێگەیەکی ئەوتۆیان لەلای دەنگدەری عێراقیدا نییە. چونکە ئەوان پەرلەمانتاری ڕاستەقینە نین و لەسەر بنەمای خۆمانە و خزمایەتی هەڵبژێردراون.

پەرلەمانتاری سەربەخۆ شەزا مووسەوی دەڵێ بوونی پەرلەمانتاری سەربەخۆ لە پەرلەمانی عێراقدا، کارێکی یەکجارزەحمەتە، بۆ ژنیش کارەکە هێشتا زەحمەتتر دەبێت. شەزا مووسەوی کە لەساڵی 2005 وەک ئەندامی ئیئتیلاف بووە ئەندامی پەرلەمان، لەساڵی 2006وە لێیدەرچوو ئەو دەڵێ "بۆم ڕوون بووەوە کە ئەگەر بمەوێ ڕاستگۆ و بێ پێچ و پەنابم، ئەوە لەتوانامدا نییە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ڕەوتی ئیئتیلاف و دەوڵەتدا بگونجێم،زۆر بەداخەوە قەوارە سیاسییەکان یان لەسەر بنەمای ڕەگەز یان مەزهەب دامەزراون". گوتیشی هیچ حیزب و قەوارەیەک نییە لە گەڵ بۆچوونیدا بگونجێن" ئەو ڕەوتە لیبراڵانەی کە هەن، هیچ ناسنامەیەکیان نییە".

سەبارەت بەوەی ئایا خەڵکی عێراق دەنگ بە ژنێکی سەرلیست دەدەن؟ مووسەوی ئەوە دەخاتەڕوو کە گەلی عێراق دەنگ بە ژن نادات ئەگەر بە شێوەیەکی سەربەخۆ بچێتە نێو هەڵبژاردنەوە "دەنگدەری عێراقی ژن هەڵنابژێرێت، کارەکە ماوەیەکی زیاتری دەوێ تا گەل ژن هەڵبژێرێت و متمانەی پێ بکات".

### دەنگدەری عێراقی هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی لیستی ژنان هەڵبژێرێت

پەرلەمانتار شەزا مووسەوی

دەربارەی توانای ژنانی عێراق سەبارەت بە سەرکردایەتیکردن لە بواری سیاسیدا، شەزا دەڵێ ئافرەتان دەتوانن ببنە سەرکردە چونکە شیاوی سەرکردایەتی کردنن، بەڵام ئەم شتە پێویستی بەوەیە خۆی بۆ بەرامبەرەکەی بسەلمێنی، ئەو دەبێ توانای خۆی لە بواری سەرکردایەتیکردن بسەلمێنێ " بەڵام سەلماندنێکی لەوەجۆرە لە پیاوان داوا ناکرێت". پەرلەمانتاری سەربەخۆ مووسەوی بەرامبەر بە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق کە بڕیارە سەرەتای ساڵی داهاتوو ئەنجامبدرێ، گەشبین نییە. ئەو پێی باشە بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەماندا نەکات، بەڵکو خوێندنی ماستەر لە زمانی ئینگلیزی تەواو بکات.

ئەو پێیوایە لە هەر شوێنێکدا بێت دەتوانێ بەخشش هەبێت، بەڵام لە هەمانکاتدا دانی بەوە دانا کە عێراق گیرۆدەی قەیرانێکی ڕاستەقینەیە لەبواری سەرکردایەتی کردندا "پێویستە هەمووان درک بەوە بکەن کە عێراق پێویستی بە سەرکرایەتییەکی نیشتیمانییە"، ئەو پەرلەمانتارە سەربەخۆیە پێیوایە بیرۆکەی پێکەوەنانی ئیئتیلافێکی نوێ هەڵەیەکی مێژوویی گەورەیە، چونکە ڕێ لە ڕەوتی تازەی سیاسی دەگرێت کە لەعێراقدا پەیدا دەبن، سەرباری ئەوەی گورزێکی گەورە لەپرۆسەی سیاسی دەدات.



# خوێندکارێک پێنج مانگ بێ دادگاییکردن لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە زیندانی دەکرێت

**موعاز فەرحان**
**رووداو- خورماڵ**

جەلال تەنیا بۆ وەڵامدانەوەی دوو پرسیاری ئاسایش لە هەولێرەوە دەچێتە سلێمانی، بەڵام بەبێ ئەوەی پرسیاری لێبکرێ سەرەتا فرێدەدرێتە ژوورێکی تاکەکەسی، دواتریش 5 مانگ لە زیندان بەسەر دەبات و بەبێ ئەوەی هیچ تۆمەتێکی لەسەر ساخ بێتەوە بە بڕیاری دادوەر ئازاد دەکرێ.

جەلال محەممەد، خوێندکاری قۆناخی دووەمی بەشی بەرهەمی رووەکی لە پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند کە رۆژی 2009/1/19 ئاسایشی سلێمانی وەڵامی بۆ ناردووە، بۆ وەڵامدانەوەی دوو پرسیار، ئەویش بەپێی خۆی دەچێتە ئاسایش و دواتر دەستگیردەکرێ.

ئەو گەنجە دەڵێت 5 مانگ لە هیچ و خۆڕایی دەستگیرکراوە. ئەو باسی ئەو ماوەیەی زیندان دەکات و دەڵێت "کاتێک چووم بۆ ئاسایش پارێزەرێکم لەگەڵدا بوو مامەڵەیان باش بوو کە ئەو رۆیشت خراپبوون و چاویان لێ سوورکردمەوە". ئەو خوێندکارە، کە بۆ ماوەی حەڤدە رۆژ لەژووری ئینفرادی زیندانی کراوە گوتیشی "یەکەم شەو کاژێر 12ی شەو بە کەلەبچەکراوی و تورەکەیەکیان لەسەرم کردبوو، بردمیانە ژوورێک و کەسێک لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردم، دواتر دووکەسی دیکە هاتن و چاویان کردمەوەو گوتیان ئەو کاخەزە ئیمزا بکە منیش گوتم با بیخوێنمەوە، نەیانهێشت بە زۆر ئیمزایان پێکردم".

جەلال هەرگیز دیمەنەکانی نێو زیندان و هەڵسوکەوتی کارمەندانی نێو زیندانەکانی لەبیر ناچێتەوە. سەبارەت بە گوزەرانی نێو ژووری تاکەکەسی گوتی "لە شەو و رۆژێکدا تەنیا سێ جار دەیانبردینە دەرەوە، هەرچەندە زستانیش بوو موبەڕیدەیان هەڵدەکرد بۆ ئەوەی بە تەواوەتی سەرمامان بێت و هەست بە ئازار بکەین"، ناوبراو

## "لە زستاندا موبەڕیدەیان بۆ هەڵدەکردین"

جەلال

خۆی بەبەختەوەر دەزانێت کە جیاواز لە زیندانییەکانی دیکە بەبێ شەق و لێدان دەرچووە "مەحاڵە زیندانییەک هەبێت بێ شەق ولێدان دەربچێت".

لەبارەی ئەو تۆمەتانەی لەلایەن ئاسایشەوە رووبەڕووی کراونەتەوە، جەلال گوتی "پێیانگوتم تۆ خەڵک لە رێگەی ئێرانەوە بۆ ناو ریزەکانی ئەنسارولئیسلام دەبەی، بە نیازن تەقینەوەش ئەنجامبدەن، بەبێ ئەوەی یەکێک لەو تۆمەتانە راست بێ".

رۆژانی 7-11/ 12 /2008 لە سنوری ناوچەی خورماڵ 8کەس بەتۆمەتی بوونی پەیوەندی بە ئەنسارولئیسلامەوە دەستگیرکران، جەلال دەبێتە نۆیەم کەس لەو گیراوانە. جەلال لەبارەی پەیوەندی بەو کەسانەوە گوتی "هەندێک لەوانە خزموکەسی منن، هەشیانە لەوێ ناوم بیستووەو دوورونزیک پەیوەندیمان نەبووە، هەروەها هەواڵی گرتنەکەیان و تۆمەتەکانیشیانم لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا خوێندەوە".

جەلال محەممەد کە دانیشتوی شارۆچکەی خورماڵە، ئاماژە بەوەدەدات کە پێشتریش دووجاری دیکە دەستگیرکراوە، بەڵام هیچ تۆمەتێکی لەسەر ساخ نەبووەتەوە، هەروەها دەڵێت بەتەنیا ئەندامی رێکخراوی قوتابیان و لایەنگری کۆمەڵی ئیسلامییە. جەلال دوای ئەو حەڤدە رۆژە لە زیندانی تاکەکەسیەوە دەبرێتە نێو زیندانییەکانی دیکە لە ئاسایش و مانگێک لەوێ دەمێنێتەوەو دواتر دەیبەنە زیندانی کانی گۆمە. ئەو بە هۆی دەستگیرکردنییەوە ئەمساڵی خوێندنی فەوتا "گوتم 20 کەفیلتان بۆ دێنم بەس رێگەم پێبدەن بچم تاقیکردنەوەکانم بکەم، بەڵام نەیانهێشت".

جەلال دەڵێ "دوای چوارمانگ و دوازدە رۆژ ئینجا دادوەرم بینی کەس لێی نەدەپرسیم". ناوبراو باسی لە رەوشی نێو زیندانی کانی گۆمەو زیندانیەکانی دیکە کردو گوتی "بە هیچ شێوەیەک نەیاندەهێشت سەیری کەناڵەکانی کۆمەڵ و یەکگرتوو بکەین، تەنانەت بۆ زانینی کاتی بانگیش، بەردەوام دەبوایە لەسەر کوردسات و گەلی کوردستان بووایە، کوردستانی نوێیان دەهێنا، ئەگەر رۆژنامەیەک یان گۆڤارێکیان بۆ بهێنینایە ئەوەی بەدڵی خۆیان نەبوو لێیان دەکردەوە ئینجا دەیاندا زیندانییەکان". جەلال گوتیشی " زیندانیەکانی کانی گۆمە زۆر حەزیان لە دیداری رۆژنامەوانییە، بەڵام دیارە کەس ناوێرێت بچێت".

جەلال رۆژی 22ی ئەم مانگە دادوەر پێیگوتووە بێ تاوانیت و ئازاد کراوە. سەبارەت بە لێپرسینەوەو چاودێری مافی مرۆڤ و ئاسایش، جەلال گوتی "وەزیری مافی مرۆڤ هات یەکێکمان قسەی لەگەڵ کرد، قسەکانی تەواو نەکرد بەجێیهێشتین، کاک حاکم قادر هات و تەنیا پێیدەگوتین ناوت چییە و خەڵکی کوێیت، ئەگەر نوێنەرێک یان رێکخراوێکی مرۆیی بێت یەک زیندانی ناوێرێت قسەی لەگەڵ بکات، چونکە چەندین ئەفسەری ئاسایشی لەگەڵدایە کە ئەوان رۆیشتن حاڵی زیندانییەکان باش نابێت و تووشی لێپرسینەوە دەبێت لەسەر ئەو قسانەی کە کردوویەتی". بە



گوتەی جەلال دوو مانگی کۆتایی بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی رێکخراوی ئەمنستی لەبارەی رەوشی زیندانەکانی کوردستانەوە، حاڵی ئەو و زیندانییەکانی دیکەش کەمێک باشتربوو.

حاکم قادر حەمەجان، بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی سلێمانی، لەبارەی دەستگیر کردنی ئەو کوڕە بە (رووداو)ی راگەیاند "راستە ئەو کوڕە پێشتر دەستگیرکراوە، بەڵام لەسەردەمی من دا نەبووە، من لە مانگی نیسانی ئەمساڵ سەردانی زیندانەکانم کرد، بۆم دەرکەوت ئەو کوڕە هیچ تۆمەتێکی لەسەر نییە، بۆیە دۆسییەکەم بۆ دادگا بەرز کردەوەو دادگاش ئازادی کردووە".

# ئامادەم مونازەرەی تەلەڤزیۆنی لەگەڵ مەحمود چەلەبی بکەم

## راستکردنەوەیەک بۆ قسەکانی مەحمود چەلەبی

**عومەر سابر باخچەچی**

دەمێکە دەمەوێت وەڵامی چەند تورکمانێک بدەمەوە کە بەناو تورکمانن، بەڵام تەنها بەقسە فەقیرو فوقارەکانی تورکمان لەملاو ئەولا هەڵدەخەڵەتێنن، کە زۆربەشیان دەبینم و گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەم دەڵێن ئێمە نازانین فەرموو وەرە لەگەڵ سەرۆکمان قسە بکە. راستی زۆر دڵم ئازار دەکێشێ کە وایاندەبینم چونکە زۆربەی هەرە زۆری تورکمانەکانی شاری هەولێری دێرین کاری سیاسی ناکەن و هەرکەسە خەریکی کەسابەتی خۆیەتی و لەدوای بژێوی ژیانن بۆ داهاتوویەکی ئاسوودە بۆ خۆیان و خێزانەکانیان، بۆیە زۆر بەداخەوە دەڵێم دوورن لە سیاسەت. ئەمە راستییەکە کەس ناتوانێت ئینکاری بکات.

لە رۆژی25/ 6/ 2009 دەنگۆی خۆپاڵاوتنی ئەندامانی پەرلەمان دەستی پێکرد لە کوردستاندا هەروەها هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ هەڵبژاردنی رۆژی 2009/7/25 لە ئارادایە لەگەڵ ئەوەشدا پەرلەمانی کوردستان بڕیاریداوە دەستووری هەرێمیش ریفراندۆمی لەسەر بکرێت، هەر لەم هەڵبژاردنەدا کە زۆربەی هەرە زۆری عەرەب و تورکمانەکان (بە تایبەتی بەرەی تورکمانی، کە هەموو کاتێک هەر دژایەتییەک هەبێت بەرامبەر بە کوردستان ئەوا بەرەی تورکمانی لەگەڵیەتی ئەگەر بزانێت دژی کوردستانە و دژی هەموو نەتەوەکانیش بێت، چونکە ئەو گشت ئەمرەکان و فەرمانەکانی عەسکەری تورکیا جێبەجێدەکەن و بەس، بەبێ ئەوەی بیر بکەنەوە ئایا ئەمە دژی تورکمانە یان دژی نەتەوەکانی دیکەی عێراقە، گرنگ نییە تەنها ئەمری تورکیا جێبەجێدەکەن و مووچەیان حەلال دەکەن بە قسەی زۆربەی بەرپرسە گەورەکانی بەرەی تورکمانی — وەکو مەسەلەکی کوردی دەڵێ کڵاوت بگرە با نەیبات) ئەمانە تورکمانە توندڕەوەکان و گرووپە زۆرەکانی دژی کوردستان پێکەوە کاردەکەن بۆ دژایەتی هەرێمی کوردستان کە بە خوێنی شەهیدان گەیشتووەتە ئەم رۆژە. هەرچەندە گلەییمان لە حکومەت و مەسئولە گەورەکانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتیش هەیە، بەڵام ئەم دەستکەوتانە بە خوێنی گشت شەهیدانی کوردستان هاتووەتە کایەوە حەقی کەس نییە بڵێت تەنیا هی ئێمەیە.

من لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە باس لە رابردووی کوردستان بکەم، بەڵکو دەمەوێ وەڵامی بەڕێز مەحمود چەلەبی بدەمەوە کە خۆی بە نوێنەری تورکمان دادەنێ، تورکمانیش لەو بەرییە، وەکو بەرائەتی حەزرەتی یوسف. چونکە مەحمود چەلەبی بە عەقڵییەتی پاشاکان کار دەکات و لە ماڵەوە دانیشتووە، خەڵک دەبێ بچێتە خزمەتی، نەک ئەو بچێتە خزمەتی خەڵکی فەقیری هەولێر.

بەڵام بۆ بەرژەوەندی خۆی و براکەی ئەو دەتوانێ لەگەڵ ئەحمەد یلدیز، نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بچێتە ناو بازاڕو بیسورێنێتەوە، پاشان بیباتە چایخانەی مام خەلیل لەناو قەیسەری و ئیدیعای ئەوە بکات کە قەیسەری هی باپیریەتی، کە لە راستیدا هی باپیری دکتۆر عەبدولرەزاقە، هەروەها لە دوکانێکی بەرگدروو لە رێگا راوەدەستن، مەحمود دەپرسێ رەقەمی من چەندە، ئەویش لە سادەیی خۆی دەڵێت وەڵڵا ژمارەت لە تەلەفۆنەکەم نەنووسراوە ببوورە نازانم، ئەویش بە تورەیی سەیری جەماعەتەکەی دەکات و دەڵێ ژمارەی هەڵبژاردن نەک تەلەفۆن، بەرگدرووەکەش دەڵێت وەڵڵا ئەویش نازانم، ئەوە دەزانم دەنگ بە ژمارە 69 دەدەم، ئینجا مەحمود بە تووڕەیی دەڕوات پاشان لە ماڵەوە موحاسەبەی جەماعەتەکەی دەکات.

بەڕێز مەحمود چەلەبی لە رۆژنامەی (رووداو) دا وەڵامی چەند پرسیارێکی کاک عەلی حەمەساڵحی داوەتەوە. بۆیە بەباشی دەزانم خەڵکی کوردستان ئاگادار بکەمەوە کە ئەم بەڕێزە چییە و چ دەکات و لە بەرژەوەندی کێ کار دەکات.

1- لە وەڵامی پرسیارێکدا کاک مەحمود دەڵێ "کەس پشتگیریمان ناکات"، من دەڵێم نەخێر ئێوە نوێنەری تورکەکانن و نوێنەری تورکمان نین، تاکو ئێستاش ناوی کوردستان لەسەر ناوی لیستەکەتان نییە و چونکە ئیمانتان بەو راستییە نییە، ئەگەر راست دەڵێن نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی تورکیاتان هێناوەو بەنێو بازاڕی هەولێردا دەیسوڕێننەوەو پێشانی خەڵکی دەدەن کە ئێوە بەبێ ترس لەگەڵ تورکیا کار دەکەن. ئەگەر ئێوە بێلایەن بن، ئەی چۆن بەڵێن بە خەڵک دەدەن و دەڵێن ئەوی دەنگمان بداتێ مانگی هەشت هەموویان دەنێرین بۆ تورکیا بۆ سیاحەت، هەروەها جارجاریش دەڵێن پارتی و یەکێتی چۆن لە هەڵبژاردنی پێشوو غەدریان لێکردین، ئەمجارەش غەدرمان لێدەکەن، چونکە کورد تەنیا دەزانێ غەدر بکات و زمانی مۆدێرنیان نییە. ئەگەر ئێوە راست دەکەن بێ لایەنن ئەی بۆچی رێکلامی لیستەکانی دیکە لە تەلەفزیۆنی بەناو (تورکمان ئیللی) ناکرێت، ئەی ئەوانیش تورکمان نین، یان چونکە ئێوە سەر بە تورکیان، بۆیە بە ئەمری حوسێن عەونی، قونسولی تورکیا لە موسڵ کە هیچ حەقیشی نییە تێکەڵی ئەم کارە بێت تەلەڤزیۆنی تورکمان ئیللی رێکلامتان بۆ دەکات. چونکە ئێوەش دان بە پەرلەمانی کوردستان نانێن و دەڵێن "ئێمە بەشداری پەرلەمانی هەولێر دەکەین". من لەجیاتی حیزبە کوردستانییەکان بم، قبوڵتان ناکەم، تاکو هۆشتان دێتە سەر و کوردستان دەناسن، بەڵام چ بکەم دەڵێن ئەوە دیموکراسییە. ئێوە مافتان دەوێ، بەبێ ئەوەی تەنیا یەک ئەرکی سەرشانتان جێبەجێ بکەن، ئەوە کەی دیموکراسییە! سندان لەو جۆرە دیموکراسییە بدات! نوێنەرتان لە تەلەڤزیۆنی تورکمان ئیللی دەرچوو یەک جار ناوی کوردستانی نەهێنا.

لێرەدا دەمەوێ باسی پێنج کاندیدەکەتان بکەم:

أ - شێردل تەحسین: ئەو پیاوە رۆژێک لە رۆژان لە سیاسەتی تورکمان کاری نەکردووەو رەفیق حیزبی بوو، پیاوی عودەی کوڕی سەدام بوو، نوێنەری هەولێر بوو لە لیژنەی ئۆلۆمپی کاتی بەعسییەکان. لێرەدا کۆمسیۆنی باڵاش راست ناکات کە دەڵێ (بە باشی لە رابردووی کاندیدەکان کۆڵدراوەتەوە). هەروەها وەختی خۆی کاک شێردڵ لەسەر داخوازی فەرەنسۆ حەریری چووە بەغداو ئیجازەی بۆ یانەی تورکمانی لە عودەی سەددام وەرگرت، لێرەدا دەپرسم کەسێک بۆ ئیشی خۆی نەتوانێ بچێتە بەغدا، ئەی چۆن کاک شیردل بە یەک هەفتە توانی ئیجازە بۆ یانەی تورکمانی وەرزشی وەربگرێت.

ب — تائیفە رۆستەم: ئەم خاتوونە نهێنییەکانی بەرەی تورکمانی دەنارده موسڵ و کەرکووک، لە بەرەی تورکمانی جێگەی خۆی خۆشکردو پەیوەندی لەگەڵ تورکەکان بەست، بەمدواییە لە تەلەڤزیۆنی تورکمان ئیللی دەرکەوت و بۆ سەرنجراکێشانی خەڵکی هەولێر گوتی ئەو نوێنەری کوردستان نییە و نوێنەری هەولێرە لە پەرلەمانی هەولێر بۆ دابینکردنی مافە خوراوەکانی تورکمان.

ج — ئەعزەم عەبدولکەریم: کوڕێکی بەڕێزەو چەندین ساڵە دەیناسین هیچی خراپمان لێی نەدیوە، بۆیە بێ ئنسافییە ئەگەر قسەی خراپی بەرامبەر بکەین.

د — سەورە سالح قاوان: ئەو ئافرەتە مامۆستای سەرەتاییە، لەبەر ئەوەی نەخۆشی هەیە ناتوانێ ئیشوکارەکەی خۆی بەڕێوە ببات، کەواتە چۆن دەتوانێت کاری میللەتی تورکمان بەڕێوە ببات. سەورە لەبزووتنەوەی بێلایەنی تورکمان بوو و بەعسییەکی موعتەدیل بوو، ئەگەر بێینە سەر واقیعی بنەماڵەی ئەم ئافرەتە هەر شیوعی بوون، هیچ کاتێکیش خۆیان بە تورکمان نەزانیوە، بەڵکو هەموو کاتێک خۆیان بە کورد داناوە، ئەگەر باوەڕیش بە ئێمە ناکەن فەرموون لە مام و براکانی بپرسن.

هـ — نافع رۆستەم خەففاف: کوڕێکی بەڕێزەو لە بنەماڵەیەکی زەنگینی هەولێرە، کۆلێژی ئەندازیاری تەواوکردووەو خەریکی کاری خۆیەتی.

2- لەوەڵامی پرسیارێکی دیکەدا کە دەڵێت، ئایا ئێوە ترستان نییە پارتی و یەکێتی پشتگیری لە لیستیک بکەن؟ کاک مەحمودی بەڕێز دەڵێت "نەخێر ترسمان نییە و ئەوان گوتوویانە ئێمە پشتگیری لەکەس ناکەین". ئەگەر ترست نەبێت ئەی چۆن دەڵێی لە هەڵبژاردنی پێشوودا لە قوتابخانەیەکدا دەنگم بە لیستی تورکمان دا واتە بە لیستی 630 بەڵام لە کۆتاییدا هیچ دەنگی تورکمانی تێدا نەبوو، ئەوەش ئەوە روونەکاتەوە کەوا ئەوە راست نییە. خۆت و برایەکەت دەنگتان داوەتە لیستی کوردستان 730.

3- لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا دەڵێی گوایە ئەم کۆتایە زۆر کەمە بۆ تورکمانان، ئایا تۆ بە راستتە یان گاڵتە، من بەڕاشکاوی دەڵێم ئەگەر سیستەمی کۆتا نەبێت باوەڕ بکە تورکمان یەک کورسیش بە زەحمەت دێنێت. من لە بەهای تورکمان



رووداو
ژمارە (64) پێنجشەممە 2009/7/2
3
ڕاپۆرت
فۆرمی خۆپاڵاوتنم وەرگرت بەڵام پڕم نەکردوە
مەحمود چەلەبی، سەرۆکی لیستی تورکمانی هەولێر:
حوکمی زاتیمان بۆچییە ئەگەر جێگری سەرۆک وەزیران بۆ ئێمە بێت
ئەو چوار تورکمانەی لە پەرلەمان نوێنەری تورکمان نین

کەم ناکەمەوە، بەڵام تورکمانەکانی هەولێر ئیستیغلال کراون، بارودۆخی تورکمان کەوتووەتە دەست یەکێکی وەک ئێوە هەتا بەپرسەکانی دیکەی تورکمانیش یەک دەنگ نین بۆیە قوڕتان بەسەری تورکمانەکان کردووەو ئیستغلالتان کردوون، ئێستاش دەڵێی کە کۆتای تورکمان کەمە.

4- لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا دەڵێی با بهاتبانە لای ئێمە و پرسیان پێکردینایە لەبارەی کۆتا بزانین دەمانەوێ یان نا. من دەڵێم بە سیفەتی چی پەیوەندی بە تۆوە بکەن، ئێوە دامەزرێنەری بزووتنەوەی بێلایەنن، بەڵام ئەندامانی خۆتان کودەتایان بەسەرتان کرد و سەرکەوتووش بوون، ئێوە نەتانتوانی بەرگری لە مافی بزووتنەوەکەتان بکەن چۆن ئێستا دێن خۆتان بە نوێنەری میللەتی تورکمان دادەنێن و بەرگری لە مافەکانیان دەکەن. ئێوە ناتوانن بەرگری لە مافی تورکمان بکەن.

5- لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێی بەرەی تورکمانیتان جێهێشت. نەخێر سەت جار نەخێر، هەموو ئەندامەکانت و هەولێرو کەرکووک دەزانن کە ئێوە دەرکران لە بەرەی تورکمانی پاش ئینقلابەکەی کەنعان ئاغالی. هەموو هەولێر شایەتی دەدات کە ئێوە دەرکران پاش سەرکەوتنی کودەتاکەی ناوخۆتان و بەڕێز ریاز ساری کەهییەش ئەمری فەسلی دوغرەمەچی دەرکرد لە سەرۆکایەتی مەجلیسی شوورا، کە لەسەر ئەم دەرکردنەی دوغرەمەچی، جەماعەتی مزەفەر ئارسلان لە تورکیا بە فیتی دۆغرەمەچی سزا دران. بۆ مێژووش دەڵێمەوە کە شەخسی ئیحسان دوغرەمەچی پیاوێکی خێرخوازە و باشیشە، بەڵام زۆر بەداخەوە ئێوە ناوی ئەو پیاوە مەزنەتان لەکەدار کردووە، چونکە وەختی خۆی و ئێستاش هەزارەها ملیۆن دۆلاری ناردەوە بۆ قوتابخانە تورکمانییەکان، بەڵام زۆری خەرج نەکراوە بۆیان. ئێوە هۆکاری دواکەوتنی تورکمان بوون لە عێراقدا. چونکە پاش پارچە پارچەکردنی پارتە تورکمانییەکان دەستدرێژیتان کردە سەر نادی ئەخای تورکمانی، بەڵام پێتان نەکرا چونکە ئەوان زۆر زۆر لە ئێوە کاراترن.

7- لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا کاک مەحمود چەلەبی دەڵێ "ئەو چوار تورکمانەی پەرلەمانی کوردستان نوێنەری تورکمان نین". منیش دەڵێم بەڵێ نوینەری تورکمانن، چونکە ئەم بەڕێزانە لەلایەن حزبە تورکمانییەکان دیاریکراون و لەنێو لایەنە تورکمانییەکانیش لەوانە باشتریان تێدا نەبوو. بەڵام هی ئێستا تەنها تورکمان دەنگیان دەداتێ. جەنابی رق و کینەی بەرامبەر ئەو چوار کەسە هەیە، دەیەوێ داخی دڵی خۆی بەو قسانە سارد بکاتەوە. من بەرگری لەو چوار کەسە ناکەم، بەڵام بەخوا لەنێو هەموو تورکمانان بگەڕێی چوار کەسی ژیری وەکو ئەوانە نادۆزیەوە.

لەگەڵ رێزی بێ پایانم بۆ کاک مەحمود و رۆژنامەنووس کاک عەلی حەمە ساڵح کە بە راشکاوی پروپاگەندەی بۆ لیستی چەلەبییەکان کردووە، هەروەها چاکیش دەزانێت کەوا زۆربەی قسەکانی کاک مەحمود راست نین و دوورن لە واقع. ئەگەر کاک مەحمودیش هەر گلەییەکی هەیە دەتوانین لە مونازەرەی تەلەڤزیۆنیدا دانیشین و راستییەکان بۆ جەماوەر باس بکەین.

huseein9511@ yahoo.com



## هەولێر حەزی لە هەڵپەڕین نییە



**هێمن فاروق غەفوور، 30 ساڵ، کە کاری مامۆستایە، دەڵێت ئەو هێمنییەی شاری هەولێر بەرنامەدارە.**

**رووداو- هەولێر**

**رووداو: بۆچی هەولێر لە هەڵمەتی هەڵبژاردن ئارامە؟**

**هێمن:** خەڵکی هەولێر بێ هیوایە لە دەسەڵات، بۆیە زۆر گرنگی بە هەڵبژاردن نادات.

**رووداو: بەرای تۆ لیستە بچووکەکان بۆ بێدەنگن؟**

**هێمن:** لەوانەیە لەبەرامبەرەکەیان بترسن و حەزیش نەکەن زوو بەرنامەی خۆیان بخەنەڕوو، بەڵام لە رۆژانی داهاتوو بانگەشەی هەڵبژاردن لە هەولێر بە چڕی دەستپێدەکات.

**رووداو: هەولێر تا کۆتایی بە بێدەنگی دەمێنێتەوە؟**

**هێمن:** نەخێر، سروشتی هەولێر وایە زۆر حەزی لە هەڵپەڕین نییە، بەڵام شتی چاوەڕواننەکراوی لێ روودەدات.

## حیزبەکان شەڕە پەڕۆ بە خەڵک دەکەن



**فایەق تۆفیق عەبدولرەحمان، 40 ساڵ، دانیشتووی هەڵەبجە دەڵێت شەڕە پەڕۆ دیاردەیەکی ناشیرینە و دوورنییە توندوتیژی لێبکەوێتەوە.**

**رووداو-سلێمانی**

**رووداو: چۆن لەشەڕە پەڕۆ دەڕوانی؟**

**فایەق:** دیاردەیەکی زۆر ناشارستانی و ناشیرینە.

**رووداو: پێتوایە ئەو شەڕە پەڕۆیە هەوادارانی لیستەکان خۆیان دەیکەن یان حیزبەکان پێیان دەکەن؟**

**فایەق:** حیزبەکان پێیان دەکەن، ئەگەر حیزبەکان نەڵێن خەڵک بۆ شەڕە پەڕۆ دەکات.

**رووداو: بەرای تۆ شەڕە پەڕۆ توندوتیژی لێدەکەوێتەوە؟**

**فایەق:** بێگومان، چونکە ئاستی رۆشنبیری هەموو خەڵکەکە وەکو یەک نییە.

**رووداو: هەوادارانی کام لیست زیاتر شەڕە پەڕۆ دەکەن؟**

**فایەق:** هەموویان دەیکەن و وەک یەک بەشدارن تێیدا، شەڕەکە ئەمجارەش زیاترە لە رابردوو.

## وێنەگرتنی وتاری ئاینی مزگەوتەکان سنووردار دەکرێ

**زیاد ئیسماعیل**
**رووداو-هەولێر**

وەزارەتی ئەوقاف لەسەر داوای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، رێگە نادات کەناڵەکانی راگەیاندن بە ئارەزووی خۆیان وێنەی وتاری ئاینی رۆژی هەینی بگرن و بڵاوی بکەنەوە و، دەبێ بەر لە وێنەگرتن پرس بە وەزارەتی ئەوقاف بکرێ.

مەریوان نەقشبەندی، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) رەتیکردەوە کە ئەوقاف وێنەگرتنی وتاری نوێژی هەینی قەدەخەکردبێ وەک هەندێک مامۆستای ئاینی باسیان کردووە " ئێمە وەزارەتی ناوخۆ نین، شت قەدەخە بکەین، ئێمە رێنماییمان دەرکردووە کە راگەیاندنەکان نابێ بە ئارەزووی خۆیان بچنە مزگەوتەکان، وتاری نوێژی هەینی بگرن و بڵاو بکەنەوە، بەڵکو پێشتر دەبێ، پرس بە وەزارەتی ئەوقاف بکەن". وتەبێژی وەزارەت گوتیشی "ئێمە خۆمان مزگەوتەکە بۆ راگەیێندکاران، دەستنیشاندەکەین، بچێت کارە رۆژنامەڤانییەکەی خۆی بکات".

نەقشبەندی ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان لەسەر داوای کۆمسیۆن ئەو رێنماییەیان دەرکردووە، بۆ ئەوەی مینبەرو بڵندگۆی مزگەوتەکان دوور بن لە پروپاگەندەکردن بۆ لیستەکان. بەڵام مەریوان گوتی "مامۆستایانی ئاینی لە دەرەوەی مزگەوت ئازادن لە رێگەی کەناڵەکانی راگەیاندن هەر قسەیەک بکەن، بەڵام نابێت لەو حاڵەتەدا بەناوی وەزارەتی ئەوقاف قسە بکەن".

سەبارەت بە وێنەگرتنی وتارەکان لەلایەن خەڵکانی دیکەوە یان خودی مامۆستایانی ئاینی، مەریوان نەقشبەندی گوتی " ئەوە زۆر ئاساییە، بەڵام ئەگەر بزانین بۆ لەکەدارکردنی سومعەی مامۆستایانی ئاینی بێ، ئەوا داوامان لە وەزارەتی ناوخۆ کردووە ئیجرائات بەرامبەر ئەو جۆرە کەسانە بکات".

یەکێک لەو مزگەوتانەی زۆربەی وتارەکانی رۆژانی هەینی وێنە دەگیرێت مزگەوتی حاجی فەهیمەیە. مەلا فایز عەلی وتاربێژی مزگەوتی ئەو مزگەوتە رایگەیاند تائێستا هیچ رێنماییەکیان لەلایەن وەزارەتی ئەوقاف لەو بارەوە پێنەگەیشتووە، ئەو مەلایە گوتی "زۆربەی وتارەکانم تۆمار دەکرێن، ئەوانەی تۆماری دەکەن دەیانناسم، ئەگەر کەسێکی نەناسراویش وتارەکانم تۆمار بکات، لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکەم، بۆ ئەوەی بزانم بۆچی تۆماری دەکات".

## زۆر بەڕێز مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

**سلاوێکی گەرم.**

ئێمە وەک بنەماڵەی شەهید محەممەد عەجەم، کە شەهید یەکێک بووە لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی یەکێتی و جەنابت لە نزیکەوە دەیناسی کە لە ساڵانی پێش حەفتاکان لەگەڵ جەنابت بووە لە ساڵی 1978 شەهید بوو، لە باداوەی هەولێر. ئەم بنەماڵەیە تاکو دوای ئازادکردنی کوردستان لە 1991 چەندەها جار تووشی نەهامەتی و ناخۆشی بوونە.

ئێستاش لە خانووەکی بچووکین، خێزاندارین دایکشم لەگەڵم دایە لە بەڕێزت داواکارین بەڵکو خانووەکمان بۆ دابین بکەیت، یارمەتی دانت وەفادارییە بۆ شەهید محەممەد عەجەم، لە یەزدان داواکارین تەمەن درێژت بکات.

**لەگەڵ رێزماندا.**

**داواکار شیرزاد جەعفەر مەحمود**
**بنەماڵەی شەهید محمد عەجەم**





### شای ئوردن کوڕەکەی دەکاتە جێنشینی خۆی

# میر حەزی لە دەرکەوتن نییە

**رووداو- ئیلاف**

لە پازدەی ئایاری رابردوودا ماڵپەڕی ئیلاف لە هەواڵێکی تایبەتدا رایگەیاند کە بەم نزیکانە شا عەبدوڵڵای دووەمی پادشای ئوردن بڕیاری دانانی کوڕە گەورەکەی خۆی میر حوسێن وەک جێنشین رادەگەیێنێ. ئەو پۆستە لە کۆتایی ساڵی 2004ەوە کە لە میر حەمزەی کوڕی حوسێن وەرگیرایەوە، بەبەتاڵی مابووەوە.

هەڵبەت ئەو هەواڵە کە زۆر بە گەرمی لەنێو ئوردندا بڵاوبووەوە، لەلایەن حکومەتی ئوردنەوە نە پشتڕاستکرایەوە و نە ڕەتکرایەوە، بەڵکو لەلایەن هەندێ ماڵپەڕی ئوردنییەوە گومانی خرایە سەر، بەو سیفەتەی کە سەرەنجام ئەو پۆستە هەر بۆ میری بچکۆلانە دەبێت. هەروەها شای ئوردنیش بڕیارێکی لەو جۆرە دەرناکات، بەڵام کۆشکی پاشایەتی هەفتەی رابردوو گشتاندنێکی بۆ هەموو دەزگا فەرمییەکان نارد، کە فەرمانێکی شاهانەی هاوپێچ کرابوو، لەو فەرمانەشدا هەموو مافەکانی پۆستی جێنشینی ئوردن بە میر حوسێن درابوو.

ئاماژەکانی دەستنیشانکردنی میر حوسێن کوڕی عەبدوڵڵا وەک جێنشین، لە دوو هەفتەی رابردوودا زۆر گەرمبوو، میری بچکۆلانە لە چەند ئەرکێکی ناوخۆ و دەرەکیدا وەک سێبەر یاوەری باوکی بوو. هەڵبەت بەهێزترین ئاماژەش کردنەوەی ئەکادیمیایەکی زانستی ئەمنی بوو، کە بە ناوی میری بچکۆلانەوە کرا. میریش بەر لە دوو رۆژ ئاهەنگی پازدەمین ساڵەی لەدایکبوونی خۆی گێڕابوو.

دیسان بەهێزترین ئاماژە ئەوەبوو کە لە ئاهەنگێکی پێشوازیدا لە ئایاری رابردوو، میر حوسێن هاوشانی باوکی و لە پێش برا و خوشکەکانی شاوە وەستابوو، وەک ئاماژەیەکی مانادار کە میر حوسێن لە رووی پرۆتۆکۆلییەوە لەوانی دیکە بەرزترە. ئەوەش دیارترین نیشانەیەک بوو کە میری بچکۆلانە لەو پۆستەدا دادەنرێ و بەوشێوەیەش، ئیدی میری بچکۆلانە لەهەر حاڵەتێکی ئامادەنەبوونی شای ئوردن شا عەبدوڵڵای دووەم، خۆبەخۆ رێی چوونە سەر تەختی بۆ واڵا بێت، کە دە ساڵ بەر لە ئێستا شا عەبدوڵڵای باوکی دەسەڵاتی دەستووری خۆی لە ناوچەیەکی پڕ لە کێشمەکێشی سیاسیدا گرتە دەست.

بە گوێرەی زانیارییەکان، لە مانگی کانوونی دووەمی رابردووەوە شا عەبدوڵڵای دووەم بەشێوەیەکی کپ و بێدەنگ کەسایەتی سیاسی ئوردنی بانگ دەکاتە ماڵەکەی خۆی و دوورور لە چاوی نزیکترین بەرپرسانی ئوردن کە لە دیوانی پاشایەتیدا کار دەکەن، لەگەڵیان دادەنیشێت و داوای رێنماییان لێدەکات دەربارەی زۆر کاروباری ناوخۆ، بەر لەوەی گوێ لەو کەسانەش بگرێت کە شای ئوردن پێیوایە ئەوان وڵاتیان خۆشدەوێ و لەوەی دەیلێن راستگۆ و دڵسۆزن.

هەندێ زانیاری ئاشکرای دەکەن کە دیاریکردنی میر حوسێن وەک جێنشین بە یەکەمین ئەڵقە دادەنرێت بۆ پێداچوونەوەیەکی هێواش و دوور و درێژی ئەو دە ساڵ حوکمڕانییەی شای ئوردن، کە بەڵێنی داوە لێی بکۆڵێتەوە و سوود لە هەڵە و تێبینییەکان وەربگرێت.

شای ئوردن بەو رێنماییە زۆرانەی ناوخۆ رازیبوو کە دەیانگوت پێویستە مەسەلەی دانانی جێنشین بەپێی دەستووری ئوردن بۆ کوڕە گەورەکەی یەکلایی بکاتەوە، بۆ خۆ لادان لە هەر راڤە و خوێندنەوەیەکی جۆربەجۆر، ئەگەر قەدەر لەبەر هەر هۆیەک بێت شا ناچار بکات لە دەسەڵات دوور بکەوێتەوە.

**شاژن حەز ناکات کوڕەکەی مەشق بکات**

میر کە لە 28ی حوزەیرانی 1994 لەدایکبووە، حەز لە دەرکەوتن ناکات و شەیدای خوێندن و عاشقی تەکنەلۆژیایە، هیچ کاتێک لە لاپتۆپەکەی دوور ناکەوێتەوە. هەروەها لە گەشتەکانیدا بەرەو هەندەران پێی باشە دەیان گۆڤاری سیاسی و ئابووری و زانستی لەگەڵ خۆیدا ببات. هەرچەندە تا ئێستا چەندین جار لە تەک باوکییەوە بە جلوبەرگی سەربازییەوە دەرکەوتووە، بەڵام خەڵکانێکی نزیک لە کۆشکی پاشایەتی، دەڵێن میر هێندە ئارەزووی سەربازیی نییە، وەک سەردەمی منداڵی باوکی. دایکیشی، شاژن رانیا حەز ناکات کوڕەکەی بەو منداڵییە ناچار بکرێت بکەوێتە بەر زەحمەتییەکانی مەشقی سەربازی. ئەو پێی باشە جارێ بایەخ بە خوێندنەکەی بدات، پاشان دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، رووبکاتە سەربازی.

شاژن زۆر جار لە دانیشتنی تایبەتی خۆیدا نیگەرانی خۆی بەرامبەر مەیلی سەربازییانەی شای مێردی دەربڕیوە، کە بەردەوام و لە شوێنی نابەرچاودا درێژە بە مەشقی خۆی دەدات. شاژن باوەڕی وایە کە میر حوسێنی کوڕیشی لە کۆتاییدا هەر وەک باوک و باپیر و مامەکانی دەبێتە سەربازێک بۆ خزمەتکردنی ئوردن.

بەرپرسێکی پێشوو لە کۆشکی پاشایەتی دەڵێ میر حوسێن کوڕی عەبدوڵڵا لە پرسیارکردن دەربارەی هەموو شتێک بێزار نابێت و حەزی لە بەدواداچوونە.

ساڵی رابردوو شا عەبدوڵڵای باوکی



سەرسام کرد کاتێک لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێکانی قوتابخانەی سەردانی ئەو پێشانگا سەربازییەیان کرد کە ئوردن میوانداریی کردبوو. شا عەبدوڵڵا ئەوەی زۆر بەدڵ بوو کە بینی حوسێنی کوڕی لە نێو پێشانگاکەدا دەسووڕێتەوە و پرسیار دەکات و لەبارەی زۆر شتیشەوە گفتوگۆ دەکات. ئەوە زۆر سەرنجی هەندێ لەمیوانانیشی راکێشا کە لەگەڵی کەوتنە گفتوگۆکردن، تا شاعەبدوڵڵا خۆی هاتە لایان و بەگاڵتەوە لێی پرسین ئاخۆ مۆڵەتی هاتنەدەرەوەیان لە قوتابخانە وەرگرتووە.

چەند سەرچاوەیەکی ئوردنی مەزەندە دەکەن کە شای ئوردن لە هەنگاوێکی دیکەی چاکسازیدا پەرلەمانی ئێستا هەڵدەوەشێنێتەوە و داوا دەکات لە بەهاری ساڵی داهاتوودا هەڵبژاردنێکی نوێی پەرلەمان بکرێت، چونکە سکاڵایەکی زۆر هەبوو کە بەڕێوەبەری پێشووی دەزگای هەواڵگری ئوردن جەنەراڵ محەممەد زەهەبی دەستی لە هەڵبژاردنی رابردوو وەرداوە. ناوەندی شاهانە بۆ مافی مرۆڤیش رایگەیاند، کە هەڵبژاردنی رابردوو خراپترین هەڵبژاردن بوو لە ئوردن بەڕێوەچووبێت.



میر حوسێن لەگەڵ شا عەبدوڵڵای باوکیدا

### لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ژمارەی موسڵمانان

# ئەڵمانیا تووشی سەرسووڕمان دەکات

**رووداو- ئەڵمانیا**

لە ئەڵمانیا، لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لەلایەن دەزگایەکی فەرمییەوە ئامادەکراوە،زانیاری زۆر سەرنج راکێش لەبارەی موسڵمانان کە لە ئەڵمانیادا دەژین، دەخاتەڕوو.

لەو لێکۆڵینەوەیەدا کە لەلایەن (دەزگای کۆچ و پەنابەری)یەوە ئەنجامدراوە، لە 49 وڵاتەوە نزیکەی شەش هەزار موسڵمان هاتوونەتە ئەڵمانیا . بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکە لەنێوان 3.8 تا 4.3 ملیۆن موسڵمان لە ئەڵمانیا دەژین.

تائێستا ژمارەی موسڵمانانی ئەڵمانیا بە 3.1% تاوەکو 3.4% مەزەندە دەکرا. بەپێی خەملاندنە نوێیەکان، رێژەی موسڵمانان لە ئەڵمانیا لە نێوان 4.6% تاوەکو 5.2% دەبێت. لەو موسڵمانانەش هێشتا 55%یان هاووڵاتی ئەو وڵاتەن کە لێیەوە هاتوون و، 45% یشیان بوونەتە هاووڵاتی ئەڵمانیا. ئەو موسڵمانانەی لە ئەڵمانیا دەژین بەشێکی زۆریان لە تورکیاوە هاتوون. ژمارەی ئەو کەسانەی لە تورکیاوە هاتوون کە بە 2،5 تاوەکو 2،7 ملیۆن مەزەندە

لە نێو موسڵمانانی ئەڵمانیا، رێژەی ئەو کەسانەی کە پێبەندن بە ئایینەوە هێندە سەرنج راکێشە. رێژەی 36%یان دەڵێن باوەڕیان بەهێزە و 50%یان خۆیان بە باوەڕمەند ناو دەبەن. رێژەی ژنانی باوەڕمەند لە پیاوانی باوەڕمەند بەرزترە و 20%ی ژنانی موسڵمان ئەندامی کۆمەڵەی ئایینی و گرووپی رێکخراون. لە لایەکی دیکەوە 76%ی ژنان بەشداری رێورەسم و وانە ئیسلامی یان عەلەوێتییەکان دەکەن.

چۆن هەندێک کەسی خەڵکی تورکیا و ئەفریقیا خاوەن باوەڕێکی بەهێزن، بەڵام ئەوانەی خەڵکی ئێرانن پرۆفایلێکی جیاواز نیشاندەدەن. لە نێو ئێرانیاندا تەنیا 10% دەڵێن ئەوان باوەڕداری بەهێزن. هەروەها لە هەر سێ کەس یەکێکیان ئایین و باوەڕی خۆیان بە "بێ واتا" دەبینن.

**کێشەی پەروەردەییانەی تورک**

لە چەند بابەتێکی جێ ناکۆکیدا موسڵمانان پۆزسیۆنی جیاواز دەگرنە بەر. 70%ی ژنانی موسڵمان دەڵێن ئەوان کە دەچنە دەرەوە سەر



و رووی خۆیان داناپۆشن. بەڵام ئەو ژنانەی سەرو روویان دەگرن ژمارەیان 17%یە.

لە لایەکی دیکەوە لەبەر هۆی ئایینی 7%ی موسڵمانانی ئەڵمانیا کچانی خۆیان نانێرنە وەرزش و پێشبڕکێی راکردن و بازدان. دیسان لەبەر هەمان ئەو هۆیانە 10%ی کچان بەشداری گەشتی پۆلەکانیان ناکەن.

زیاتر لە نیوەی موسڵمانانیش ئەندامی کۆمەڵەیەکی ئەڵمانین. لە نێو موسڵماناندا رێژەی تورکان لە بواری پەروەردەدا لەهەموان کەمترە. بە گوێرەی شیکردنەوەکانی ئەو لێکۆلینەوەیە، هۆی ئەوەش بە رێژەی بەرزی نەخوێندەواری ئەو نەوەیە دەبەستنەوە کە یەکەمجار هاتوونەتە ئەڵمانیا.

دەکرێن. بەم جۆرە رێژەی ئەو کەسانەی لە تورکیاوە هاتوون لە نێو موسڵمانانی ئەڵمانیا 63%یە.

**موسلمانان لە پارێزگاکانی رۆژئاوادا دەژین**

لەو موسڵمانانەی لە ئەڵمانیا دەژین 14%یان خەڵکی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا و، 8،5%یان لە وڵاتانی ئەفریقیاوە هاتوون. لە نێو ئەفریقییەکانیشدا، ئەوانەی لە وڵاتانی مەغریبەوە وەک تونس و مەغریبەوە هاتوون، زیاترن. بە رێژەی 98%ی موسڵمانانی ئەڵمانیا لە پارێزگا کۆنەکان دەژین، واتە لە رۆژئاوای ئەڵمانیا و بەرلین دەژین. لە نێو هەموو پارێزگاکانیشدا ژمارەی هەرە زۆری موسڵمانان لە نۆردراین- ویست ڤالن دا نیشتەجێن. سێیەکی موسڵمانان لەو پارێزگایەدا دەژین.

# هەنگاریا دەبێتە قومارخانەی ئەوروپا



**رووداو- ئەڵمانیا**

لە ئەوروپا پیشەسازی قومار روویکردووەتە وڵاتانی رۆژئاوای کیشوەرەکە. هەنگاریا خۆی ئامادە دەکات ببێتە لاس فیگاسی ئەوروپا.

لە ئەنجامی هاوکاریی کۆمپانیا، هۆتێل و گازینۆی ئەمریکی (هارد رۆک) و کۆمپانیای هەنگاری، لە باکووری هەنگاریادا "بەهەشتی قومار"دروستدەکرێت.

دەزگایەک کە خاوەنی 5 ملیار دۆلار دەبێت، لە ساڵی 2012دا دەرگای خۆی دەکاتەوە.

ئەو قومارخانەیەی لە باکووری هەنگاریا لە شاری Hegyeshalom هیگیشالۆمە، لە سنووری سلۆڤاکیا و نەمسادا دروستدەکرێ، لە نێوەڕاستی ئەوروپادا دەبێتە نموونەی یەکەمی گازینۆکانی وەک لاس ڤیگاس.

بەقسەی هارد رۆک بەڕێوەبەری کۆمپانیای هارد رۆک، ئەو دەزگایەی لە ساڵی 2012دا دەرگای خۆی بەڕووی قوماربازاندا دەکاتەوە، لە ماوەی 10 ساڵدا نزیکەی دوو ملیار دۆلار داهاتی دەبێت.

لەڕووی کاریگەری بەسەر ئابووریی هەنگاریایشەوە، ئەو دەزگایە کە لە گازینۆ، هوتێل، شوێنی دیکەی کات بەسەربردن پێکدێت، زۆر واتادارە. بەپێی ئەو پلانەی بۆی دارێژراوە لە شەش ساڵی سەرەتاشدا، لەبەر وەبەرهێنان و ئامادەکاری دیکە، دەرفەتی کار بۆ 10 هەزار کەس دروست دەبێت.

هاوکات هەنگاریا بە باجی قومار دەتوانێ ساڵانە 500 ملیۆن دۆلار بخاتە گەنجینەی دەوڵەتەوە.

دوای کردنەوەی ئەوسەنتەرە، چاوەڕێدەکرێ هوتێلی 600 ژووری، پارکی 2000 ئۆتۆمبێلی، هۆڵی کۆنگرە، بار، مەلەوانگە، یانەی شەوانە و دووکانی وا بکرێنەوە، کە کەلوپەلی دیاری و شتی دیکەش دەفرۆشن. لە وڵاتانی باکووری هەنگاریا، وەک نەمسا و سلۆڤاکیا، لە باشووری هەنگاریایشەوە لە کرواتیا و سلۆڤینیاوە، دەیان هەزار گەشتیار کە حەز لە قومار و یاری دەکەن رادەکێشێتە هەنگاریا.

# ئۆباما خوێنەرێکی باشە

### پرۆفایلێک زانایەکی میسری بە ئۆباما دەناسێنێت





**رووداو -الشرق الاوسط**

کاتێک سەرۆک ئۆباما ویستی تەوقە لەگەڵ ئەو پیاوەدا بکات، کە بڕیاردرا لە گەشتەکەی بەرەو هەرەمەکانی جیزە یاوەری بێت، سەرۆک گوتی" لە رێگەی خوێندنەوەی پرۆفایلەکەی نیویۆرک تایمزەوە زۆر شتت لەبارەوە دەزانم"، ئەو پیاوەش دکتۆر زاهی حەواسی، ئەمینداری گشتیی دەستەی شوێنەوارەکانی میسرە.

رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) پرۆفایلێکی لەبارەی ئەو لەو گۆشەیەدا نووسی بوو، کە هەموو شەممەیەک لە بارەی کەسایەتییەکی جیهانەوە بڵاوی دەکاتەوە. نووسەری ئەو پرۆفایلەش مایکل سلاکمانی پەیامنێری رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ە لە قاهیرە، کە چاوێکی رۆژنامەنووسانەی هەیە و دەتوانێ چیرۆکی باش راوبکات، هەروەها رۆژنامەنووسێکی خاوەن ئەزموونە لەو جۆرە نووسینەدا.

لە بارەی گرنگی نووسینی پرۆفایلەوە (پوختەی ژیاننامە)،سلاکمان باس لەوە دەکات کە لەپرۆفایلەکەدا کەسێکی دیار بەخوێنەران ئاشنا دەکەیت و دووەمیش ئەوەیە بتوانین دیدێکی ورد سەبارەت بە لایەنێکی گەورەتری کۆمەڵ لە رێی ئەزموونی تاکە کەسانەوە پێشکەش بکەین.سلاکمان دەڵێ پرۆفایلی شەممە (نیویۆرک تایمز) لە رۆژنامەگەریی جیهان جیامان دەکاتەوە

لەبارەی ئەوەی چۆن ئەو کەسایەتییە دیاری دەکات کە دەیەوێ پرۆفایلی لەبارەوە ئامادە بکات، سلاکمان دەڵێ کە کارەکە پشت بە زۆر شت دەبەستێت. هەڵبەت ئێمە دەربارەی کەسانی گرنگ دەنووسین، هەروەها پرۆفایلێکی کورتیش دەربارەی پاشا و میر و سەرۆکە تازەکان بڵاودەکەینەوە، بەڵام دەڵێت "پێمان خۆشە تیشک بخەینە سەر ئەو کەسانەی بە زۆری لە دەنگوباسدا دەرناچن و ناویان نایێت".

بەر لە نووسینی هەر پرۆفایلێک ئایا پێویست بە رەزامەندیی پێش وەختەی سەرنووسەر هەیە؟ سلاکمان بەرسڤ دەداتەوە "کاری رۆژنامە وەک کاری تیپێکی وەرزشییە، هاوکارییەکی گەورە لە ئارادایە، من بە زۆری لەبارەی بیرۆکەکانەوە گفتوگۆ لەگەڵ نووسیارانی بەرپرس لە رۆژنامەکەدا دەکەم، ئینجا بە دوای بیرۆکەکاندا دەچم. بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نییە من مووچەکەی خۆم وەردەگرم و حەلاڵیشی دەکەم، چونکە چیرۆکی رۆژنامەڤانی ئەوتۆ پێشکێش دەکەم کە رۆشنایی دەخاتە سەر ئەوەی لەناوچەکەدا روودەدات".

سلاکمان پێیوایە، نووسین بەگشتی ئاسان نییە، بەتایبەتی کە خەڵکی ئاسایی متمانەت پێدەکەن و، رێشت پێدەدەن بچیە نێو ژیانی تایبەتیانەوە. نەمازە لە ناوچەیەکدا کە لەوانەیە خەڵک بەهۆی ئەوەی تۆ لەبارەیانەوە بڵاویدەکەیەوە، لەگەڵ دەزگاکانی ئاسایشدا تووشی گیروگرفت ببی .

سلاکمان باس لە رەگەزە بنەڕەتییەکانی نووسینی پرۆفایل دەکات، وەک بوونی هەندێ زانیاریی بنەڕەتی دەربارەی کەسەکە بۆ ئەوەی بیخەیتە ناواخنی نووسینەکە، دەڵێت "بۆ نموونە تۆ ناتوانی لەسەر دکتۆر حەواس بنووسی بەر لەوەی ماوەیەک لە یەکێک لە ناوچە شوێنەوارییەکاندا لەگەڵی نەبیت".

سلاکمان دەڵێ وتەکانی کەسەکە خۆی (ئیقتیباس) لە پرۆفایلدا زۆر گرنگن، "چونکە ئەمە ئەوە بۆ خوێنەر دەرخسێنێ کە گوێی لە کەسەکە خۆی ببێت". ئەمەش لەگەڵ کەسێکی وەک دکتۆر حەواسدا یەکجار ئاسانە، کە خوێندنی باڵای تەواو کردووە و بە رەوانی قسە دەکات . رەنگە بۆ کەسانێک کە شەرمنن، کارەکە زەحمەت بێت.

سەرۆک ئۆباما کە سەردانی میسری کرد، دکتۆر حەواس بە (نیویۆرک تایمز)ی راگەیاند کە سەرۆک ئۆباما لە رێی ئەو پرۆفایلەوە کە سلاکمان نووسیویەتی ئەوی ناسیوە، پەیامنێرەکەی (نیویۆرک تایمز) لەبارەی سەرکەوتنی لە کارەکەیدا دەڵێت "دایکم شانازیم پێوە دەکات".



رامیار مەحمود - کەنەدا
karwanmramyar55@gmail.com

# لە خۆ هەڵگەڕانەوە و ژیان لەسەر ڕابردوو

بیرو ئایدیاکان چەند گرنگبن ماتەریالەکانیش هەمان گرنگییان هەیە. ڕەفتارکردنی مرۆڤ و جیهانبینی سیاسی ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە دەستکاریکردنی زەینی مرۆڤەکان بۆ دونیا بە هەمان شێوە ماتەریالەکانیش بە شێوەیەک لە شێوەکان دەستکاری بیرکردنەوەمان و شێوەی ڕەفتارکردنمان دەکەن و شێوازی ژیانمان دەگۆڕن. مەبەستم لە ماتریالەکان ئەو دەزگاو دامەزراوەو بەرهەمە تەکنەلۆجییانەیە کە هاتوونەتە ناو ژیانمانەوە. دوو ئایدیای گرنگ سەبارەت بە ماف لە دوای ڕاپەڕینەوە مرۆڤی ئێمە بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات، مافی دروستکردنی حکومەتێکی کوردی کە گوزارشتکردنێکی سیاسی و ئیداری و یاسایی بێت لە خەڵکی هەرێمی کوردستان بە دیوەکەی دیکەشیدا مافی بەرەنگاربوونەوەی حکومەت خۆی. کە ئەمەیان بەشێکی دانەبڕاوە لە دیموکراسی. چونکە دیموکراسی مافی ئەوە دەداتە هاووڵاتیان کە بەشداری لە گۆڕینی حکومەت و ڕەتکردنەوەی هەندێک سیاسەتدا بکەن، لەم ڕووەوە دروستکردنی پەرلەمان قۆناخێکی گرنگ بوو لە مێژووی سیاسی کورددا نەک لەبەرئەوەی خاوەنی پەرلەمانێکی ڕاستەقینە بووین یان نا. چونکە پەرلەمان لە گەڵ خۆیدا سروشتی کولتوری سیاسی و میکانیزمی مۆبلیزەکردنی خەڵک دەگۆڕێت. سروشتی پارتە سیاسییەکان و دروستکردنی بڕیار دەگۆڕیت. هەر گرووپێکی سیاسی بۆ ئەوەی سیاسەتکارەکانی بگەنە پەرلەمان دەبێت مەشقێکی سیاسی باش بکەن لە ناو خەڵکدا. بتوانن زۆرترین ڕەزامەندی لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە، بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خەڵک و بوونی خەڵک بەسەرچاوەی دەسەڵات دەبێت وەک گۆڕانێکی گرنگ بەهای بکەین و هانمان بدات تەکنیکی کارکردن و تێگەیشتنمان بۆ کاری سیاسی بگۆڕین. ئەمە لە ناو هەریەکێکماندا دەبێت ئەو بڕوایە دروست بکات کۆمەڵگەی ئەمڕۆ دەبێت جێگەی زیاد لە هێزێکی سیاسی و ئایدیۆلۆجی تێدا ببێتەوە و مرۆڤەکان لەبەردەم زیاد لە ڕاستییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بن و ململانێ بەشێکی ڕاستەقینەی ژیانی سیاسی بێت. چوون بۆ پەرلەمان و هەڵبژاردن پرۆسەیەکی گرنگە چونکە سیاسەتکار و بەرنامەی سیاسی دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوە. وا دەکات خەڵک ماوەیەکی دیاریکراو بە کاربێنن بۆ ئەوەی ڕاستگۆیی سیاسی گرووپێک بەها بکەن.

لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا هیچ گرووپێک شایستە نییە بۆ ئەوەی حوکمڕان بێت، چونکە ئەوە مرۆڤەکان خۆیان بڕیار دەدەن چۆن حوکم بکرێن و کێ حوکمیان بکات. گرفتی لیستی کوردستانی لەوەدایە کە هەمیشە لە ناو ڕابردووی خۆیدا دەژی و دەیەوێت ڕابردووە ناسیونالستییەکەی بکاتە ماف و شایستەیی بۆ حوکمڕانیکردن و ڕۆحی تاکڕەوانەیان لە قۆرخکرنی بڕیارو سیاسەتکردن و بەڕێوەبردنی هەرێمەکە گەیاندوونیەتە ئەو شۆکە کە ئێستا زۆربەی هێزە سیاسییەکانیان لێ بترازێن و سیاسەتی قۆرخکردنی هەموو شتێک لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە ئەم دوو هێزەی تووشی جۆرێک لە نامۆیی کردووە بە خەڵک، کە وا دەکات بە هەلاکەت بچن بۆ ئەوەی زۆرینەی بە بەراورد دروستبکەنەوە لە پەرلەماندا، تاوەکو حکومەت لە خۆیان بێت. ئەوەی ئێستا ڕوودەدات تەنها ترازانی هێزە سیاسییەکان نییە لەیەکتر بەڵکو جۆرێکە لە یاخیبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی لەم دوو هێزە.

یەکێک لە تازەترین و پڕ کێشەترین بەرهەڵستکار ئێستا باڵی ریفۆرمە. ئەم جۆرە لە بەرهەڵستکار مۆدێلێکی تازەیە لە ناوچەکەدا، لەو ڕووەوە قەیران و شکستی دەسەڵاتە ناسیونالستییەکان لە ناوچەکەدا هەمیشە خوڵقێنەری بەرهەڵستکارێکی دینی بووە و سروشتی ئایدیۆلۆجی دینی ئەو بەرهەڵستکارە هەمیشە بیانوویەک بوو بۆ هێشتنەوەی ستەمکاری سیاسی لە زۆربەی وڵاتانی دەوروپشتدا. ساڵانێکی زۆریش لە کوردستان هەمیشە باسی مەترسی ئیسلامی سیاسی کراوە وەک ئەلتەرناتیڤێکی ترسناک لە سەر ژیانی دیموکراسی و عەلمانییەت. وەک بیانوویەکی ئایدیۆلۆجی بەشێوەیەکی ڕووناکبیری و سیاسی بە گەڕخراوە بۆ هێشتنەوەی ستەمکاری و گەندەڵی. بەڵام ئەم مۆدێلەی ئێستا لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا دەرکەوتووە مۆدێلێکی ئاینی نییە و سەر بە هەمان ژینگە و ئایدیۆلۆجی ناسیونالیزمی کوردی خۆیەتی. نمونەیەکی دیکەی پارتی و یەکێتییە لەڕووی سروشتی ئایدیۆلۆجی وکۆمەڵایەتییەوە. سەرکردەکانیشی هەر پەروەردەو گۆشکراوی هەمان کولتوری یەکێتی و پارتین، هەر ئەمەش وا دەکات ئەم هێزە قسە لەسەر شوناسی ئایدیۆلۆجی و کۆمەڵایەتی خۆی نەکات، پۆپۆلیزم و ناسیونالیزم دڵی ئەم بزوتنەوەیە. هەر ئەمەش وا دەکات بە ئاسانی توانای چوونە ناوەوەی کۆمەڵگەی هەبێت. چونکە زەینی کۆمەڵایەتی کوردی بە دروشم و دیمەنی کەسەکانی ئاشنان کە سەر بە هەمان جوگرافیا و خەیاڵی پارتی و یەکێتییە. ئیشە ترسناکەکەی ڕۆشنبیر لێرەدا هاتووەتە سەر فرۆشتنەوەی نائومێدی کۆمەڵگەی کوردی بە هێز و بزووتنەوەیەک کە نمونەیەکی دیکەی پارتی و یەکێتییە.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar2001@yahoo.com

# دواخستنی دەستوور و چارەسەری ناوەندی

هەر چۆنێک بێت کوردستان دەبێ بە خاوەنی دەستووری خۆی، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە مەسەلەیەکی نیشتمانیی وەکو دەستوور نەبێتە هۆی ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی لێک بببن بە نەیار و دوژمنی یەکتری. پێویست ناکات میللەتی ئێمە تەجروبەی عێراق لە نووسینەوە و دەنگدان لەسەر دەستوور دووبارە بکاتەوە. ناڕازییەکان لەسەر مەسەلەی تێپەڕاندنی دەستوور ئەگەرچی پتر لەوەی جەماوەری بن، سیاسین و کەناڵێکی دیاریکراو ئەو مەسەلەیەی زۆر لە قەبارەی خۆی گەورەتر نیشانی خەڵک داوە، بەڵام دیموکراسی کاتێک بەرجەستە دەبێ کە ڕێز لە دەنگی کەمینەش بگیرێت.

ئەو موناقەشانە و ئەو بارودۆخەی کە لە دوای 24ی حوزەیرانی ڕابردووەوە و لەو کاتەوەی کە پەرلەمانی کوردستان پرۆژەی دەستووری هەرێمی لە پەرلەمان تێپەڕاند ڕوویاندا، ئۆباڵەکەی هەمووی لە ئەستۆی پەرلەمانی کوردستانە. 7 ساڵە دەستووری کوردستان کاری لەسەر دەکرێت و لانی کەمیش وا سێ ساڵە لە شێوەی کتێب چاپکراوە، ئەی باشە بۆ 1 مانگ بەر لە هەڵبژاردن بیریان کەوتەوە بیخەنە ریفراندۆمەوە؟ ئایا نەدەکرا لە ماوەی ساڵی ڕابردوو ڕۆژێک پەرلەمان دابنیشێت و وادەی ریفراندۆم لەسەر دەستووری کوردستان دیاری بکات؟

پێداگیری (لیستی کوردستانی) لەسەر ریفراندۆم لەسەر دەستوور و بەرەنگاربوونەوەی ئەم پێداگیرییە لە لایەن (گۆڕان)ەوە، بارودۆخی کوردستانی بەرەو ئاقارێکی ناسەقامگیر دەبرد، ئەگەر بهاتایە لە 25ی مانگ ئەم ریفراندۆمە ئەنجام بدرابایە. من پێموایە هەندێک کەس بەشێوەی ناڕاستەوخۆ وایان کرد ریفراندۆم لەسەر دەستوور دوابخرێت تا کۆمەڵگەی کوردستان تووشی لەتبوون نەبێت، بۆیە کۆمیسیۆن ریفراندۆمەکەی دوا خست. ئەوەی کە کۆمیسیۆن بڵێ هۆکاری تەکنیکی بووە نەک شتی دیکە ڕێی تێناچێت، چونکە ئۆفیسی کۆمیسیۆنی باڵا لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی ئامادەیی تەواوی خۆیان نیشاندابوو کە دەتوانرێ لە 25 تەمموز ریفراندۆمەکە بکرێت.

بەڵام پێموابێ ئەوانەی مەسەلەی دەستووریان بەوئاقارە برد وخستیانە بەردەم پەرلەمانی داهاتوو، ڕەنگبێ نەک هەر قازانج نەکەن، بگرە بۆی هەیە زەرەریش بکەن. سەرجەمی ناڕەزایەتییەکان لەسەر دەستوور مەسەلەی شێوە و سیستەمی حوکمڕانییە لە کوردستان و شێوەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

لە پەرلەمانی داهاتوودا بە مەزەندەی چاودێران بە لای کەمەوە لیستی کوردستانی دەبێتە خاوەنی 70 کورسی و ئەگەر ئەو پرۆژەیەی ئێستای دەستوور بخرێتە دەنگدانەوە لیستی کوردستانی بۆ بەدەستهێنانی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان تەنها پێویستی بە چوار دەنگی دیکە دەبێت بۆ ئەوەی هەموو بڕگەکانی دەستوور بە دوو لەسەر سێی دەنگەکان تێپەڕێت. بۆیە تەنانەت ئەگەر ئەم تێپەڕاندنەی دەستوور لە پەرلەمان لە داهاتوودا قەبوڵ نەکرێت و داوای ئەوە بکرێت کە دووبارە لە پەرلەمان تێپەڕێتەوە، ئەوا لیستی کوردستانی بە ئاسانی دەتوانێ تێیپەڕێنێتەوە. بە واتایەکی دیکە ئەم دەستوورەی ئێستا بەو شێوەی ئێستای تێدەپەڕێتەوە. بەڵام ئۆپۆزسیۆنی دەستوور زەرەر دەکەن چونکە بەپێی دەستوور سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو ڕۆژەوەی کە دەستوور دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە مافی ئەوەی دەبێت بۆ دووجاری دیکە خۆی هەڵبژێرێت، خۆ ئەگەر دەستوور دوای ئەوکاتە قەبوڵ بکرێت کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردراوە، ئەوا ئەو هەڵبژاردنەشی حیساب ناکرێت و بۆی دەبێ نەک جارێکی دیکە بگرە دوو جاری دیکە خۆی هەڵبژێرێتەوە!



د. محەممەد نوورەدین

# کێ حوکمی تورکیا دەکات؟

تورکیا لەم هەفتەیەی دواییدا بە پرسێکی یەکجار گرنگەوە سەرقاڵ بوو، کە تارادەیەک نیگای خەڵکی تورکیای لە بەدواداچوونی قەیرانی ئێران دوور خستەوە، کە لە پاش ئەو ناکۆکییەی کەوتە نێوان سەرۆک مەحموود ئەحمەدی نەژاد و ڕکابەری دۆڕاوی میر حوسێن مووسەوی هاتەکایەوە.

قەیرانەکەی ئێران، بە هەمان شێوەی قەیرانی ئەنقەرە، سەنگ و قەبارەی ئەو ئاستەنگانەی هێنایەوە بیر کە هەردوو وڵاتە هەرە گەورە و کاریگەرەکەی جیهانی ئیسلامی بەرەو ڕووی دەبنەوە.

قەیرانەکەی ئێران شێوەی ململانێیەکی وەرگرت لە نێوان لایەنگرانی ئەحمەدی نەژاد و نەیارە چاکسازیخوازەکانی، ناکۆکییەکە هەرچەندی گەورەش بێت هەر سیاسییە. بەڵام لە تورکیا ڕەوشەکە مەترسیدارترە، چونکە هەر لە دروستبوونی کۆماری تورکیاوە، دەردەکە پەیوەندی بە ڕەفتار و بیرکردنەوەی بژاردەی دەسەڵاتدارەوە هەیە.

ڕۆژنامەی (تەرەف)ی تورکی بەڵگەنامەیەکی بڵاوکردەوە و ناوی لێ نا نهێنی، کە ئامانجی ڕووخاندنی دەسەڵاتی پارتی داد و گەشەپێدانە، هەروەها نەهێشتنی بوونی کارایی سەرکردەی ئیسلامیی تورکی نیشتەجێی ئەمریکا فەتحوڵڵا گولەن، کە خاوەنی ئیمپراتۆریەتێکە لە دەزگای ئابووری و فێرکردن و زانکۆ و تەندروستی و ڕاگەیاندن و هی دیکەش.

گولەن بە قوتابخانە و زانکۆکانی بووەتە دیارترین بڵاوکەرەوەی ڕۆشنبیری و زمانی تورکی لە جیهاندا و بە هەمان شێوە لە نێو ڕەوەندی تورک لە هەندەران دا. بە درێژایی دەیان ساڵی ڕابردوو گولەن ئامانجی دەزگای سەربازی بوو، چونکە بەوە تۆمەتبار دەکرا کە هەوڵدەدات خۆی بخزێنێتە نێو سوپاوە.

هەڵبەت پەلاماردانی پارتی دادوگەشەپێدان شتێکی ئاساییە بەهۆی شکاندنی هەژموون و شکۆی هێزە کەمالیستییەکان و لە نێوياندا دەزگای سەربازی، ئەو دەزگایەی کاتی خۆی خەمی هەرە گەورەی سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ئیسلامی بوو ئەوکاتەی نەجمەدین ئەربەکان نوێنەرایەتی دەکرد و پاشان پارتی داد و گەشەپێدان بە سەرۆکایەتیی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەربارى بزووتنەوەکانی چەپ و کورد.

خۆ ئەگەر ئەم جۆرە هەوڵانە بوونەتە شتی ئاسایی لە تورکیادا، جا دووبارە دەرچوونی ئەم جۆرە بەڵگەنامانەش لە لایەن ناوەندگەلی نێو دەزگای سەربازی لە قۆناغی پتەو کردنی دیموکراسی و دانوستاندن لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپادا، ئەوە کەشێکی پڕ لە گومان و دوودڵی سەبارەت بە قووڵیی ئەو گۆڕانە دیموکراتییەی لە تورکیادا دروست بووە.

بەڵگەنامەکە ئیمزای عەقیدێکی نێو فەرمانگەی چالاکیی سەربازیی لە سەرە، کە ڕاستەوخۆ سەر بە سەرۆکایەتیی ئەرکانە، ئەوەش گەلێ نیشانەی پرسیاری دروست کردووە، سەبارەت بە ڕادەی دروستیی بەڵگەنامەکە، کە نە لێکۆڵەری سەربازی و نە تەکنیکی تازەش نەیانتوانی بزانن ئاخۆ ڕاستە یان تەزویرە، ئەمەشیان بە ڕاستی کارێکی سەیرە.

پێشینەکانی دەرچوونی بەڵگەنامە و هۆشداریی سەربازی بۆ دەسەڵاتی سیاسی بەر لە پارتی داد و گەشەپێدان و لە دوای ئەویشەوە، پەنجەی تاوان ئاراستەی دەزگای سەربازی دەکات. لە شوباتی 1997دا چەند بەڵگەنامەیەکی سەربازی بە ناوی ئەو ڕۆژنامەنووسانەوە دەرچوون، کە سوپا دەیەوێ لەناویان ببات یان تەنگیان پێ هەڵچنێت. لە ساڵی 2004 و 2005دا دوو هەوڵی کودەتا لە لایەن ئەوەی ناویان نا"ئەفسەرانی بچووک"ەوە دژ بە حکومەتی ئەردۆغان ئاشکرا بوون. ئەمڕۆ هەمان شت دووبارە دەبێتەوە. لە هەموو حاڵەتێکیشدا سوپا تاوانباری سەرەکییە.

هەر بۆیە هەندێ قەڵەمی تورکی دوودڵ نەبوون لەوەی داوای لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە و سزادان بکەن. دادگایی کردنەکەش ئەگەر پێویستی کرد، دەکرێ بڕیار بدات خودی سەرۆکی ئەرکان جەنەراڵ ئیلکەر باشبوغیش دەربکرێت، چونکە ئەو ترۆپکی ئەو هەرەمەیە کە عەقڵیەتی پیلان و کودەتا بەسەر یاسا، هەروەها دەست تێوەردان لە کاروباری سیاسی، هێلانەی تێدا دەکات.

هەر لێرەشدا بەرپرسایەتییەک دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت و پارتی داد وگەشەپێدانەوە کە تا کۆتایی بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە بکەن. ئەردۆغانیش لێدوانی دا کە تا کۆتایی بە دوای ئەو بابەتەدا دەچێت، چونکە ئەگەر بەڵگەنامەکە ڕاست بێت ئەوە کارێکی یەکجار ترسناکە، ئەگەر چەواشەش بوو ئەوە دیسان یەکجار ترسناکە. ڕاشیگەیاند کە سکاڵایەک لە لای دادگای مەدەنی دەنووسێ، لە هەمان کاتدا دەزگای سەربازی ڕایگەیاند کە لێکۆڵینەوەیەکی سەربازی لەبارەی پرسەکەوە دەکات.

ئەو پرسەی وورووژێندراوە ڕەهەندێکی دیکەی مەترسیداریشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بەڵگەنامەکە لە ماڵی یەکێ لەو تاوانبارانەدا دۆزراوەتەوە، کە سەبارەت بە پرسی ڕێکخراوی ئەرگەنەکۆن دادگایی دەکرێت، ئەمەش ئاڵۆزییەکی دی دەخاتە نێو بابەتەکەوە.

زۆر سەیرە کە تورکیایەک لە هەوڵی ئەوەدایە بچێتە ڕیزی وڵاتانی تازە و مەزنی ناوچەکە و جیهانەوە، کەچی تا ئێستا خاوەنی عەقڵیەتی ڕیشەکێشکارانەی لەم جۆرەیە، کە دەخوازن بە توندوتیژی بەرامبەر بە نەیارانی خۆیان کە دەسەڵاتداری وڵاتەکەشن، بوەستنەوە.

ئەگەر هەنگاوێکی ڕیشەیی بە ئاراستەی نەهێشتنی ئەم ڕەوشە ناجۆرە نەهاویشترێت، کە دەسەڵاتی پارتی داد و گەشەپێدان هێشتا نەترسانەتر و ئازایانەتر بێت لە بواری بەدی هێنانی چاکسازیی تەواو لە هەموو بوارەکاندا. هەروەها دەستوورێکی نوێ و سەراپاگیریش ئامادە بکات کە خڵت و خاشی دەیان ساڵی ڕابردوو ڕابماڵێ، بەر لەوەی تەمبەڵی جەستەی پارتەکە بگرێتەوە، کە ئێستا بەدەست فشۆڵییەوە دەناڵێنێ و هیچ شتێ بێ لە چاکسازی ناتوانێت گورجی بکاتەوە. بێگومان ڕەوشەکە تەندروست نییە.

جا ئایا ئەو پارتە ئەو دەست پێشخەرییە دەکات، یان تازە کار لە کار ترازاوە؟

**لە ڕۆژنامەی (الشرق)ی قەتەرییەوە**

دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی Christian science monitor ئەمریکی

# ئامانجی داهاتووی عێراق: کێشەی کورد

## بەغدا بە بێ بوونی یاسا کێڵگەکانی مەزاد دەکات و ئەمریکاش کورد هاندەدات بۆ دانوستاندن

ڕزگاربوونی ئەو وڵاتە پابەندە بە کەمبوونەوەی جیاوازییەکانی کورد و عەرەب لە 30ی حوزەیراندا، یەکەم ڕۆژی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکابوو لە شار و شارۆکەکانی عێراق، کە ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ سەربەخۆیی عێراق، هەروەها خاڵێکە بۆ ئەوەی بزانی کە عێراق چەند پێشکەوتووە بۆ دابینکردنی داهاتوویەکی سەقامگیر.

لە مانگی ئایاری ساڵی ڕابردوو، پرۆسەی "زیادکردنی" سەربازانی ئەمریکی دەستی پێکرد و لەو مانگەدا 126 سەربازی ئەمریکی لە عێراق کوژران، مانگی ڕابردوو، 25 سەرباز کوژران، ئەگەر ئەمەش لەگەڵ سەربازی عێراقی بەراورد بکەین 197 بەرامبەر بە 39 بوو، بەرامبەر هاووڵاتیانی عێراقیش بەراورد بکەین 2600 بەرامبەر بە 340 کەس بوو.

ئەمریکا هێشتا هێزی مەشق و ڕاهێنانیان لە شارەکاندا هەیە و ڕۆژی شەممەی ڕابردووش، مالیکی ڕۆژی سێ شەممەی کردە پشووی فەرمی و گوتی "کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەنێو شارەکان، پەیامێکی ئاشکرا دەنێرێت بۆ جیهان کە ئێمە دەتوانین پارێزگاری لە ئاسایش و کاروباری نێوخۆیی خۆمان بکەین".

بەڵام هەر کە ئەو ڕۆژە تێپەڕی، پێویستە عێراق خۆی بۆ ئەو گەشتە نادیارەی لەبەردەمیدایە ئامادە بکات، بەبێ یارمەتی ئەمریکا. ڕێکخراوی قاعیدە هێشتا زیندووە، بەڵام ئەوەی زیاتر گرنگە ئەوەیە کە هێشتا مەسەلەی کورد یەکلانەبووەتەوە کە لە سەنتەری ناکۆکی نێوان کورد و عەرەبە.

لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا، پێوەندییەکانی نێوان مالیکی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو گرژی ڕۆیشتوون و ئەوەش پابەندە بە مەسەلە بناخەییە گرنگەکانی ئەووڵاتەوە وەکو یەکێتی نیشتمانیی عێراق، دەستکەوتی نەوت و هاوسەنگی دەسەڵات لەنێوان حکوومەتی ناوەندی و حکوومەتی هەرێم و ئەگەریش ئەو ناکۆکییە چارەسەر نەکرێت یاخود خراپتر بێت، ئەوا ناکۆکی کورد و عەرەب ڕەنگە دەوڵەتی عێراق پارچە پارچە بکات.

جەرگەی ئەو کێشەیەش، پرسی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانە. مانگی ئابی ڕابردوو، تەنیا گفتوگۆی ڕاستەوخۆی نێوان مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نوری مالیکی، بووە هۆی ڕێگەگرتن لە دروستبوونی شەڕی چەکداری لەنێوان هێزە کوردییەکان و سوپای عێراقی لە شاری خانەقین، کە کورد بەڕێوەی دەبات.

هیچ کام لەو ناوچانەی کە ناکۆکیان لەسەرە، بەقەدەر شاری کەرکووک شەڕی لەسەر نییە کە کەوتووەتە سەر کێڵگەیەکی نەوت کە 20%ی نەوتی یەدەگی ئەو وڵاتەی تێدایە. کورد لە مێژە شاری کەرکووکیان بە شارێکی کوردی زانیووە، بەڵام ئێستا دانیشتووەکانی تیکەڵە لە کورد، عەرەب و تورکمان، کە عەرەبەکان لەلایەن سەدامەوە هێنراون بەمەبەستی "تەعریب" کردنی ناوچەکە. بەپێی دەستوورەکەی ساڵی-2005 ی عێراق، داوا کراوە کە ریفراندۆم لەسەر چارەنووسی شاری کەرکووک ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەو دەنگدانەش هەر دوادەخرێت.

هەروەها کەرکووک پێوەندی بە دوو مەسەلەی گرنگی دیکەی عێراقەوە هەیە، ئەویش سیستەمی ناوەندیی حکوومەت و داهاتی نەوت و غازە. دەستوورەکەش سنوورێکی گشتی بۆ هەردووکیان دیاری کردووە، لەگەڵ ئەوەی حکوومەتی هەرێمەکان دەسەڵاتێکی باشیان پێ بەخشراوە، بەڵام مالیکی و لایەنگرانی دەیانەوێت گۆڕانکاری لە دەستووردا بکەن، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی زیاتر بدەنە بەغدا. هەڵبژاردنە نیشتمانییەکانیش کە بڕیارە لە مانگی کانوونی دووەمی داهاتوو بەڕێوەبچێت، نزیک بووەتەوە و مالیکیش دەیەوێت ئەوە پیشانی خەڵک بدات کە بەهێزە و دەتوانێت جیاوازی دروست بکات. بۆ نموونە بەبێ ئەوەی یاسای نەوت لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند بکرێت، وەزیری نەوتی عێراق کێڵگە نەوتی و غازییەکانی عێراقی خستووەتە مەزادەوە بۆ کۆمپانیا بیانییەکان کە یەکێکیان کەوتووەتە نزیک شاری کەرکووکەوە.

ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی بوو، ئەوەیە کە ژەنەڕاڵ ڕۆبەرت کاسلین، لە سوپای ئەمریکا ڕایگەیاند کە ئەمریکا هێزی زیاتر دەباتە ئەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەرە و ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئەمریکا کورد و عەرەب هاندەدات بۆ دانووستانکردن وچارەسەرکردنی کێشەکان لەنێو خۆیاندا، بەدڵنیاییشەوە پێویستە ئەمریکا چاودێری وردی ئەم ناکۆکییە بکات، بەڵام لە کۆتاییدا، کێشەی کورد تەنیا بۆ عێراقییەکانە و هەر ئەوانیش دەبێ چارەسەری بکەن و پێویستیشە لە ڕێگەی پرۆسەی سیاسییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، نموونەش زۆرە کە چی ڕوودەدات کاتێک گرووپێک دەیەوێت خواستەکانی خۆی بەسەر گرووپێکی دیکەدا بە زۆر بسەپێنێت و ئەگەر ناکۆکی چەند ساڵەی تایفەگەری لە عێراقدا پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە، ئەوا باشترین نموونە ئێرانی دراوسێیەتی.



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# نانێکی گەرم

چونکە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە، بڕۆکەک ترسی خستووەتە دڵی ئەوانەی هەمیشە لە بردنەوە دڵنیابوون، بۆیە بەڵێنەکانی ئەمجارە خەست وخۆڵتربوونەتەوە. دوورمەڕۆ، بەڕاستی دڵێکی دەوێ لەم کۆمەڵگە ژنکوژەدا، بەڵێنی بەدەستخستنی مافەکانی ژن بدەیت، کەچی نەک هەر ینک و پدک، حیزبی شیوعیش، کە ئەم زەمانە وەک پاسۆکی جارانی لێهاتووە و مەنجەڵێ دۆڵمە بەشیان دەکات، جورئەتی ئەو جۆرە بەڵێنانەیان هەس. کار وای لێهاتووە حیزبە ئیسلامییەکان بۆ پەیداکردنی ڕەواج، بانگەشەی زامنکردنی ئازادییەکانی تاک و مافی ژنان دەکەن. حیزب هەیە لە کوردستاندا، هەموو ئەندامەکانی لە چایخانەی مەچکۆ جێیان دەبێتەوە، کەچی بەتەمان سیستمی سیاسیی وڵات باشتر بکەن. خوا خێری یەکێتی و پارتی نەنووسێ، ئەوان نەبوونایە هەندێ کەس، لە بری ئەوەی عەرزی عەزەڵات بکەن لە پەرلەمانەکەی جاراندا، هەرگیز بە ئاسانی نەیاندەتوانی بگەنە پرسگەی پەرلەمانیش، ئەوە خوا کردی ئەمجارە هینی ڕەش و سپی بەدیار دەکەوێت و گەلێک پاڵەوانی پەڕۆ، فس دەبنەوە.

ئەو لیستانەی گەیشتنیشیان مسۆگەرە، لە بەڵێنی قەبە درێخییان نەکردووە، خۆ ئەوەی ئەوان لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافەکانی منداڵ و ژن و ئازادییەکانی تاک و ئاوەدانی و خزمەتگوزاریی باسی لێوەدەکەن، ئەگەر چارەکێکی بەدی بێنن کوردستان دەبێتە سویسرا.

مافی منداڵ و ژینگەی خاوێن و خوێندنی چی، دەبا لە کوردستاندا پارەت نەبێ منداڵەکەت بنێریتە قوتابخانەیەکی تایبەت، وەی لە حاڵت، منداڵێکی جاهیل و کەسێتی ڕووخاو و هیچنەزان و بێزانیاریی و گێل و گەلحۆت بۆ بەرهەم دێنن. قوتابخانەی تایبەت نەبێ، منداڵ فێرە ئینگلیزی و زانستی سەردەمانە دەبێت؟ کچە هەشت ساڵانەکەم هەندێ شت دەخوێنێ، من کە لە زانکۆ بووم دەمخوێند، ئێمە زانکۆکانمان فابریکەی بەرهەمهێنانی جەهل و بێکارین، دەبێ قوتابخانەکانمان خێریان چی بێت.

ئێستا نەوەت و یەک نییە بە جلی خاکی و حەفتاوپێنجییەوە سۆزمان بجووڵێنن، بزانن یان نا، هەموو ئەو بەڵێنانەتان لە نانێکی گەرمدا بۆ هەڵدەگرین، دوایی یەک یەک هەمووی بە ڕووتاندا دەدەینەوە، ئەوسا پێمان نەڵێن ئێوە تابووری پێنجەم و شەشەم و حەوت و نیون و چاوتان بە دەستکەوتە مەزنە بێوێنەکاندا هەڵنایێت.

هیستیریای هەڵبژاردن کارێکی کردووە، ئەوەی گیرفانەکانی پڕ لە دۆلارن، دێتە سەر تیڤی و وەک ئیبراهیم تاتڵس، بە مایکێکەوە بەڵێنی ئاشکراکردنی سەروەت و سامانی بەرپرسان و لێپرسینەوەیان دەدات، جوامێرێ نییە پێی بێژێ زەحمەت نەبێ قوربان، ئێوە کە شازدە ڕۆژنامە و گۆڤار و لەشکرێک دەهۆڵکوت بە پارەی میللەت بەڕێوە دەبەن، ئێوەش گیرفانەکانتان، وەکو گۆرەوی لە بەر چاوی خەڵکدا هەڵدەگێڕنەوە؟



نوورەدین
وەیسی
nuradinwaisi@rudaw.net

# لە کوردستان میدیای سەربەخۆ نییە

پێش دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی کوردستان، زۆر کەس گومانی لە بێلایەنبوونی میدیای تایبەت یان ئەوەی لە کوردستان بە ئەهلی ناسراوە دەکرد و پێیانوابوو ئیدی ئەو میدیایەی چەند ساڵێکە ئەم و ئەو بە بەکرێگیراو و داردەستی دەسەڵات دەزانێت، خۆی پێناگیرێت و راست و رەوان پشتگیری لایەنێک دەکات.

چەند رۆژێک لەمەوبەر لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ هەواڵێکم خوێندەوە کە لەزاری سەرۆکی لیستی گۆڕان نەوشیروان مستەفا بڵاویکردبووەوە کە لەچاوپێکەوتنێکی کەناڵی (الحرە) گوتبووی "ئێمە لەلایەن ئەو دەزگا راگەیاندنانەوە پشتگیریمان لێدەکرێت کە بە سەربەخۆ ناسراون" . دیارە رۆژنامەو گۆڤارە (سەربەخۆکان!) بەر لەوەی نەوشیروان مستەفایش روویان هەڵماڵێت بۆ خۆیان بە ئاشکرا لایەنگیریی وپشتگیریی خۆیان بۆ لیستی گۆڕان نیشانداوە. سەرنووسەری گۆڤارێکیان بە ئاشکراو هەر لە رۆژنامەی رۆژنامەوە داوای کردبوو خەڵک دەنگ بە لیستی گۆڕان بدات. سایتی رۆژنامەیەکیش بەناوی ریکلامەوە لۆگۆی لیستی گۆڕانی لە بەشی سەرەوەی ماڵپەڕەکە داناوە.!

لە کوردستان زۆر لاف و گەزافی سەربەخۆیی لێدەدرێت، بەتایبەتیش لەلایەن میدیاکانەوە . لە کاتێکدا بە چاوپێداخێشاندنێکی خێرای ئەو میدیایە دەردەکەوێت کە زۆر لە پەیامی راستەقینەی میدیا کە گەیاندنی زانیارییە لایداوەو خۆی کردووەتە هێزێکی سیاسی و هەڵوێستی سیاسی وەردەگرێت. نموونەی هەرە نزیکمان بایکۆتکردنی کۆبوونەوەیەکی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو لەلایەن هەندێ رۆژنامەو گۆڤار وەک هەڵوێست وەرگرتن لە دژی پەسەندکردنی دەستوور! . هەندێ لە بەرپرس وکارمەندانی ئەو راگەیاندنانە لە رۆژئاوا ژیاون یان بەسەردان ئەوێیان دیتووە، حەزدەکەم نموونەی یەک رۆژنامە و گۆڤاری وڵاتانی رۆژئاوام بۆ بێننەوە لە سەر پرسێکی وەک دەستوور یان هەر پرسێکی سیاسی دیکە هەڵوێستی وەرگرتبێت، ئەم هەڵوێست وەرگرتنە مەگەر تەنها میدیا چەپ و کۆمۆنیستەکان بیکەن دەنا هەرگیز ئەوە کاری راگەیاندنێکی پرۆفیشناڵ و سەربەخۆ نییە. ئەوان دەیانتوانی لە کۆبوونەوەکەدا بە پرسیارکردن لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵوێستی خۆیان نیشاندابا نەک بایکۆتکردن.

خاڵێکی دیکە کە میدیای کوردی زۆر تێیدا بەهەڵەداچووە، ئەوەیە کە پێیان ئاساییە بە پارە ریکلام بۆ پارت ولایەنێکی سیاسی بکەن. لە رۆژنامەگەری پێشکەوتووی دنیادا هیچ رۆژنامەیەک ئامادەنییە راستەوخۆ بە خەڵک بڵێت دەنگ بە فلان لیستە بدەن، ئیدی با بەناوی ریکلامیشەوە بێت. ماوەیەک لەمەوبەر چاوپێکەوتنێکی ئەندرۆ رۆزنتال بەرپرسی بەشی بیروبۆچوونی رۆژنامەی نیویۆرک تایمزم خوێندەوە کە گوتبووی لە لاپەڕەی بۆچوونیشدا ئێمە ئامادەنین چەپڵە بۆ هیچ کەسێک لێبدەین.

هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بە ئاشکرا پێیگوتین لە کوردستان ئەگەر ئازادی رۆژنامەوانیش هەبێت، بەڵام هیچ میدیایەکی ئازاد و سەربەخۆ نییە و ئیدی هەرگیز دروست نییە کەس ئەو پروپاگەندەیە بکات، ئەوان دەکرێ تەنها وەک میدیای ناحیزبی پێناسە بکرێن.






حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

# نەخێر سبەینێمان مسۆگەر نییە

راستە ئەمڕۆ رێژەی هەژاری و نەداری و برسێتی لە کوردستاندا، زۆر لەو رۆژگارە کەمترە کە کورد چ بازنەیەکی پاراستنی سەر و ماڵی خۆی نەبوو و ئەوەش راستە خەڵکی، کاتی خۆی بە پەرۆشی پاروە نانێکەوە بوو، بەڵام ئێستا بە پەرۆشی دوامۆدێلی ئۆتۆمبیلەوەیە و بیر لە خانووی جوان و فرەژنی (!!) و حەج و عومرە و سەفەر و خۆراکی باشترین رێستۆرانت دەکاتەوە. من قسەم لە سەر زۆرینەیە و زۆرینەی کورد لە باشووردا، گوزەرانیان لە جاران زۆر باشترە با هۆکاری بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەرانیان بێ بەرهەمیش بێ. لە سەردەمی سەددام و بەعسدا، لە لایەکەوە نەداری و هەژاری لە کورد بار بوون و لە لایەکی دیکەوە بەسەربردنی رۆژێکی ژیان بۆ هەر تاکێکی کورد دەستکەوتبوو چونکە مەترسییەکانی بەعس وەک تیغەکەی دێموکلیس بە دیار سەری هەموو کوردێکەوە بوو: ئێستا نا، نەختێکی دیکە دەمکوژێ!

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو خۆراک و کەلوپەل و دەرمانێک، کە دەگاتە کوردستان و بە سەر ئەو خەڵکە تێروتەسەلەدا دابەش دەکرێ، بە بۆچوونی من ئەو ژەهرەیە کە بە سەر هەڵەبجەدا داباری، ئەگەرچی کاریگەری ژەهرەکەی هەڵەبجە کتوپڕ و دەمودەست بوو و ئەمەیان درێژخایەنە. لە سەردەمی بەعسدا، یەک هەڵەبجەمان هەبوو، بەڵام ئێستا هەموو کوردستان هەڵەبجەیە و هەموو کوردێک وەک هەڵەبجەییەکان لە ژێر کاریگەری ژەهر و کیمیاباراندان و عەلی کیمیاویش نەناسراو و نادیارە. جەڵتەی دڵ و دەماخ وەک تەڵاق و پەتای تاعوون بە ناو خەڵکی کوردستاندا بڵاوبووەتەوە و یەک بە دوای یەکدا ئەو خەڵکە تێروتەسەلە دەکوژێ. ئەگەر سەد لۆری لە خۆراک و دەرمانی ژەهراوی تێپەڕێتە ناو ئەو پارچەیەی کوردستان کە پێی دەڵێن هەرێم، رەنگە لۆرییەکیان بۆ رێکلامکردن دەستگیر بکرێ: پۆلیس نەنوستووە! تەندروستی هاووڵاتیان مەترسی لە سەر نییە! چاودێریی جۆری - کواڵیتی کۆنترۆڵ. کۆنترۆڵی بازرگانی و خەتەکانی بازرگانی کردووە!

لە لایەکی دیکەوە، وڵاتانی دەوروبەر، بە حکوومەتەکەی بەغداشەوە کە گوایە لەگەڵیاندا شەریکین هەر ئەوەندەیان پێدەوێ لە سەر ئەوە پێکبێن رێ لەو خۆراکە ژەهراوییانە بگرن کە دەهێنرێنە کوردستانەوە تا وامان لێ بکەن وەک پڵنگەکەی زەکەریا تامر فێری گیاخواردن بین و دەست لە خەسڵەتی کوردبوون و خواستی ئازادی بەربدەین و کەرکووکیش هەر قابیلی خۆیانە. هەر ئەوەندەیان پێدەوێ بیانوویەک بدۆزنەوە و ئەو پارەیەی بۆ کورد دەنێردرێ کە رێژەیەکی کەمی نەبێ هەمووی قووت دەدرێ، دوابخەن تا ئەوەی ئەمڕۆ (پێشمەرگە!)یە سبەینێ ببێ بە سەحوە و ببێتە هەڕەشەی راستەوخۆ لە سەر چارەنووسی کورد.

لە بری ئەوەی بە چاولێکەری بەرپرسان خەمی دوامۆدێلی ئۆتۆمبێلمان بێ، دەبێ خەمی ئەوەمان بێ برکە تەماتەیەک لە ماڵەکانماندا بڕوێنین و مشتێ گەنم لە بەراوی چڵکاوی ماڵەکەماندا تۆو بکەین تا داخستنی سنوور و پارەبڕین وامان لێ نەکەن بە دوو سێ رۆژ یەکتر بخۆین. سیاسەتمەدارانی کورد هەڵەی مێژوویی دەکەن و هەرگیز لێخۆشبوونی مێژوو و نەوەکانی داهاتوو، ئەگەر رێیان بدرێ بێنە دنیاوە، نایانگرێتەوە و گەورە و بچووکیان دەبنە (کنوت هامسن)ی نەرویجی کە بە هۆی پشتگیرییەوە لە نازییەکان، وێنەکەشی قەدەخە کرا.

ئەو پارەیەی کە، بۆ نموونە، لە بری مێشپاسکردن لە خۆی و دانیشتنی بەر سێبەر بە بەرپرسێک دەدرێ، دەبوو لە بری ئەوە پێی بدرێ خزمەتی دوو بنە پەتاتە و سەوزکردنی چوار مەتری چوارگۆشەی زەوی پێی بدرێ تا سبەینێی خۆی لەو مەترسییە بپارێزێ کە لە بەر دەرگاکەیەتی. چەکداربوونی گەنجی کورد بۆ ئەوەبێ بیر لە سبەینێی خۆی نەکاتەوە، پیلانە و لێی دەکرێ و ئەمڕۆ هەموو کورد پیلانی لێدەکرێ.

خەڵکی کوردستان ئەوەندە (ئەمڕۆ) سەرقاڵی بە دەستهێنانی پارە و ئۆتۆمبیلە، لە بیری نییە سبەینێ چی بەسەر دێ. شۆڤێنییەکان لە کەرکووک قەسابخانەیەکیان بۆ کورد بەرپا کرد، کەچی کورد، نە خەتێکی رەشی بە شاشەی تەلەڤزیۆنەکەیدا هێنا نە ئەوەندە باسی کرد.. وەک هەر کەناڵێکی ئاسمانی بێگانە، هەواڵەکەی گەیاندە هاووڵاتیان و قوونی نایە بان دەرپێکەیەوە و لێی دانیشت. ئاخر کڵۆڵ! ئەمڕۆ شۆڕیجەی کەرکووکیان کردە قەسابخانە، سبەینێ سنووری قەسابەکان دەگاتە بەر لووتی تۆش! ئایا کەسێک سبەینێ حوکمی کوشتنی جێبەجێ بکرێ، بیر لە چی دەکاتەوە؟! ئۆتۆمبێل و فرەژنی و سبووخی لاجانگ و سمێڵ؟! ئێمە سبەینێمان مسۆگەر نییە و سەری خۆمان بەوە گەرم کردووە ئاخۆ دەسەڵاتی ئەو سبەینێیە لە دەستی کێدا دەبێ!

لەگەڵ ئەو هەژاری و نەداری و ترسولەرزەشدا کە سەرتاپای کورد و بست بە بستی کوردستانی گرتبووەوە و هەموو پەنا شاخێکیش وەک ئێستای کەرکوک لە دەست چووبوو وکەوتبووە بن دەسەڵاتی بەعسەوە، بەڵام هیچ کوردێک نەبوو بۆ سەددامی مۆرکردبێ ئەو پەنا شاخانە بە ژمارەیەکی وەک 140 بخاتە سەر مێزی قومار. بەعس کوردی نەخستە گۆشەیەکەوە ناچار بێ دەنگ بۆ عیراقیبوونی خۆی بدا، بەڵام لە سێبەری ئاڵای کوردستاندا دەنگمان دا عێراقی بین و وێنەی شێخ مەحموودی مەلیکیش بەرزدەکەینەوە، کە هەرچی ویستبێ نەیویستووە عێراقی بێ! ئەمڕۆی کوردستان و کورد، بە بۆچوونی من، لەو سەردەمە مەترسیدارترە کە سەددام حوکمی دەکردین، چونکە ئەو دەمە هەرچیمان دەکرد بە زۆرەملێ پێمان دەکرا و ئێستا هەرچی دەکەین بە ئارەزووی خۆمان دەیکەین.. کاتی خۆی بە زۆر کرابووین بە عێراقی، بەڵام ئێستا بە دەنگدان بووین بە عێراقی!

دەستخۆش! چیترتان بە دەستەوە ماوە ئەنجامی بدەن؟! بە حوکمی دەستووری خۆمان بمانکەنە عێراقی؟!.. دڵنیام ئەوەش دەکەن!



هێمن عەبدوڵڵا- هۆڵەندا
hemn_abdulla@hotmail.com

# ببوورن بەڵام لەبیر مەکەن

ئەو رۆژانە لای دۆستێکی ئازیز گلەییم لە هاوڕێیەکی دیکە دەکرد. ئەویش رستەیەکی ناو نامەیەکی ئاشقانەی جبران خەلیل جبرانی بیرهێنامەوە کە تێیدا پاش گلەییکردن لە یارە ئەمریکییەکەی بۆی دەنووسێ: هەرچەندە زۆر ئازارتداوم، بەڵام من بەرگە دەگرم. چونکە ئەگەر ئاسمانێکی بێ تاووساوم بوێت دەبێ جارجارە چاوەڕێی هەورە تروسکەش بم. من پێشتر کتێبی (پەیامبەر)ی جبرانم خوێندبووەوە، راستییەکەیشی ئەو کتێبە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دانابووم، بەڵام نامە ئەڤینداریيەکانی جبران کە نڤیسەڤانی ناسراو پاولۆ کۆوێلهۆ بە زمانە سادەکەی و شێوازە پاراوەکەی خۆی سەرلەنوێ نووسیبوونیەوە دنیایەکی زۆر جیاتری بە روودا کردمەوە.

ناسکیی جبران لەوەدایە کە لە هەموو شتێکدا پێشترێ لایەنە جوانەکانی دیتووە. هاوکات هەندێکجار رستەکانی هێندە جوان نووسیون کە ئەوانەی دەیخوێننەوە بە هۆی جادووی وشەکانییەوە تووشی زیاد لە پێویست خۆشبین بوون دەبن.

بیرکەوتنەوەی ئەوەی کە ئەو نووسەرە لە بەر خۆشەویستیی ئاسمانێکی شین هەورە بروسکەیشی ویستووە وای لە من کرد کە ئەو رۆژانە زەینم بە لای باسێکی کۆنتردا بچێت کە ماوەیەک زۆر بە خۆیەوە مژوولی کردبووم.

لە ئینگلیزیدا دوو وشە هەن کە زۆر لێکدەچن: ئەوانیش لێبووردن و لەبیرکردنن (فۆرگیڤینگ و فۆرگێتینگ). ئەوەی یەکەمیان خەسڵەتێکی بەرزی مرۆڤان و هەندێک بوونەوەری دیکەیە و ئەوەی بتوانێت هەیبێت خۆشبەختە. لێ ئەوی دووەمیان هەرچەندە پێویستە، بەڵام زۆرجار نیشانەی سادەدڵی و تێنەگەیشتنە. بۆ نموونە کەسێک کە هەڵەیەک دەکات وا باشە لێی ببووردرێ، بەڵام لەبیرکردنی ئەوەی کە کەسەکە هەڵەی کردووە کارێکی راست نییە.

کاتێک لە ساڵانی حەفتای سەدەی رابردوودا سەرکردە سەربازییەکانی پورتوگال بڕیاری ئەنجامدانی کودەتایەک دەدەن دژی سەرۆکی ئەو کاتەی وڵاتەکەیان، کارێکی زۆر لەسەر ئەوە دەکەن کە پلانەکەیان بە شێوەیەک بێت کە هەموو شتێک لە کات و ساتی خۆیدا بەڕێوەبچێت. کودەتاچییەکان باشدەزانن کە رەنگە بچووکترین هەڵە یان دواکەوتن ببێتە هۆی سەرنەکەوتنی پلانەکانیان. بۆیەش کە رۆژی ئەنجامدانی کودەتاکە بە تانکەکانیانەوە بەرەو کۆشکی کۆماری دەچن، هەموویان خێرا لێدەخوڕن. بەڵام ئەوەی هەمووان سەرسام دەکات راوەستانی لەناکاوی تانکەکانە لە پێش ترافیکلایتێکدا کە گڵۆپەکەی سوورە. ئەوکاتی کودەتاکە سەردەکەوێ چیرۆکی ئەو رێزگرتنە لە یاساکانی هاتووچۆ، تەنانەت لە کاتی کودەتاکردنیشدا، دەگاتە بەرگوێی کەم کەس. لێ ماوەیەک پێش ئێستا یەکێک لە کۆنە ژەنەڕاڵە بەشدارەکان بە پێکەنینەوە بۆرۆژنامەڤانێکی بەلجیکی دەگێڕایەوە کە: " ئێمە ئەوێ رۆژێ بۆیە لەبەردەم ترافیکلایتەکەدا راوەستاین، چونکە دەمانزانی دواتر گەل ئەو سەرپێچییەمان لەبیرناکات" . واتە ژەنەڕاڵەکانی ئەوێ رۆژێ دەیانزانی کە گەل رەنگە لێیاندەبووری لەسەر هەڵەیەکی بچووک، بەڵام لە بیرکردن ئاسان نییە.

لە دوو سەد ساڵی رابردووی مێژووی کوردانیشدا ئەو چیرۆکی لەبیرکردنە لە جیاتی لێبووردن یەکجار زۆرن. گەلی ئێمە تەنێ لە بەرامبەر دوژمن و داگیرکەرانی وڵاتەکەیدا نا، بەڵکو بەرامبەر دەسەڵاتدارانی خۆماڵیشی هەمیشە لەجیاتی لێبووردە بێ لەبیرکەر بووە. هەقە لەمەودوا وانەبێت.



مەریوان حەمەسەعید - ئەمریکا
mariwanh@gmail.com

# خۆشحاڵییەک بە ترسەوە

پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان بە هەر پێوەرێک سەیربکرێت رووداوێکی سەرنجراکێشە، چونکە جیاواز لە هەر هەڵبژاردنێکی پێشوو (جگە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ساڵی 1992)، رەنگە ئەمە یەکەمین جاربێت کە پێشبرکێی توند لەنێوان لایەنە بەشداربووەکاندا لە کوردستاندا دەکرێت. بوونی لایەنی جیاوازی بەهێز و پێشبرکێی توند لە نێو لایەنەکاندا، بە بۆچوونی من، جەوهەری هەڵبژاردنە، ئەگینا پرۆسەکە دەبێتە راپرسی قبوڵکردن یان رەتکردنەوەی لایەنێکی باڵادەست. پرۆسەی هەڵمەتی هەڵبژاردن کە ماوەی دوو هەفتەیە دەستی پێکردووە تائێستا، سەرباری هەموو ئەو تۆمەتانەی کە لایەنەکان ئاراستەی یەکتری دەکەن لەسەر پێشێلکاریەکان، بەگشتی جێگەی دڵخۆشییە.

ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە ئەوەیە کە لایەنە رکابەرەکان پەنا بۆ یاسا دەبەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. بۆ نموونە رۆژانە میدیاکان هەواڵ بڵاودەکەنەوە سەبارەت بەوەی کە لیستەکان داوای یاسایی دژ بەیەکتر تۆماردەکەن. هەرچییەک رووبدات ئاساییە، گرنگ ئەوەیە نەگاتە ئاستی توندوتیژی. بەپێچەوانەی هەندێ خەڵک کە پێیانوایە دەبێ پرۆسەکە بەخاوێنی بەڕێوەبچێت لەبەرخاتری نێوبانگی کورد لەدەرەوە، من پێموایە کە دەبێت پرۆسەکە بەخاوێنی و بێ توندوتیژی بەڕێوەبچێت لەبەر خاتری کوردانی ناوەوەی وڵات، چونکە ئەوان بەرهەمهێنی ئەم پرۆسەیەن و ئەوانیش بۆ ماوەی چوار ساڵی دیکە بەرهەمی ئەم هەڵبژاردنە دەچنەوە.

بمانەوێت یان نا، پێشێلکاری لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا دەکرێت، بۆیە گرنگترین شت بریتییە لە وەڵامدانەوە یان کاردانەوە بەو رێگایانەی کە یاسا رێگەی پێداون. لە هەر هەڵبژاردنێکدا ئەگەر لایەنی رکابەری بەهێز هەبوو ئەوا هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیش گڕوتینیان تێدەکەوێت. لە هەندێ حاڵەتدا رەنگە حەماسەتی لایەنگران بگاتە ئەوەی کە پۆستەری یەکتری بدڕێنن و کاری نەشیاوی دیکەش بکەن. بۆ نمونە لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکادا پێشبڕکێی نێوان دیموکرات و کۆماریخوازەکان ئەوەندە توندبوو کە زۆر کەس ترسی روودانی توندوتیژیان هەبوو. لایەنگرانی ئەو دوو پارتە لە دەیان ناوچەی ئەمریکا پۆستەری یەکتریان دەدڕاندو لایەنگرانی یەکتریان بێزاردەکردو تەنانەت سەیارەی یەکتریان دەڕووشاندو رۆژانە لە تەلەڤزیۆن و میدیاکانەوە پەلاماری یەکتریان دەداو چەندین تۆمەتیان بۆ یەکتری دروستدەکرد، بەڵام ئەو کارانە هیچان نەبوونە هۆی شکست پێهێنانی پرۆسەکە.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا بە دڵی هەموو کەسێک نەبوو: ئێستاش سەدان هەزار کۆماریخواز هەن کە چاویان بە بینینی باراک ئۆباما هەڵنایە، بەڵام ئەوە باجێکە کە دەبێت لەپێناو نەریتی دیموکراتیدا بیدەن. هەروەها دڵنیان کە چوار ساڵیتر هەڵبژاردن دەکرێتەوەو بەو ئومێدەوە دەژین کە سەرۆکێکی کۆماریخواز هەڵبژێردرێت.

هەرچەند خولەکێک پاش راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، جۆن مەکینی شکستخواردوو، هاتە سەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان و پیرۆزبایی و پشتگیری خۆی بۆ ئۆباما دەربڕی.

بێگومان هەر ئەندامێکی کۆمەڵگەی کوردی کارەساتەکانی شەڕی ناوخۆی دیبێت، رەنگە بە نهێنی یان بە ئاشکرا ترسی لە دەرەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنانە هەبێت. منیش وەک یەکێک لەو کەسانە ناتوانم ترسی خۆم بشارمەوە لە خەیاڵە درێوەکانی پاش هەڵبژاردن کە جارە جار وەک شەپۆلێکی رەش بە خەیاڵمدا دێن. بۆیە سات بە سات دەژمێرم هەتا ئاوابوونی خۆر لە رۆژی هەڵبژاردندا بەبێ کێشەیەکی وا کە گیانی هیچ کەسێک بخاتە مەترسییەوە . بێگومان ئەرکی هەرە گەورەی نیشتمانی لیستە بەشداربووەکان لە دوای راگەیاندنی ئەنجامەکانەوە دەستپێدەکات، بەوەی کە ئەنجامەکانی قبوڵبکەن، بەتایبەت ئەو لایەنانەی کە هەڵبژاردنەکان نابەنەوە، لایەنگرانیان دڵنیابکەنەوە کە کۆتایی دنیا نییەو چوار ساڵی دیکە هەلێکی دیکەیان لەبەردەستدا دەبێت بۆ هەڵبژاردن.

# ژنان حەزیان لە لیستی سەربەخۆیە

**رووداو-ئیلاف**

لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا، ژمارەیەک ژنی عێراق دەیانەوێ لیستێکی تایبەتی خۆیان دروستبکەن و خۆیان لە پاشکۆیەتی حیزبە پیاو سەرکردەکان و لایەنە گەورەکان رزگار بکـەن. پەرلەمانتار جینان عوبەیدی رایگەیاند، کـە لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقدا هەوڵی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ سەلماندنی خۆیان. بەبڕوای ئەسما دلێمی، پەرلەمانتاری سەر بە لیستی تەوافوق لیستی سەربەخۆی ژنان هەنگاوێکی گونجاو نییە. بەڵام پەرلەمانتاری سەربەخۆ شەزا مووســەوی، بێ هیوایە و دەڵێ "دەنگدەری عێراقی ژن هەڵنابژێرێت". بەپێی ئامارێکـی نافەرمـی، ژمـارەی ئافرەتـان لە پەرلەمانـی عێراق 71 پەرلەمانتـارە لە کۆی 275 ئەندام.



11 »

# عەزیز وەیسی دەچێتە بەرنامەی بەرنامە

**رووداو-سلێمانی**

نەرمین قادر، لە ستافی بەرنامەی بەرنامە رایگەیاند کە لەمەودوا گۆرانیبێژ عەزیز وەیسی وەکو ئەکتەرێک بەشـداری بەرنامەی بەرنامـە دەکات. نەرمین لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "عەزیز وەیسی داوای لەکاک بەرزان کردووە کە لەبەرنامەی بەرنامە کاربکات و کاک بەرزانیش قبوڵی کردووە". نەرمین گوتیشی "عەزیز وەیسی زۆر حەز دەکات لە بەرنامەی بەرنامـە کاربکات و بـە بەردەوامیش سـەیری ئەو بەرنامەیە دەکات، لە بەرنامـەی داهاتـووەوە کارمان لەگەڵ دەکات". لەماوەی رابردوودا ستافی بەرنامەی بەرنامە درزی تێکەوت، ئێستا بەیەک باڵی هاتووەتـەوە سـەر شاشە.



8 »

# وازی لێ بێنی ژنت بۆ دێنن

**رووداو- ئینروز**

دەسـتەیەکی خێرخواز لە ریازی پایتەختی سـعودیە، بیرۆکەیەکی تازەی داهێنا بۆ هاندانی گەنجانی ئەو وڵاتە بۆ وازهێنان لەجگەرەکێشان، ئەویش بەوەی هەرکەسێک واز لە جگەرەکێشان بێنێت لەسەر ئەرکی ئەو دەستەیە ژنێکی بۆ دێنن.

دەستەکە ئەو بیرۆکەیان لە رێگەی لافیتە بە شەقامەکانی ریازدا بڵاوکردەوەو لەسەریان نووسیوە "واز هێنانی جگەرە لەسەر تۆیەو ژنهێنانەکەش لەسەر ئەرکی ئێمەیە". ئەو بیرۆکەیە لەنێو گەنجانی سـعودیەدا پێشـوازییەکی زۆری لێکـرا، تەنانەت ژمارەیەک گەنـج کە جگەرەکێش نەبوون ئامادەبوون بۆ ماوەیەک جگەرەبکێشـنو دواتر وازی لێ بێنن لەو پێناوەدا. ئەو دەستەیە ئاماژە بەوە دەکات ئەو کەسەی بەشداری لە پرۆسـەکەدا دەکات، پێوسـتە پاش 7 رۆژ لـە وازهێنان لە جگەرەکێشان پێوەندیان پێوە بکات و دواتر لە تیروپشکێکدا نێوی 20 بەشـداربوو ئاشکرا دەکرێت و جیا لەوەی هێنانی ژنەکەی لەسەر ئەرکی ئەو دەستەیە هەموو پێکهاتەی ماڵەکەشی بۆ دەکرن.




Rûdaw

خاوەنی ئیمتیاز : کۆمپانیای رووداو

سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

سەرنووسەر : ئاکۆ محەممە akopress74@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین : ساڵح قاد rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هی himmati@rudaw.net

نوێنەری ئەوروپا . هێمن عەبدوڵا hemnabdulla@rudaw.net

دیزاین : عەبدوڵڵا رەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی | Tel: 0750 488 5696 | rudaw@rudaw.net | www.rudaw.net


# باڵیۆزێکی کورد دەڵێ دەزانم قسەم پێدەڵێن بەڵام هەر دەیڵێم

**رووداو-هۆڵەندا**

سـیامەند بەننا، باڵیۆزی عێراق لە هۆڵەندا بە (رووداو)ی راگەیاند حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێ پەناخوازانی عێراق وەرنەگرێتەوە "چونکە بەپێـی رێککەوتننامە نێودەوڵەتییـەکان ئەوانە هاووڵاتـی عێراقیـن و کوردسـتان مەجبـوورە وەریانگرێتەوە".

سیامەند بەننا لەو باوەڕەدایە کە گرفتی سەرەکی گەلی کورد گەندەڵی و ئەوشـتانە نییە "کێشـەی مەزن نەبوونی قەوارەیەکە"، ئەو بەلایەوە ئاساییە کـە قوتابییەک یـان گەنجێگ برژێتە سـەرجادە خۆپیشـاندان بکەن و داوای زیاتـر و زیاتر بکەن "بەڵام ئەگەر کەسێک کە زۆرتر لە چەند دەیەیەک پێشمەرگە بووەو بەشـداریی لە بڕیاری سیاسیدا کردووە بێت و بیرۆکەی وەک سیاسییەکانی سوێد باس بکات زۆرم پێ عەنتیکەیە".

کە بابەتی پەناخوازان لەگەڵ بەننادا دەوروژێنی، ئەو یەکسەر دەڵێت "هەرچەندە دەزانم زۆر قسەشم پێدەگوترێ، بەڵام ئەوە دەڵێم کە پێموایە حکومەتی کوردستان ناتوانێت بڵێت ئەوپەناخوازانە وەرناگرمەوە. چونکە بەپێـی هەموو رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان ئەوانـە هاووڵاتی عێراقین و کوردسـتان مەجبوورە وەریانگرێتەوە"، گوتیشـی "لە ماوەی رابردوودا هەر گوتیـان وەریانناگرینەوە تا وای لێهات پەنابەران لە رێگەی بەغداوە نێردرانەوە. واتە کوردسـتان هیچی لەو ناوەندەدا بۆ نەمایەوە".



9 »

# بوش کردی و ئاراس خواردی

**رووداو-نیویۆرک تایمز**

نانەوایەکـی کورد دوای شـەڕی عێراق لە رێگەی گرتنـەوەی کۆنتراکەکانی سـوپای ئەمریکا دەبێتە ملیۆنێر و بڕی 50هەزار دۆلار لە ئاهەنگی شـەوێک خەرج دەکات. کاتژمێری ئاڵتونیش نەبێت لەدەست نـاکات، دوو تـاوس و کۆمەڵێـک ئاژەڵی کێوی لە ماڵەکـەی دووەمـی لە گەڕەکی مەنسـور لە بەغدا راگرتووە، کە تێیدا پێشوازی لە میوانەکانی دەکات.

ئاراس موحسـین، کوردە، بەڵام لە بەغدا گەورە بووە و خەڵکێکی زۆر لە شیعە و سوننە دەناسێ. بە شانازییەوە بە رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی راگەیاند" چوار ئۆتومبێلم هەیە و نرخی لاندکروزەرەکەشم 80 هەزار دۆلارە".

ئاراس، کە بەر لەشەڕی عێراق لە نانەواخانەیەکی بەغدا شـەوی خستووەتە سەر رۆژ بۆ ئەوەی بژێوی خۆی پەیدا بکات، لەساڵی 2006 وەکو وەرگێڕ لەگەڵ سوپای ئەمەریکا دەستی بە کارکردن کردووە. دواتر لە بارەگایەکی سەربازی ئەمریکا لە دەرەوەی شاری بەغدا یارمەتی ئەمریکییەکانی داوە بۆ دەستگیرکردنی تونـدڕەوەکان و لەو بارەیەوە ئـاراس گوتی " ئێمە لەگەڵ سـەرکردەیەکی قاعیدە لە عێراق رێککەوتین بەوەی کە ئەوان هیچ زیانێک بەو بنکانە نەگەیێنن و لە بەرامبەریشدا بەشێک لە قازانجەکە بۆ ئەوان بێت".

بـەڵام کاتێـک پرۆژەکە تەواوبوو، ئـاراس ناوی سەرکردەکەی قاعیدەی دایە ئەمریکییەکان و ئەوانیش دەسـتگیریان کرد و هەموو قازانجەکەشی بۆ خۆی هەڵگرت کە بەقسەی خۆی 350 هەزار دۆلاربوو.

دوای ئەوەی گرێبەسـتێکی یـەک ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە بەمەبەستی لابردنی ئەو خۆڵ و خاشاکەی لە دەرەوەی شـاری فەللوجە کۆببووەوە، دواتر بۆی دەرکـەوت کە ئەو شـتانەی ئەمریکییەکان بە خۆڵ تەماشـایان کردبوو، بریتی بوون لە مۆلیدە، کێبڵ، سپلیت و قەنەفە و هەمووشیان بەکەڵک بوون و زۆر کۆن نەببوون و ئەویش هەموویانی فرۆشـتبووەوە. هەروەها لەچەنـد پرۆژەیەکی دیکەش لە ئەبوغرێب و شـوێنەکانی دیکـە زۆر قازانجی کـردووە لەگەڵ ئەمریکییـەکان. ئـاراس دەڵـێ" حەزم لـە ژیانی مەترسییە".







# با دەنگ بدەین ..

## لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان- عێراق ٢٥ی تەمووزی ٢٠٠٩

کۆمیسیۆنی باڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، دەستەیەکی پیشـەیی فەرمی سـەربەخۆو بێ لایەنە ، کەسـایەتییەکی مەعنـەوی هەیە، لە ژێر دەسـەڵاتی چاودێـری ئەنجومەنی نوێنەراندایە، هەموو ئەو دەسـەڵاتانەی کـە پەیوەندییان بە کاروبـاری هەڵبژاردنـەکان و رێکخسـتن و گرێنتی جێبەجێ کردنیان بە شێوەیەکی یەکسانی و پاکژ ( نزیهە) هەیە.

هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

بـە پێی قانونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردسـتانی عێـراق ژمارە (١)ی سـاڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو، هەروەها بە پێـی قانونی سـەرۆکایەتی هەرێمی کوردسـتانی عێراق ژمارە (١)ی سـاڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو، کۆمیسـیۆنی باڵا کرداری هەڵبژاردنی پەرلەمان و سـەرۆکی هەرێمی کوردستان لـە ٢٥ی تەمووزی ٢٠٠٩ رێکدەخات، لەو بارەوە چەند پەیڕەو و رێوشـوێنێکی دەرکردووە کە هەڵبژاردنەکە رێک دەخات و پاکی پرۆسەی هەڵبژارنەکەش دەپارێزێت.

### یەک بازنەی هەڵبژاردن

بە پێی ئەو یاسایانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا هەرێمی کوردستان بەیەک بازنەی هەڵبژاردن دادەنرێت.پشت بە لیستی داخراو بەستراوە بۆ هەڵبژاردنی پاڵێوراوان لە رێگای دەنگدان لەسەر قەوارە سیاسـی هاوپەیمانە بەشدارەکان کە ژمارەیان دەگاتە (٢٤) قەوارە و هاوپەیمانی ، ئەوانە کێبڕکێ لەسـەر (١١١) کورسی دەکەن کە (١١) لەو کورسیانە بۆ پێکهاتەکانە (٥)ی لەوانەش بۆ هەر یەک لە پێکهاتەی (ئاشووری سریان کلدان وتورکمانە ) یەک کورسـیش بۆ (ئەرمەنە) سـەرەڕای بوونی (٥) پاڵێوراو بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم.

### مافی هەڵبژاردن

هەر هاووڵاتیەکی هەرێمی کوردسـتانی عێراق چ نێر چ مێ، بە مەرجێک کە هەژدە ساڵی تەمەنیان تەواو کردبێت و ناویان لە تۆماری دەنگدەراندا هەبێ مافی دەنگدانی هەیە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانـی پەرلەمان، ئەوانە لە هەمـان کاتدا دەتوانن دەنگ بۆ هەڵبژاردنی سـەرۆکی هەرێم بدەن، ئەوانەی ئەو مافەیان پێدراوە بەسـەر (١١٥٠) بنکەی دەنگداندا دابەشـکراون بە گوێـرەی بریکاری خـۆراک و ئەو زانیاریانـەی کە لەماوەی نوێکردنەوەی تۆماری سـەرەتایی دەنگدەران تۆمارکراون کە لە ماوەی (٢٥) ئایاری (٢٠٠٩) تاوەکو ١٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ بەڕێوەچوو . بنکەی دەنگدان لە یەک وێستگەی دەنگدان یان زیاتـر پێکدێت کە ژمارەیان دەگاتە (٥٣٠٠) وێسـتگە و هەر وێستگەیەک خزمەتی نزیکەی (٥٠٠) دەنگدەر دەکات.

هەلی هەڵبژاردنی نوێنەرت لە هەڵبژاردنەکان لەدەست مەدە

### ناسینی بنکەی دەنگدان

لـە نزیـک بنکەکاندا لافیتەی رێ نیشـاندەر هەن ، بە هۆی ئـەو لافیتانەوە دەنگدەر دەتوانێ بنکەی دەنگدانی تایبەت بە خۆی بزانێت، هەروەها وێسـتگەکانی دەنگدان بە پێی پیتی ئەلفوبـێ دەنگدەر رێکخراون، هەر وێسـتگەیەک پیتێک یان چەند پیتێکـی تێدایە،دەنگدەر دەتوانێ بە خۆڕایی لە رێگای (ئاسـیا سێل) ژمارە (٧٧٧٧) یان (کۆرەک) ژمارە (٢٠٢٠) پەیوەندی بکات بۆ هەر پرسـیارێک و سۆراخی ناوی خۆی و ناونیشانی بنکەکانی دەنگدان .

### بەڵگەی نامەکانی دەنگدەر لە رۆژی دەنگداندا

پێویستە لە رۆژی دەنگداندا، دەنگدەر بەڵگەنامەیەکی فەرمی کارپێکراو پێشکەش بکات کە وێنەی فوتۆگرافی لەسەر بێت، وەک:

١. ناسنانەی باری شارستانی.
٢. رەگەزنامەی عێراقی.
٣. پاسپۆرت.
٤. ناسنامەی خانەنشینی
٥.بەڵگەنامەی دەرچوون
٤. بەڵگەنامـە نێودەوڵەتیەکانیـش وەردەگیرێـن : وەکـو بەڵگەنامـەی پەنابـەری کـە لـە رێکخـراوی نەتەوەیـە یەکگرتووەکانـەوە دەرچووبێ یان بەڵگەنامـەی دەرچوو لە رێکخراوی خاچی سوور یان پاسپۆرتی بیانی.

دوای خسـتنەڕووی هەر یەکێک لەم ناسـنامانە، ئینجا دوو کارتی دەنگدانی دەدرێتێ کە یەکێکیان تایبەتە بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردسـتان و دووەمیان تایبەتـە بە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم.

کارتـی یەکەمـی دەنگدان کـە تایبەتـە بـە هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە، ناوی قەوارە سیاسیەکانی لەسەرە کە ریزکراون بـە پێی ئەو ژمارە و زنجیرەییەی بۆیان تەرخانکراوە لە کاتی ئەنجامدانی تیروپشـک، هەروەها کارتی دەنگدانەکە دروشمی قەوارە سیاسیەکانیشی تیایە، لەگەڵ بوونی خانەیەکی بەتاڵ بەرامبەر ناوی قەوارە سیاسـیەکە کە تەرخانکراوە بۆ دانانی نیشانەی دەنگدان (راست)تیایدا.

(ئامادەکردنـی بەڵگەنامـە فەرمیەکان بەشـداریکردنت لە دەنگدان دەستەبەر دەکات)

### تێبینیێکی گرنگ

ناوی ئەو قەوارە سیاسـیانەی کـە نوێنەرایەتی پێکهاتەکانی کلدان سریان ئاشـووری و تورکمان و ئەرمەن دەکەن رەنگی تایبەتیـان دەبێـت لە کارتـی دەنگدان بە شـێوەیەک هەر پێکهاتەیـەک لـەو پێکهاتانە رەنگیان بـۆ تەرخان دەکرێت کـە جیای دەکاتەوە لەو قەوارانەی کە نوێنەرایەتی کورسـە گشتیەکان دەکەن.

بـەڵام کارتی دووەمی دەنگدان کە تایبەتـە بە هەڵبژاردنی سـەرۆکی هەرێم نـاوی هەر پێنـج پاڵێوراوەکەی پۆسـتی سەرۆکی هەرێم لەخۆدەگرێت ،لەگەڵ بوونی وێنەیەکی کەسی (شـخصی) هەر پاڵێوراوێک لەگەڵ بوونـی خانەیەکی بەتاڵ بەرامبەر ناوی پاڵێوراوەکە بۆ دانانی نیشانەی دەنگدان ( ✔ ) تیایدا.

### چۆن دەنگدەر دەنگ دەدات؟

کارتەکانی دەنگدانی تایبەت بە پەرلەمان و سـەرۆکی هەرێم لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم وەکو یەکن لەبەرئەوەی هەرێم یەک بازنەی هەڵبژاردنە. ئەو کاتەی دەنگدەر هەر دوو کارتی دەنگدان وەردەگرێـت کە نوشـتێنراونەتەوە و مۆرکراون... دەنگدەر دەنگ دەدات بەو قەوارە سیاسیەی کە هەڵیدەبژێرێت لە رێگای دانانی نیشانەی ( راست ) لەبەردەم خانە بەتاڵەکەی ناوی ئـەو قەوارەیـە ...... بەڵام ئەگـەر هەڵبژاردنەکە بۆ قەوارەیەک لە پێکهاتەکان بوو ئەوا نیشـانەی ( راسـت ) لە بەردەم نـاوی ئەو پێکهاتەیە دادەدنرێت، دوای ئەوە دەتوانێ لە کارتی دووەمی دەنگدان کە تایبەتە بە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم دەنگ بدات بە دانانی نیشـانەی ( راسـت ) لە بەدەم خانە بەتاڵەکەی ناوی پاڵێوراوەکە.

لە حاڵەتێکـدا دەنگدەر ئارەزووی نەبـوو دەنگ بدات بۆی هەیە کارتـی دەنگدانەکە پوچەڵ بکاتەوە یان بە دانانی کارتەکە لە ناو سندوقەکە بێ نیشانەکردنی یان گێڕانەوەی بۆ دابەشکەری کارت کە ئەویش لای خۆیەوە لەسـەری دەنوسـێت (دوورخراوە) و لـەو زەرفەدا دایدەنێت کە بۆ ئەم حاڵەتە تەرخانکراوە.

بنکەکانی دەنگدان لە سەرانسەری کوردستان لە ٨ی بەیانی دەکرێنەوە تاکو ٦ی ئێوارە ٢٥ی تەمووزی ٢٠٠٩

بـۆ زانیاری زیاتـر پەیوەندی بەم ژمـارە خۆڕاییانەی خوارەوە بکە:

٧٧٧٧ ئاسیا سێڵ
٢٠٢٠ کورەک

یان سەردانی پێگەی ئەلیکترۆنی کۆمیسیۆن بکە:
www.ihec.iq

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
www.ihec.iq


